بۆ نشێو

بەرەولوتکە

شیعر: (١٩٩٩– ٢٠١٥)

یاسین جوانپەرست

٢٠١٧

مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: بۆ نشێو بەرەو لوتکە

بابەت: شیعر

نووسینی: یاسین محمد (جوانپەرست)

دیزاینی ناوەوە: فواد کەولۆسی

دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم صالح

شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج

ساڵی چاپ: ٢٠١٧

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ٥٠٠ دانە

"أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ
وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ"

(سورة شعراء: ٢٢٥-٢٢٦)

"كه خەریك شیعری، شیعریش نەگبەتە
ژینی شاعیران خەیلێ زەحمەتە."

(قانع)

ناوەڕۆك

شۆخ و شەنگ ١٧
چارەنووس ٢٠
لە چاوەڕوانی بەیانییەکدا ٢١
فریودان ٢٢
ڕێگەی ژیان ٢٣
مەرگەساتی بەیانییەک ٢٤
زیندان ٢٥
تەمەن ٢٦
خۆشەویستم ٢٨
کانگەی ژەهر ٣٠
هەڵوەرین ٣١
لە ئاستانەی تۆدا ٣٢
دۆزەخ ٣٤
زادەی سرووشتم ٣٥
ناڵەی بولبول ٣٧
سەربەرزیی ٣٩
لەگەڵ هەستەکانمدا ٤١
لە زاری دارستانەوە ٤٤
پاکانە ٤٥
سروشتی خۆشەویستی ٤٦
داری عەشق ٤٧

بۆ کچێکی ڕەشپۆش ٤٨
تریفە ٥١
مانگەکان ٥٢
ئێستاش ئەوسایە ٥٣
ماروپەیژە ٥٥
یەکەم نیگات ٥٦
دەسیسە و دنیای نوێ ٥٨
پەڵە هەورێکی تەنیا ٥٩
سەرچاوەی ئەوین ٦١
ڕێبەری من ٦٣
تۆ ... من ٦٥
سوڕانەوە ٦٦
خاک ٦٧
ستەم ٦٩
درندە و نێچیر ٧١
دۆزەخی عەشق ٧٢
کۆتری سپی ٧٣
شانۆی جیهان ٧٤
خۆڵەمێش ٧٥
ڕەهەندە ٧٦
هیوا ٧٧
بۆ تۆ ٧٨
ژێدەر ٧٩
ساویلکەیی ٨٠

پێنەزان ٨١
بۆ ئێوە ٨٢
سێدارەی سەرۆک ٨٣
خائین ٨٤
بزربوون ٨٦
سرپینەوە ٨٨
تامەزرۆیی ٨٩
دیلی ٩٠
لێک ت ر ا ز ا ن ٩١
بانگەشەی درۆ ٩٢
لە مێژە ٩٣
ڤالانتاین ٩٤
لەدایکبوون ٩٥
مەستبوون ٩٦
کشان ٩٧
لانکەی جیهان ٩٨
کەشتی ژیان ٩٩
سکپڕبوون ١٠٠
ڕۆژەکان ١٠١
باو ١٠٢
چاوەڕوانی ١٠٣
جۆشدان ١٠٤
تۆخبوونەوە ١٠٥
ئاوەژوو ١٠٦

چۆن لێت بگەم ١٠٧
پاڵەوانە خەیاڵییەکان ١٠٨
پلان ١٠٩
سەر و ژێر ١١١
تاکولۆ ١١٢
دڵی مردوو ١١٣
بەربانگ ١١٤
هاودەم ١١٦
ئەستێرەی بەخت ١١٧
تەنیا جارێ ١١٨
ئیرادە ١٢٠
ڕەقیب ١٢١
دابڕان ١٢٢
سەفەر ١٢٣
لەوەتی هەین ١٢٤
پەنجەیەک و دوو ئاماژە ١٢٦
لەقوتوونان ١٢٧
تا وڵاتیش ڕقی لێمە ١٢٨
مەرگ لەپێناوی ئازادیدا ١٣٢
سەرەنجام ١٣٣
چەقۆ ١٣٤
لە ئەنگۆرە تا کازیوە ١٣٥
شۆڕشێکی دیکە ١٣٦
خۆشەویستی ڕۆبۆتەکان ١٣٩

تەوق ١٤٠
گەمارۆ..... ١٤١
خۆشویستنی سەرۆک ١٤٢
کۆترێکی نامەبەر ١٤٥
کۆتری مەرد ١٤٦
تاقیکردنەوە ١٤٨
گوڵ چۆن دەمرێ!..... ١٤٩
بەشکردن ١٥٠
گەڵای مردووی داری تەمەن ١٥١
دووری..... ١٥٢
دوو شاعیر..... ١٥٣
بزەی گزنگ..... ١٥٤
ناونیشان..... ١٥٥
کوشتارگە..... ١٥٦
سۆسیایەدار..... ١٥٧
ترس لە کۆتایی..... ١٦٢
هەڵبەستم ١٦٣
وشەیەکی بودەڵە ١٦٤
کێشمانکێش..... ١٦٥
دواییین قاقا..... ١٦٦
پیاوانی بێ ڕەوشت..... ١٦٧
کاتژمێر ١٦٨
دۆستی درۆ..... ١٦٩
تۆ و گەردوون ١٧٠

زیخەشۆر ١٧١
کیژەکەی سەرجادە ١٧٢
لانەواز ١٧٣
باکم نییە ١٧٤
پریاسکەی نوێ ١٧٥
پاڕانەوە ١٧٦
ئاسمان ١٧٧
کە تۆ دێیت ١٧٨
ئاوڕدانەوە ١٧٩
جیهانی من ئەندێشەیە ١٨٠
خۆزگە ١٨١
چۆن بڵیم ١٨٢
خنکان لە دوو وێنەدا ١٨٣
زمانی جەستە ١٨٤
دیلی تۆ ١٨٥
کیژی ئومێد ١٨٦
تەقینەوە ١٨٧
پاش دابڕان ١٨٨
ئەی کیژی ولاتی گڕ و خۆر ١٨٩
نەبەکام ١٩٠
دوا شیعر ١٩١
ترس ١٩٢
کوا لەنێوان من و تۆدا لێک دابڕان ١٩٣
داگیرکەری نوێ ١٩٥

کات و شوێن ١٩٩
فڕین ٢٠٠
تێکەڵاوبوون ٢٠١
لەبری تۆ..... ٢٠٢
قەندیل ٢٠٣
ڤایرۆس ٢٠٤
شیعری تۆ..... ٢٠٥
تۆران ٢٠٦
هەڵاتن ٢٠٧
ئاودیو..... ٢٠٨
نیشانە ٢٠٩
شیعری من ٢١٠
هەڵوەشانەوە..... ٢١١
بەرخودان..... ٢١٢
ئەی ئیبراهیم ٢١٣
لیژنە ٢١٤
نەپشکووت..... ٢١٥
هات و چوون..... ٢١٦
بۆنکردن ٢١٧
سازش ٢١٨
شاعیر ٢١٩
پرسە ٢٢٠
نەسرەوتن ٢٢٢
ئاوارە ٢٢٣

تاپۆ ٢٢٥
له پاش یەکەم خۆشەویستی ٢٢٦
تارمایی ٢٢٨
مۆڵەت ٢٢٩
لێک ب چ ڕ ا و ٢٣٠
گومان ٢٣١
ڕووگە ٢٣٢
بەبێ من ٢٣٣
دڵ ٢٣٤
گڕ ٢٣٥
هێلانە ٢٣٦
قەدەر ٢٣٧
ئاشکرابوون ٢٣٨
ترس له عەشق ٢٣٩
دڵی مەجنوون ٢٤٠
نازانم ٢٤١
ئاگاداری ٢٤٢
له پاش مەرگت ٢٤٣
خامۆشبوون ٢٤٤
فیداکاری ٢٤٥
ژووان ٢٤٦
شاکار ٢٤٧
سانسۆر ٢٤٨
وەهم ٢٤٩

عەرشێکی نوێ ٢٥٠
کتێبی تەمەن ٢٥١
گیرخواردن ٢٥٢
مەزارگەی دڵ ٢٥٣
سۆز ٢٥٤
دایک ٢٥٥
خورپە ٢٥٦
ژانی نیشتیمان ٢٥٧
عەرش ٢٦١
گۆڕان ٢٦٢
بەخشندەیی ٢٦٣
تاو ٢٦٤
نێرگزیبوون ٢٦٥
شانشین ٢٦٦
گوڵەبەڕۆژە ٢٦٧
ڕازەکانی تاریکی ٢٦٨
ساویلکەیی ٢٧٠
چۆن؟ ٢٧١
قیبلەنوما ٢٧٢
بەگومان ٢٧٣
تەنیا ٢٧٤
سپیبوون ٢٧٥
وتوێژێک ٢٧٦
لاتراسکە ٢٧٧

زوحاک ٢٧٨
مەپرسن ٢٧٩
دەروازە ٢٨٠
برسیی ڕۆح ٢٨١
جاویدانی ٢٨٢
گازەندە ٢٨٣
پارە ٢٨٧
ناشتن ٢٨٧
تەڕاویلکە ٢٨٨
لەگەڵ ئەودا ٢٨٩
ڕێتار ٢٩١
هەنسکەکان ٢٩٢
ڕازی من ٢٩٦
ناتوانم لێت هەڵبێم ٣٠٠
تۆ دەڵێیت ٣٠٣
باڵندەی قەفەزەکە ٣٠٤

بەرکوڵ:

بۆ نشێو بەرەو لوتکە و هۆنراوەکانی پاشکۆی ئەزموونی نزیک بە بیست ساڵی شیعریی منە (١٩٩٩-٢٠١٨). ئەگەرچی هێشتا ماون -ئەوانەی ڕووناکییان نەبینیوە یان بە مەبەست زیندانیم کردون سەرباری ئەوانەی چارەنووسیان سەبەتەی خۆڵ بووە. وا بۆ ساڵێک دەچێت لەسەر ئەرکی خۆم ئەم بەرهەمەم بە چاپ گەیاندووە، جگە لە سەرنجی یەک دوو هاوڕێ، ئافەرین و نەفرینم لە کەسی دی نەبیست. ئەرێ بەڕاست تۆ بڵێیت تا ئێستایش ڕووناکییان بە چاوی خۆیان بینیبێت؟! خەباتی ژێرزەمینییان بە جێ هێشتبێت و کەوتبنە شار و سەر زاری خەڵکی؟ یان نا هێشتایش هەر لەو قۆناغەدان کە خۆبەخۆ دەمخوێندنەوە و ڕەخنە و پێشنیازم لە بارەیانەوە دەخستە ڕوو؟ ئەگەر تۆزێک خۆم ڕابپسکێنم بە هۆش دێمەوە، ئیدی تێدەگەم کە نەک هەر تەنیا خۆم نووسەری [وشە و دێڕەکانم]، بەڵکو هەر تەنیا خۆم تایپێست و هەڵەبڕ و لەچاپدەر و فرۆشیار و کڕیار و تەنانەت خوێنەریشم. خودایە! خەریکی چیم؟! بەڵام نا هەر شەرابی شیعر خۆشترە بۆ ڕاکردن لەو واقیعە پڕ لە تەنیاییە و ئاوێزانبوونی خوێنەرە وەهمییەکان و گوێگرتن لە ڕا و سەرنجەکانیان ...

پێویستە بڵێم بە پێچەوانەی بوارەکانی ترەوە، لە شیعردا هەرگیز بەو ئەندازەیە ڕەچاوی لایەنی ڕێنووس و زمانەوانیم نەکردووە. بۆ نمونە من لە نووسین و وەرگێرانەکانمدا هەرگیز نانووسم: ئەنووسرێ، ئەکرێ، ئەخورێ، بەڵکو لەبری ئەوە دەنووسم: دەکرێت، دەنووسرێت،

دەخورێت ... هەر ئەوەیش بە پێودانگە ڕاستەکە دەزانم. بەڵام کێ دەڵێت شیعر پێویستی بە پێودانگی ڕاستە؟

لە کۆتاییدا، هیوادارم ئەم دێڕگەلەی پێشکەشم کردوون [شیعرگەلی ناوازە] یان [ڕستەگەلی بەسوود] بن یاخود لانیکەم خوێنەر وا لێ نەکەن بێز لە خوێندنەوەیش بکات.

یاسین (جوانپەرست)

شۆخ و شەنگ

هەر وەکو چۆن کانـــــی ڕۆشـن
دەڕوا بـــەرەو گۆمـــی لیخـــن،
شـــۆخ و شـــەنگیت هێندە نابا،
بۆ کـــەناری مـــەرگ دەتبـــا.

ئەی شۆخەکەی قاڵبووی خۆشـی،
هەتـــاکو کـــەی بادەنۆشـی؟!
بۆ بێزاریـــــــی لەم ژیانـــە؟
کـــە هەندێکی وەك تۆ جوانـــە!

تۆ دەتـــــەوێ هـــەر بمێنـــی،
لـــەناو جـــوانان خۆت بنوێنی.
بە شـــۆخی خۆت دابپۆشـــی،
ســـــەرنجی گەنج ڕابکێشـــی.

لـــــــــــه ناخیشـــا کرمەڕێژی،
بیر و ئەندێشـــــــــــــه دەنـێژی.
وا دەزانـــی ئەم تـــەمـــەنـــــــــــه
هـــــــەموو خۆشـــــی و ڕابواردنە.

چونکە خـــەونت هەر هێندەیـــــە،
مرۆڤ وا بێ هـــــــەر بەندەیـــــــە –
بەندەی حـــــــەز و ئـــــارەزووە
ساتـــــــی تەمـــەن لـــە لای زووە.

دەربـــەس نایە بـــە دوای ڕاکـــــا،
چوون زەمەن لای تێپـــەڕ ناکـــــا.
هەمـــــوو ڕۆژێکی وەك یـــــــەکە،
هەموو ساتێکیشـــــــی پەکـــــــە.

ئەی شـــــۆخەکە تۆ بڕوانـــــــــە!
بۆ بـــــەرینی ئـــــــەم جیهانـــــــە،
تا بزانـــــــی چەند بچووکـــــــی،
بـە بچووکیت ئێسکســـــووکـــــی.

تـــۆ ببینـــــە ! ســــــتەمـکاران:
فـــــــــوودراون وەك مـــــیزەڵان،
بـە ئاسمانـا دێن و دەچـــــــــــن،
لـــــــە پڕێکدا دەیانبینـــــــــــی
دەتـــەقن و لـــــە ناو دەچـــــن.

ئیدی ئـەی شۆخـــەکەی چـاومەس،
تا کەی لـــــە هیچ نابـــی دەربـەس؟!
ئیـدی لە پـــــای چی لووتبـــــەرزی؟
خۆبـــــــــادان و بـــــــەخۆنـازی؟!

٢٠٠١

چارەنووس

ڕێگەم دوورە، مەینەتیشم فەرامۆشـــــــــە !
هۆشم کوانووی ئاگردانی خۆڵەمێشـــــــــە.
ڕێگەم دوورە، هەگبەی سەفەر وا لە کۆڵـــم،
چارەنووسمـــــە جێبهێڵم ماڵـــــی چۆڵـــم.
هەر بە تەنیـــا ڕچە دەشکێنـــــم و دەڕۆم،
چوون وا بە دەستی دیلێکەوە دەستخـەڕۆم.

٢٠٠١

لە چاوەڕوانی بەیانییەکدا

بەیانییەك عەشق و ژیان،
ئاوێتەبوون بە جریوەی چۆلەکەکان.
بەیانییەك هەموو دنیا،
ئاوێتەبوو بە پێدەشت و لوتکەی چیا.
بە ئەسپایی دەنگی تەپەی پێی ئەو دەهات ...
هەتا ئێستاش دەنگدانەوەی،
لەسەر ترپەی دڵم دەدات.
لەگەڵ یەکەم گزنگ پشکووت،
زۆر بە ئەستەم پێڵووم هەڵات:
چاوەڕوانی دەستی ئەو بووم لە دەرگا دات.
هەتا ئێستاش چاوەڕوانم
ئەو بەیانەم بۆ هەر نەهات؟

١٩٩٩

فریودان

بۆ کام ژووان سەفەر دەکەی؟
لە کام دڵدا مەنـــەر دەکەی؟
دەپێم بڵێ: ترپەی دڵـــی کێت بیستووە؟
ئەمجارەیان کام کڵۆڵەت خۆش ویستووە؟
دەپێم بڵێ: کام ژوانە؟ دەکەیتـــەوە بە وێرانـــە!
ئەمجارەیان بۆ عەشقی کێ؟ دڵت وەها سەرگەردانە.
کەس نەتناسێ من دەتناسم!
دەیان شیعر بۆ بێباکی و بێوەفاییت هەڵدەبەستم.
چاك دەمزانی! شۆخ و شەنگیت: چەکی دەســـتە،
منی پێ دەکەیتە ژێردەستە.
چاك دەمزانی! خۆشەویستیت: ڕێگایەکە پڕ درك و ژان،
دەخەیتە ســەری هەر ڕێبوارێ خــۆت مەبەســـتە.

٢٠٠٠

ڕێگەی ژیان

گەلێك جار دەمویست بدوێم بۆ ژیان، بۆ کامەرانی،
مەرگی لەناکاو هیوای دەفڕاندم بەرەو ناکامی،
دەیبرد بەرەو ڕێی سەخت و دژوار و پێم نەدەزانی –
ئێستاش بێهیوا کەوتوم لەپاڵیا دەچێژم ژانی.

١٩٩٩

گەرچی هەنگاوم زۆر دواکەوتووە لە ڕێگەی ژیان،
وا دیسانەوە هەر دوا دەکەوێ لە تیشکی بەیان.
ئاسۆی بینایيم زۆر فروانە و بۆ دوور دەڕوانم،
هەرچەندە جارێ تاسە بێتە ڕێم، هیچ پێ نازانم.

لە باخی ژینم نەمدی بۆ جارێ گوڵێکی زۆر جوان،
هەر بە بینینی، وشك بێتەوە فرمێسکی چاوان.
بە بۆنی خۆشی وا بژێتەوە گیانی مراوم،
کە پێبکەنم بە دوا دڵۆپی فرمێسکی چاوم!

٢٠٠٠

مەرگەساتی بەیانییەک

بەیانییەك،
ئەو دەمەی ژیان بۆنی مەرگی لێ نیشتبوو،
خەیاڵمدا ...
كە خۆم بكەم بە ناو شمشاڵی شوانێكدا –
تا هیچ نەبێ، دڵخۆش ببێ، بە بەستەێ، دڵەی غەمبار.
كەچی ئێستا سەدای ئاوازێك دەمهەژێنێ،
لە خۆم ناگەم چ دەنگێكە، دەمگرێنێ،
غەیری ئازار!
ئەو بەیانە،
بەیانێك بوو پڕ مەرگەسات!
شەقامەكان،
بوونە ڕێگەی هات و نەهات.
تەنها دەنگێك بەر گوێ دەهات:
ترپەی ژێرپێ و چۆڵكردنی شەقامی شار.

٢٠٠٢/٢/٢٣

زیندان

نیوەشەوێك لەناو جێدا ڕوو لە ئاسمان،
ئەستێرەکانم یەك یەك دەگەیان،
شێوەی تۆیان بۆ من نەخشان.
کە چاوانیشم لە یەك نا و ڕووم کردە مانگ،
ئەوسا بینیم: هەردوو پێڵوو و برژانگەکان
بۆ وێنەکەت بوون بە زیندان!

تەمەن

ئەم ساتەش وا کۆتایی دێ،
ئەم خۆشییەش دەبڕێتەوە.
هەموو دەبن بە یادگـــاریی،
بە بەردێکی ناو دیـــواری
مێژوویەکـــی بێکۆتایـــــــی.

ئەم ساتەش وا کۆتایی دێ،
ئەم تەمـــەنەش دەبڕێتەوە.
ئەم خۆشییە هەر ئێستایە،
ســـــبەی بیرت دەچێتەوە.

مۆمی تەمەن دەتوێتـــــەوە،
تاڵی دەزووی دەبڕێتـــــەوە،
هێدیهێدی دەکـــــوژێتەوە.
ئەم ساتەش وا کۆتایی دێ،
ئەم ژیانەش دەبـــــڕێتەوە.

ئەم ساتەش وا کۆتایی دێ:
دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینـــێ –
هەموو دەڕۆن بەرەو نەمان.
دەبێ لەوێدا چی هەبـــــێ؟
عەدەم یاخود ئەبەدیی ژیان!

٢٠٠١

خۆشەویستم

١

خۆشەویستم!

جەستەم مۆمە،

ئەوینی تۆش بڵێسەیە –

بمسووتێنە!

بەدەم گڕی ئەوینتەوە

با بۆ جارێ بتوێمەوە،

بەدەم ئازاری بوونمەوە

چەندەیەکە دەتلێمەوە.

٢

خۆشەویستم!

دەبا هەردوو تەنیا جارێ،

بۆ پەروانە ڕووگەیەك بین.

ئەوسا ئیدی تا هەتایە،

سیمبولێکین لەنێو دڵی

عاشقانی ئەم دنیایە.

٣

خۆشەویستم!

ئەو پەروانە باڵسووتاوە،

ڕەمزی عەشقی من و تۆیە!

لە سەفەری عەشقی ئێمە بە جێ ماوە.

٤

خۆشەویستم!

لە ئاتەشگەی تاریکایی خەیاڵمدا

عەیامێکە کز و بێدەنگ ڕاوەستاوم!

چاوەڕوانم،

گڕ و کلێپەی ئەویندایریت،
بێتەوە بەر هەردوو چاوم.

٥

خۆشەویستم!
بە ئەوینت هێدیهێدی دەتوێمەوە.
بۆ نەسووتێم لەپێناوی عەشقێکا؟
کە شەوەزەنگ ڕووناك بکا.

٢٠٠٢

کانگەی ژەهر

دوو پێکی مەی لەسەر سینی،
دوو گۆی مەمك لەسەر سینە –
هەردوو بران بۆ ئەو دەمـــەی
کانگەی ژەهر و ڕق و کینـــە.

هەڵوەرین

ئەو ساتانەی ڕووناکیی خۆر نهێنییەکان دەدرکێنێ،
تاریکەشەو خۆی ون دەکا، تا ڕووخساری خۆی نەبینێ.
ئەو دەمانەی کە ڕووناکی هێدیهێدی دەتوێتەوە،
تاریکایی لە جەستەی ئەو نهێنی نوێ دەخولقێنێ.

ئەو دەمانەی خونچە گوڵێ بە ئەسپایی دەپشکوێ،
لە جێگەیدا گوڵی بۆنخۆش بە خێرایی هەڵدەوەرێ.
تۆ نابینی کە دوو عاشق بە فسکەفسك بە یەك دەگەن،
ناحەز دێن و بە ئاشکرا چەندانی تر لە یەك دەکەن!

٢٠٠١

لە ئاستانەی تۆدا

لە بەردەمی چەندان گورگا ڕاوەســـــتاوم،
بڕوا بکەن خۆگر بووم و نە ترســـــــــاوم!
کە تەلیسمی ئەو دوو چاوەم هاتە بەردەم،
ئیدی ئەژنۆ هەڵینەگرت قوورسی جەستەم.
بە چۆکدا هاتم بۆ جوانێ،
ڕۆژانێ بوو لە دوورەوە وردە نیگای تێ دەگرتـــــــم.
بە چۆکدا هاتم بۆ شۆخێ،
چاوەکانی ڕەشمار بوون و گازی توندیان لێ دەگرتم.
*** *** ***

لە ناو جەرگــەی تاریکییـــا داســەکنـــاوم.
لە تاریکیـــی شەوەزەنگـــا زۆر ژیـــــــاوم.
بڕوا بکە خۆشەویستـــــم نـــووری چـــاوم،
بەقەد عەشقت زەینی ڕوونیان تێك نـەداوم.
وا ئێستاکە دەست دەکووتم پەل دەهـــاوم،
بەرەو لات دێم لە گشت لاوە –

بەرەو پێشـــێ بەرەو دواوە.

خۆ نازانم تۆ لـــە کام لای!

دەنگت نایە لـــە هیـچ لاوە.

*** *** ***

لە بەردەمی کێوی بڵند ڕاوەســـــتاوم.

بە قەدپاڵیا بەرەو لووتکە هەڵکشـــاوم.

بڕوا بکە ئازیزەکەم تین و تـــــــاوم،

بەقەد باڵات ناخی ماندووی تێك نـەداوم.

شەکەت، ماندووم لەبەر پێتدا داڕوخـاوم.

تۆ ئەی لە کێو بڵندتر!

دەستێ بدە دەستی ماندووم

–لـــە ئامێزی خۆتم بگرە–

تاکو ماوم تا نەمـــــردووم .

٢٠٠٢

دۆزەخ[1]

عەشق وتی: بەهەشتێك بووم،
تا ئەو كاتەی ڕەقیبەكان هاتن
گڕیان لە من بەردا و منیان سووتان.
هەتا تەواو سوورهەڵگەڕام.
هەر تاویان دام تا سپی بووم،
هەر تاویان دام، ڕەش داگەڕام.

لەو ساتەوە هەتا ئێستا
بۆ ئەو دۆزەخە ڕەشداگەڕاوە،
هەر عاشقێكی پاڵەوان
بووەتە خۆراك و
هەر ڕەقیبێكیش بە دەرگاوان.

٢٠٠٣

---

[1] **لە فەرموودەی پەیامبەردا هاتووە:** أُوقِدَ عَلَى النَّارِ أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى احْمَرَّتْ، ثُمَّ أُوقِدَ عَلَيْهَا أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى ابْيَضَّتْ، ثُمَّ أُوقِدَ عَلَيْهَا أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى اسْوَدَّتْ فَهِيَ سَوْدَاءُ مُظْلِمَةٌ.

زادەی سرووشتم

لە کام بیاباندا کەوێکتان بینی بفڕێ بۆ ئاسمان؟
لە کام زۆزاندا حوشترێکتان دی بچێتە کێـــوان؟
ئەی بۆچی لێرە لەم نیشتیمانە
زۆر سوك و ئاسان، کەو و حوشترتان خستە یەك لانە؟!
ئەی بۆ پێدەشتان خستە دامێنی هۆڕەکانەوە؟
تا تێر ئاو ببن؟ کاتێ کە دیمان لە تینوا خنکان!
یان دارخورماتان خستە ئامێزی چیاکانەوە؟
تا هۆگر ببن؟ خۆ نەك ئاوێزان،
دیمان لە سەرمان ڕەق دەبوونەوە!

کوا کەشی خورما و گوێز هەمان کەشە؟
یاخود بەریان –لە لای گشت کەسێ– وەکو یەك خۆشە؟
کوا زەمینیان هەمان زەمینە؟
یاخود تامیان وەك یەك شیرینە؟

من هەرگیز نالێم کە گوێزەبانە،
فێڵی دوژمنە و دەستی تاوانە.
گردبوونەوەیان لەسەر سینییەك،
خۆشیبەخشینە مانای ژیانە.
بەڵام خۆت بڵێ:
تۆ هەرگیز دیوتە کە وا دارگوێزێ لەوێندەر بڕوێ و
بەری وا بکا؟
یا دارخورمایە ئا لێرە بڕوێ و
بەری شیرینی وەها دەربدا؟
کە سروشت جیا بێ بۆ من جیا نەبم
بۆچی تاوانە گەر دەستلەملی سروشتم ببم؟

٢٠٠٣

ناڵەی بولبول

ئەی بولبولی باڵنەخشین، ئەی ڕەنگینی دەنووك جوان!
ئـــــەوا دەفڕی لەم چڵـــەوە بۆ ئەو چڵی دارســـــتان.
دەچریکێنی، دە پێم ناڵێی سەدای ئەم نەغمە خۆشـــە:
پێکەنینـــــە یاخود قـوڵپی گریانێکـــــی بەجۆشـــــە؟

بولبول کە دەگریت لەناو زیندانا فرمێســـکت ونـــــە،
بۆ خۆت دەزانـــــی کانی فرمێســـکت قووڵ و بێبنە؟
حەزی ســـەرکەشـــــت وا لەسەر چڵێ کە زۆر بەرز بێ،
نەك دەستی ڕاوکەر بۆ لەش و گیانت داو و قەفەز بـێ.

قەفـــەزی زێڕین لانـەی ژیانـــــی بـولبولانێکـــــە،
لـــــــە نەغمە بێبەش هەڵکروزاوی کوانووی ژیانێکە،
هەمـــــــوو خۆشییەك لەناو گەوهەرا نەبێ نایبینێ،
گەوهەریش لەناو تاریکی شەوا هیچ کەس نایبینـــــێ!

بـــاڵت شکاوە لـــــە ڕێگەی ژینـــا، وا هاتویتـە دەر.
لـــەناو لانـــــــەدا پەڕت جێماوە، کـــەچی دەربـــەدەر
دەسوڕێیتەوە لـە هەموو جێیەك غەم دەدەی بـــە بـــا،
نازانی سروشـــت هەموو ڕەنجێکت بـە هەدەر دەبـــا !

بولبول لە زیندان دەنگت خۆشـــترە یان لە دارســـتان؟
تۆ بە پاشایان کەیفت خۆشترە یان دۆســـت و یـــاران؟
تۆ کـــە عەودالّی باخچەی ڕازاوەی عەشق و ئـــازادیت،
زیندان فێرگەیە، بەستەی سەرکەشیی لێوە فێر دەبیت!
٢٠٠٣/٢/٢٢

سەربەرزیی

چەند سەربەرزییە بۆ من ئەی دوژمنـــم،
وا لـــە بەرزیـــدام و لـە تۆ دەڕوانـــــم.
لەبەر پێمدا سەر هەڵدەبڕی و دەڕوانی،
تێکشاوی و بە دەردی خۆت نازانـــــی!

گەر سێدارەت تاڵە سیمـــی پۆڵا بـــــێ.
بمخنکێنێ ڕۆح لە جەستەم قـوتاربـــــێ.
دڵنیـابـــــە ئیرادەم هـــــەر دەمێنـــــــی،
منیش نەمام ئیرادەی گەل دەســـەنرێ.

من چیم دەویست جگە لـــە مافی بوونم؟
چیم پێ دەکرا کە دەتبینی زەبوونـــــم؟
یاخوود دەتویست لە ناوم بەی نەمێنـم،
بە دوای منا ترسێ بخەیتـــە شوێنـــــم.

بەڵام دەرکــەوت چەندە خـــەیاڵپڵاوی!
ئێســـــتاکە خـــۆت لە داوی من گلاوی.
چاوەڕوانیت کە دەســـــتێ بێتە فریات،
دەربـــــازت کا لە گێژەڵووکەی نەهات.

٢٠٠٣

لەگەڵ هەستەکانمدا[٢]

ئەو ساتانەی کە من تۆم دێتە بەرچـــــاو،
چی ببینـــم جگە لە تیشـــکی هەتـــــــاو؟!
بۆ نەسووتێ ڕووخساری من بە گۆنـــــات؟
هەڵخراوە لەبەر خۆری تـــین و تـــــــــاو.
***

ئەو دەمانەی لەناو فرمێسکی چـــــــــاوم،
بە کوێریی خۆم بۆ ڕووی تۆ پەل دەهاوم.
تا نیگای تۆ لـــــــە ئاســـــــــۆدا ببینـم،
تەکان دەدەم بەرەو تیشـــــکی هەتـــاوم.
***

[٢] ئەم هۆنرایەوە ئیلهامەکەی خۆڕسکانە بوو لەوەی پەیوەستە بە هەستەکانی بینین و بیستنەوە. بۆ هەستەکانی تر و باقیی هۆنراوەکە ئیلهامێك لە هۆنراوەی "ئاواتی دووری" مامۆستا گۆرانەوە هەڵێنجراوە.

ئەوا خنکام لەناو ئەم گۆمـــە مەنگـــــە.
ئارەزووشم کەوتە ئەم گـۆڕە تەنگـــــە.
بە فریامبێ نەبـــا گڕی شەمعی تـــــۆ،
بێ پـــەروانە هەر بسووتـــێ بەم ڕەنگـە.
***

ئەو ســـاتانەی کە دێتـە گوێم دەنگـی تۆ،
ئاوازێکە سەد نەغمە دەگرێتـــــە خـــــۆ.
نەغمەی بولبول، هینی ســـەد جۆر باڵندە،
گوێی سەرمەستم هەڵدەگرن بەرەو ئاســـۆ.
***

کە گوێی مەستم کاس بوو لە ئاوازی جوان،
ئـا لەوێـــدا دادەمێنـــم دەستەوســـان.
چاوەڕوانم کە هەســـتێ بێتە فریـــــام،
دەربازم کا لـــەو مەینەتییەی کـە تێیـــدام.

٢٠٠٤/٧/٢٨

***

ئەو ساتانەی کە سروەیەك بۆنی تۆم بۆ دەهێنـــێ،
دەڵێی لەنێو کەپوی منا باخچەی گوڵێك دەڕوێنـــێ.
بە خۆم نییە هەنگاوەکان ڕووەو لای تۆ توند دەبن –
ڕەنگ و دەنگ و بۆنت لەنێو هەستی منا ون دەبـن.
***

ئەو ساتانەی کە دەستـەکان لە یەکتری دەئـــاڵێن،
گیان و جەستە بۆ پێکگەیشتن تامەزرۆن و دەناڵێن.
جەستەم دێتە نێو گیانت و گیانت دێتە نێو جەستەم
کە لە مێژە من تامەزرۆی ئەم جیهانە پڕ هەســتـەم.
***

ئەو ساتانەی کە ئاوێزان تین و تـاوی لێ دەبـــــڕێ.
گیان و جەستە لەنێو چێژی عەشقی یەکا ون دەبێ.
من دەزانم بزواندنـی تاڵـــی عەشــقی دوێنـــــێ بوو
کە شیرینی عەشقی ئەمڕۆ لە سروشتی ســـەوز بوو.

لە زاری دارستانەوە

هەزارانیان بڕینەوە !
یەك دڵۆپە خوێن نەبینرا.
هەزاران کانییان لووشداین،
تا هاواریێکیشمان نەبیسترا.
کەچی ڕۆژێ پەنجەی داربڕ
بە چڵێکمان بریندار بوو،
لە تۆڵەیدا دارستانی هەموو سووتان،
کانی و ئاوی یەك یەك خنکان.

٢٠٠٤

پاکانە

"ئەو دارستانە بۆ ڕووتە؟"

پایز وتی: من نازانم.

داربڕ وتی: بێتاوانم.

"ئەو دارستانە بۆ سووتا؟"

دەنکە شقارتەیەك وتی:

پڕی دامێ و ئیدی نەمزانی چی ڕوویدا.

"ئەو دارستانە بۆچی مرد؟"

وشکەساڵی هاواری کرد:

وەخت بوو ناوم بزڕێنێ!

گەر نەتدیبا بە چاوی خۆت

ئاوی بنی چۆڕەچۆڕە وشکی دەکرد.

٢٠٠٤

سروشتی خۆشەویستی

خۆشەویستم!
لە ئەوینی من و تۆوە بارانی بەرائەت دادەکا.
زەوی ترس و گومان دەشوا.
کوێرەکانی وردە وردە هەڵدەقوڵێن،
هەتا ڕووبار پێك دەهێنن.
خونچە گوڵەکانیش دەپشکوێن،
گژوگیاش سەر دەردێنن.

ئازیزەکەم،
دە پێم بڵێ غەمباری چیت؟
لە چەخماخەی ڕقی پیرۆزی ئێمەوە
قارچکەکان هەڵدەتۆقێن دێنە سەما!
هەر لە گرمەگرمی ئێمەوە
نووستووەکانی ئەم سروشتە ڕادەچڵەکێن
دەکەونە نەشونما.

٢٠٠٤/١١/٢٨

داری عەشق

هەر تۆ نەبوویت کە ئەوینت لە دڵما چاند؟!
بە فرمێسکت ئاوت دەدا،
تا ئەو دەمەی چەکەرەی کرد.
لە دڵمەوە سەرەنوچکەی دەرهێنا،
لەوە بە دوا نەونەمامی ئەوینی من چرۆی دەرکرد.
هەر بەرەوژوور هەڵدەکشا،
تاوای لێ هات لق و پۆپی
هەموو جێگایەکی پڕ کرد.
* * *
ئەی بۆ ئێستا تۆ دەتەوێ
داری عەشقم ببڕییەوە؟
ئەی بۆ ئێستا پەشیمانی ئەو فرمێسکەی
بۆ منت ڕشت، نەتسڕییەوە!

٢٠٠٤/١٢/٢٠

بۆ کچێکی ڕەشپۆش

ئازیزەکەم!
ئەگەر ئەوین دەتهێنێتە سەر گۆڕەکەم،
تکا دەکەم!
بڕۆ وێڵبە بە دوای خوێنی گەشی ونما:
لەسەر چیا بڵندەکان،
لە هەوراز و لە نشێوا،
لە ناوەندی سنوورەکان.
لە هەر خاکێ خوێنی منت دۆزییەوە
نەمامی هیوا بڕوێنە،
هەر لەوێدا شورایەکی پۆڵاییینی بە دەوردا بنەخشێنە.

ڕەشپۆشەکەم!
ئەگەر ئەوین دەتهێنێتە سەر گۆڕەکەم،
تکا دەکەم!
بڕۆ وێڵبە بە دوای بۆنی منا:

له جێژوانمان،
له بن بەرد و له ئەشکەوتان.
له هەر جێیەك بۆنی منت ناسییەوە،
تێر ماچی کە،
یادەوەری سالانی زووی پێ باس بکە.

ئازیزەکەم!
ئەوێ ڕۆژێ من تامەزرۆی ئەوینت بووم،
تکا دەکەم ئەمێستاکە
بە دوای مانای ئەویندارییی منا وێڵبە،
ڕووە و ئاسۆ و کێوی بڕوا
ئەسپی هیوای لێ تاوبدە.

ڕەشپۆشەکەم!
من شەهیدبووم لەپێناوی ئازادی تۆ.
تکا دەکەم!
وەفاداریی خۆت بنوێنە:
تا دەتوانی ڕوو لە جیهان
پەیامەکەم بگەیەنە.

ئازیزەکەم!

ئەگەر ئێستاش –وەکو جاران– خۆشت دەوێم،

با گۆڕەکەم دوور بێ لەوان.

با گۆڕەکەم سەنگەرت بێ بۆ بەرگری،

دواسنوور بێ بۆ نیشتیمان.

٢٠٠٤/١٢/١

تریفە

من پرشنگی خۆرم ناوێ
ڕۆژی ڕووناك بمسووتێنێ.
تریفەی مانگ دەپەرستم:
لە تاریکیی شەوەزەنگا،
جوانی خۆییم بۆ دەنوێنێ.

٢٠٠٣/٥/١٢

مانگەکان

جاران وا بوو!
تریفەی مانگ چرای ژووانی عاشقان بوو.
هەموو شەوێ ئاسمان میهر داپپۆشیبوو،
خۆشەویستی پڕ زەمینی فراوان بوو.

تەنیا شەوێ مانگ بزر بوو ...
تەنیا شەوێ ژووان چۆڵ بوو ...

ئێستا سەدان مانگی دەستکرد بێ سرەوتن،
بەبێ وچان بە ئاسمانا دێن و دەچن.
تریفەشیان بۆ سیخوڕی و جەنگەکانە !
بۆ سانسۆر و ململانێی نێو گەلانە !
ئەوەی چۆڵ و تاریکیشە،
هەموو کاتێ بۆ هەمیشە،
تەنیا ژووانی عاشقانە.
تەنیا دڵی دڵدارانە.

٢٠٠٤

ئێستاش ئەوسایە

ئەو ئێستاش کە دەنگی فڕۆکە دەبیستێ،
لە جێدا دڵی خورپە دایدەگرێت و
پڕ دەداتە منداڵێکی سێ چوار ساڵە.
ئەو ئێستاش کە باڵای پۆلیسێ دەبینێ،
خەریکە زەندەقی بچێت و
چەند دەرگا لەسەرخۆی دادەخا و
دەخزێتە کونجوڕی ئەو ماڵە !
ئەو ئێستاش کە بۆنی میوەیەك
- بۆ وێنە کە بۆنی سێوێ دێ -
بە دەستێ بەتانی تەڕ دەکا و
بە دەستێ منداڵێ هەڵدەگرێ و
نازانێ بەرەو کوێ ڕادەکا !
ئەو ئێستاش خواردنی سێ ژەمەی هەرچی بێ
هەر تامی ڕەقەڵە سەمووونی زیندانی ئەوسایە.
ئەو ئێستاش هەروایە ....

لە لای ئەو فڕۆکە هەر تەنیا زمانی بۆردومان دەزانێ و
پۆلیسیش پاڵەوانی لێدان و کوشتنە و
ئەو ئێستاش یەقینی وەهایە
کە میوە شووناسی یەکجاری کیمیایە !
ئەو ئێستاش بە غەیری زیندانی کولبەکەی،
بە غەیری ڕەقەڵە کولێرەی سێ ژەمەی
نابینێ شوێنێ دی، نابینێ ژەمێ دی
لەسەر تا خواری ئەم دنیایە.
لەکن ئەو ئێستاش هەر ئەوسایە.

ماروپەیژە[٣]

لە خۆرهەڵات ...

ماروپەیژەی کودەتا و شۆڕش،

قوماری حیزب و دەسەڵات،

زۆری گەیاندووەتە ئەوج و

گەلێکیشی خستووەتە نێو چاڵی نەهات،

لە خۆرهەڵات.

[٣] بەشێکە لە هۆنراوەیەکی درێژ کە تا ئێستا بۆم تەواو نەکراوە.

یەکەم نیگات

لەو ڕۆژەوە کە تۆم دیوە،
قەرزداربارى یەکەم نیگاتم.
هەر دەگەڕێم بەدووتا وێڵم،
هەر کوێیەك بچم: هەواڵت دەپرسم،
ناوت دەهێنم!
هەر بۆ ئەوەی نۆبەرەی شیعرم،
ئیلهامی تۆیە، بە تۆی بسپێرم.

لەو ڕۆژەوە کە تۆم دیوە،
چاوەکانم، هەر بەتەنیا تۆ دەبێنێ!
هەر شۆخێکم دێتە بەرچاو
دەبێتە تۆ، دەبیتە ئەو –
ڕووخساری تۆم لا دەنوێنێ.

لەو ڕۆژەوە کە لێم ونبووی،
چاوەکانم بەدووی تۆدا کز دەسووتێن.
وشە وشە ...
ئەشکی شیعرت بۆ دەڕێژن!
دنیای تاری عاشقانی ئەم جیهانە،
لە دووری تۆ، بە کوێرایی هەر دوو دیدەم چراخانە.
دەست دەکووتم، پەل دەهاوم ...
تا ئەو ڕۆژەی جارێکی تر دەکەویتەوە بەرچاوم.

لەو ڕۆژەوە
کاتێ کە تۆم بیر دێتەوە،
ماخۆلانی ئەو جێگەمە
کە یەکەمجار تۆم تیابینی!
دەڕۆم هەتا بیدۆزمەوە،
شاهەڵبەستێ بهۆنمەوە،
بۆتی بکەم بە مزگێنی.

٢٠٠٤/١١/٢٨

دەسیسە و دنیای نوێ

من و تۆ وەکو ئاو و ئاگـــــریـــن.
دەبوو یەکتری زوو لەناو بـــەریـــن.
چونکە ناحەزمان وەهای داناویـــن،
لەناو یەکترا تێکـئالۆســـــکاویـــن.

کە تینی گڕت بە هەڵمی کـــــردم،
ڕەهەندەی دووریی ئاسمانی کردم
لەوێ لە هەورا خۆم چڕ کـــردەوە،
بە لێزمـەباران تۆم داگـرتـــــەوە.

ئێستاکە ئەوەی لێمان جێـــــماوە،
خۆڵەمێشێکی تێکەڵ بە ئـــــــاوە !
لەم خۆڵەکەوەی مـــــن و تۆوەیـــە،
دەڵێن دنیای نوێ وا بە ڕێوەیـــــە.

٢٠٠٤

پەڵە هەورێکی تەنیا

پەڵە هەورێکی سپی بوویت،
لەو ئاسمانە ساماڵەدا تاك و تەنیا بووی دەگەڕای!
کە دوا تیشکی منت بەرکەوت، سوورهەڵگەڕای.
هێدیهێدی ئاوا دەبووم،
تۆ بەرەو ڕووی من دەهاتی.
کە ونیش بووم،
ئازیزەکەم وات دەزانی ئیدی تەواو،
چڕبوویتەوە و بوویتەوە بە دڵۆپە ئاو.
***
ئێستاش تەنیای!
لەسەر کۆشی ساردی زەوی،
لە تاریکی شەوەزەنگای.
شەونمی سەر پەڕەی گوڵی و
لەناو توێی سەوزی گەڵای.

چەند تامەزرۆی جارێکی تر،

سبەی بێت و گزنگی من

بتکاتەوە بە هەورێك و بچیتەوە ناو باوەشی

گەرمی ئاسمان.

ببیتەوە بە یاوەری تیشکی من و

بە هاودەمی گشت هەورەکان .

٢٠٠٤/١٢/١٧

سەرچاوەی ئەوین

تۆ، ئەی زەوی!

هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانیت:

جەستەی سڕی دەم بەیانیت،

بە نیگای خۆر، بکەیتەوە بە جێژوان.

بە کوورەی گەرمی عاشقان.

ئەی مانگەکە!

ئەی تاکە هاودەمی زەوی،

تۆ بەڵەدی ڕێگایەکی، ڕێبەدێی عاشق دەکا.

هەموو شەوێ، عاشقانی ئەم جیهانە

چاو لە تریفەی تۆ دەکەن، ڕێگەی ژووانیان نیشان بدا.

ئەی ئەستێرەکان!

لەسەر پەڕەی ئەو ئاسمانە،

تابلۆی خۆشەویستان دەنەخشێنن.

لە تاریکیی شەوەزەنگا،

دەستلەمل یەکترن دەجریوێنن!

ئەی خۆشەویست!

ئەگەر زەوی و ئەگەر مانگ و گەر ئەستێرەکان،

هەموو سەچاوەی ئەوین بن،

بۆ دەبێ بترسین و نەوێرین؟

بۆ دەبێ پڕ بە زارمان نەقریوێنین؟

ناوی "خۆشەویستی" بێنین!

٢٠٠٤

ڕێبەری من

لە کۆتایی سەدەی بیســـتەم،
لەسەر لوتکەی جەور و ستەم،
پاش ماندووبوون پاش ڕێبڕین
لە بەرزترین هەورازی ژیـــــن،
تولەڕێیەك بەرەو ئەنجـــــام
قەدەرێك بوو هاتـە رێگـــــام.
بۆ یەکەمجار هەنسکەکـــــەی
حەسرەتاویم بوو بە ئۆخـــەی!
بۆ یەکەمجار ئاهێکی خـــۆش،
هەموو لەشی هێنامە جـــۆش ...

... لەپڕ نازانم چی بوو؟ چۆن؟
لە دوامـــەوە بـــە مۆنەمـــۆن
ملۆزمێ لێـــم پەیدا بـــــوو،
بە زۆری خۆی سوار کۆڵم بـوو.

وتی: ڕێگـــات دڕك و ژانـــــــه !

هەنگاو مـــــەنێ نەفامـانـــــــه.

چاوساغتم و دەتگەیـــــــەنـم

لـــــــــه مەترسی دەترەوێنم.

****

لەو ڕۆژەوە ڕەتـــــــــاندوومی !

ڕێبەرمە و ڕفانـــــــدوومـــــــی،

هەم تولەڕێ و هەم خۆشمم لێ ون بووە،

هەورازەکەش ئەوەندەی تر بڵنـــــد بووە.

٢٠٠٤/١١/٢٠

تۆ ... من

تۆ پێت وتم:

شێت و شەیدای شیعرەکانتم.

من هەمیشە چاوەڕوانی وشەی جوانتم.

بۆیە نووسیم:

"خۆشم دەوێی تا دواسنوور.

من بەبێ تۆ مەجنونئاسا

ڕوودەکەمە بیابانی دوور.

ئەو فرمێسکەش تا هەنوکە بە شیعر بۆ تۆی دەردەبڕم،

بۆ لەمەولا

ـ لەناو بۆتەی عەشقی تۆدا ـ

بۆ شۆردنی تەرمی مردووم هەڵیدەگرم."

تۆ پێت وتم:

تا بۆم بکرێ دەتگرێنم!

لە فرمێسکی تۆدا

ڕووخساری خۆم دەنوێنم.

٢٠٠٤/١١/٢٧

سوڕانەوە

لەوەتی دنیا دنیایە هەموو ساڵێ
شەو هەوڵ دەدا ڕۆژ بکوژێ،
بە مقەستێ لە باڵای کەم دەکاتەوە.
هەتا لەپڕ ڕۆژ خەبەری دەبێتەوە،
مقەستەکەی لێ دەستێنێ و
تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە.
تا ئەو کاتەی جارێکی تر هێدیهێدی
خەوی غەفڵەت دەیباتەوە.

٢٠٠٨

خاک

شیعر بۆ منداڵان

لە زاری منداڵێکی کەرکوکییەوە

پەیـــامی من ئـــــاشتییـــە،
بۆ هەر مـــــرۆڤێ هـــەیـــە،
بـا بزانـــــێ کـــــە زۆردار
هەرگیز ناگـا بە بڕیـــــــار.
****

ئەوەی لە خاکی خەڵکـــــا
ڕابـبوێرێ و ســـــــڵ نەکـا،
باش بزانـــــــــێ ڕۆژێ دێ
خاکی خۆی لێ تاو دەدرێ.
****

گەرچی خاکی خۆت هەیـــە،
چـاوت لە خاکـــــی مەیـــە،
مەگەر خـــۆڵ چاوت تێر کا
بۆ ناو خۆی ڕاپێچـــت کـــا.

****

دەنا هێندە نەزانـــــــــــی!

قەت وازم لێ نـــــــــاهێنی،

بۆ خاکی خۆت بگەڕێـــــوە،

با لێت نەبمـــــە کڕێـــــــوە.

٢٠٠٤

ستەم

بێ قاچ، بێ دەست، بێ سەر، بێ دەم –
من هێشتاکە هاوار دەکەم دژ بە ستەم.
بێ چاو، بێ گوێ، بێ لووت
کەچی هێشتا من دەیبینم،
من دەیبیستم،
بۆنی دەکەم
(لەنێو هەزاران ڕەنگا بێ،
لەنێو هەزاران دەنگا بێ،
لەنێو هەزاران بۆنا بێ)
دەیناسمەوە !
ڕەنگ و دەنگ و بۆنی ستەم.
ئەوندەی تر هەتکم بکەی،
هەرکوێ بچی
–لە ئاسمان بی یا لە زەوی،

لە قووڵایی تاریکایی نهێنیشدا خۆت حەشاردەی–
تۆ هێشتاکە لەناخمدا ڕووت جوان دیارە !
هەر بە وێنەی زۆرداریێکی شەرمەزارە.

ئیدی بۆچی تۆ دەتەوێ دەمامکم لێ بپۆشی؟
وەکو دۆستێ خۆت نیشاندەی،
لە کاتێکدا تۆ هەمیشە بۆ مەرگی من بە پەرۆشی.

دڕندە و نێچیر

شێرەکان،
پڵنگەکان،
گەلەگورگ و کەمتیارەکان
بە وروژم هێرشیان برد.
ڕەوە ئاسکیش تاکە تاکە
هەریەك بە لایەکا ڕایکرد.
ئەوسا زانیم!
دڕندەکان چەندە تەبا و
نێچیرەکانیش چەند ت
ە
ن
ی
ا
ن.

٢٠٠٥/١٠/٤

دۆزەخی عەشق

لەم دنیا بە گڕی عەشقی تۆ دەســــــــووتێـــــم!
لەو دنیاش بەو عەشقە، لە دۆزەخ تاو دەدرێـــــم.
دە چی بکەم؟ چی بڵێم؟ لەم دەردە، چۆن هەڵێم؟
هەر ڕێیەك دەیبڕم، بـێ ئەوەی ئەنجامێ بێتە ڕێـم.

لەم دنیا باڵای تۆ بیابانە، ڕۆحیشت ســـەرابە و
من تینووم،
هەر دەڕۆم، دەمەوێ بەپـــــەلە بگەمە ئەو ڕۆحە
تا زیندووم.

پێك ناگەن پێك ناگەن تا زیندوون!
ڕۆحی تۆ، ڕۆحی من پێك ناگـــەن.
پاش مەرگیش، ڕۆحی تۆ لە بەهەشت دەفڕێت و
ڕۆحی من لە دۆزەخ تاو دەدەن.

٢٠٠٥

کۆتری سپی

لەو ڕۆژەوە

کۆتری سپی بووە بە ڕەمزێ بۆ ئاشتی،

هەر هەڵدەفڕێ بە ئاسمانی ترسوبیما !

کۆتربازەکانی جیهان،

هەوڵ دەدەن بە کۆتری دەستەمۆی دەستی خۆیان،

بیگرن و بیخەنە ناو تاریکایی کونجی زیندان.

٢٠٠٤/١٢/٢

شانۆی جیهان

شانۆی جیهان

بوو بە شەڕگەی زۆرانبازی

لەنێوانی پاڵەوانی ئەفسانەیی و خەنیمێکی ڕیوەڵەدا.

هاندەرانیش لەسەرەوە

بۆ ئەمیان چەپڵەیان لێ دەدا و

لە ژێرەوەش گاڵی ئەوی کەیان دەدا.

٢٠٠٤/١٢/١٢

خۆڵەمێش

پشکۆیەك بووم، بە بای عەشقت هێدیهێدی گەشامەوە.
چاوەڕوانیت وەك خۆڵـەمێش، دایپۆشـیم و کوژامەوە.
ئێستا ئەگەر بای ئەوینت هەزار جـاری تریش هەڵکـا،
نە لەشی ساردم تاو دەگرێ و نە دێیتەوە ژیانمـەوە.

ڕەهەندە

چەشنی نەیزەکێك، لە ئەستێرەیەك دەرچوبێ وەهام!
نازانم بۆ کوێ ملم گرتووە؟ کامـــــــــــــەیە ڕێگام؟!
لە بەرچاوی خەڵك تروسکەیەکم لـــــەپـــڕ ون دەبـم،
لەم گەردوونەدا بێ ناونیشان و بێ شوێن و تەنیـــــام.

٢٠٠٤

هیوا

ئێوارەیە و زەردەی خۆرئاوا
گورزەڕووناکی بە لوتکە هەوری نزیك دەسپێرێ،
پێش هاتنی شەو،
مژدەی بەیانی نوێم بۆ بنێری.

٢٠٠٤

بۆ تۆ

دڵم ئەگەر خونچەیەکی بۆ تۆ تیابێ،
باخچەیەکی پڕ گوڵزارە !
هەستم ئەگەر دڵۆپێکی بۆ تۆ تیابێ،
کانییەکی پڕ لە ئاوی سازگارە !
ژینم ئەگەر ولەیەکیشی بۆ تۆ بێ،
ژووانێکی بۆ هەمیشە پڕ بەهارە !
عومرم ئەگەر دواساتیشی بداتە تۆ،
سەرەمەرگم تەمەنێکی جاویدانی،
بێکۆتایی و بێئازارە.

٢٠٠٥

ژێدەر

ژێدەری من تەنیا عەشقە،

عەشقێکی پاك.

ژێدەری تۆش: دەروونێکی کەڕ و کوێر و

کپ و بێباك!

٢٠٠٥/١/١٠

ساویلکەیی

ئەی گەڵا تا زیندووی
بە دەم ئاوازی سروەوە دەکەی سەما
کە مردیشی سروە دەبێتە بارەش و
خوا دەزانێ ئەو دڵڕەقە بە ژێرپێوە بۆ کوێت دەبا !

پێنەزان

هەموو جوانی ئەم جیهانەم لە گوڵێکدا کۆ کردەوە،
دام لە یەخەی.
خۆشەویستی ئەم جیهانەم خستە نێو توێی پریاسکەیەك،
هەر بۆ ئەوم پێچایەوە.
کەچی هێندە بێوەفا بوو،
نە گوڵەکەی بۆن کردم و
نە پریاسکەی ئەوینمی هەڵدایەوە.

بۆ ئێوە ....

تا کەی بە بیانووی وشە و پەیڤی قەشـــــەنگەوە ؟
کۆترەکان دەخەنە فیشەکدانـــی تفەنگـــــــەوە !
***
تا کەی بە ناوی عەشق و خەڵات و مـــاچـــەوە ؟
زارۆکان دەنوێنن بەسەر دوو لکی خاچـــــــەوە !

٢٠٠٥

سێدارەی سەرۆک

ڕەسەنزادە و کوڕی خاك بوو.
پەروەردەی کێو و خەبات بوو.
هەر کە پرسی سەرۆك کێیە؟
سامانەکەی چەندە و چۆنە؟
دەسەڵاتی هەتا کوێیە،
هەر هێندە و بەس!
بۆ بەیانی لەسەر پەڕەی ڕۆژنامەکان
دەنگی ئەویان ئاوەژوو کرد،
سەد تۆمەتیان دابووە پاڵ!
گوێی خەڵکیان پێ چەواشە کرد:
"بە تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر مافی هاوڵاتیان
هەر دوێنێ شەو لە وڵاتی دادگەریدا
عەمیلیێکی بێگانەمان بە دارا کرد."

٢٠٠٦

خائین

شۆخەکە،
ڕەشپۆشەکە،
وەفاداره، غەمنۆشەکە
سکی برسیی خۆی هەڵگوشی
تا بۆ گۆڕی خۆشەویستی چرا هەڵکا.
هەموو ڕۆژێ لەسەر گۆڕی کوڵ دەگریا،
گوڵی سووری خۆشەویستی بۆ دادەنا.
داری خەباتی بۆ ڕووان.
لەسەر کێڵەکەشی نووسی،
پاڵەوانەکەی نیشتیمان.
***
چەرخی چەپگەرد،
وا هات و چوو
هاوخەباتی ئەو شەهیدە
دەستیان چووە خوێنی یەکتر،
بەڵام ڕەشپۆش هەرگیز هەرگیز
دڵدارەکەی لە یاد نەچوو.

***

کە ئەمجارە بۆ سەر گۆڕی ئەو هاتەوە،

بینی ئەوا دار بڕاوە !

لە جێگەی گوڵ،

دڕکێکی سیس دانراوە !

بینی ئەوا کێڵ شکاوە،

لەسەر گۆڕی کێلێکی تر هەڵبەستراوە

ناونیشانی خائینێکی لێ نووسراوە !

نیسانی ٢٠٠٥

بزربوون

دڵۆپە شیعرێ بووە ئیلهـــام و
ڕێژنە شیعرێکم لێ نووسـییەوە.
بووەتە مەراقم ورد ورد گەڕاوم
هەر ئەو دڵۆپـــەم نەبینییـــەوە.

سڕینەوە

خەونم دیوە !

قەفەزەکان هەموو دەشکێن.

ئینجانەکان هەموو دەشکێن.

باڵندەکان ئازاد دەبن.

گوڵەکان بۆ باخچەکانیان دەڕۆنەوە.

خەونم دیوە !

کۆترەکانی دوو وڵات بە دەنووکیان

گوڵەکانی خۆشەویستی بۆ یەکتری هەڵدەگرن و

بێ پاسپۆرت بە سنوورا دەپەڕنەوە.

٢٠٠٥

تامەزرۆیی

کە برسیمە، چەند تامەزرۆی لەتێ نانم!

کە تینومە، چەند تامەزرۆی قومێ ئاوم!

کە غەمبارم، ئاخ چەند کوشتەی تۆزێ شادیم!

کە دیلێکی ناو زیندانم، چەند هەڵوەدای ئازادیم!

کەچی سەیر من هەمیشە،

هەزار هێندە شێت و شەیدای دڵۆپەیەك خۆشەویستیم.

٢٠٠٠٥

دیلی

من دیلی بەندیخانەی عەشقی تۆ و
شیعر دیلی بەندیخانەی دڵی منە.
وا نەزانی تۆ ئازادی،
کلیلی دڵت وا لە دەستی دوژمنە.

٢٠٠٦

لێک ت ر ا ز ا ن

دوو ڕاستەهێڵ:

نە تەریبن، نە یەك دەگرن، نە یەك دەبڕن،

نێوانیشیان سەد و هەشتا پلەی ڕێکە.

ڕاستەهێڵی یەکەم: منم،

دووهەمیشیان: برام، کەسم و هاوزمانم.

٢٠٠٦

بانگەشەی درۆ

تیرۆریستێك بانگەشەی خوداناسی و
سیاسییەکیش باسی عەشقیان
بۆ یەکتری و خەڵکی دەکرد.
منداڵێکیش لەنێوانی هەردووکیانا
تفی لەو خوا و عەشقە دەکرد.

٢٠٠٦/١/٣١

لە مێژە

زۆر لە مێژە مرۆڤەکان:
بە ناوی خودا و عەشق و نیشتمان،
بە ناوی ڕاستی و دادگەریی ژیان،
بە ناوی ماف و ئازادیی ئینسان
یەکتر دەکوژن یەکتر قڕ دەکەن،
دواتر تەوقە و ماچ لەگەڵ یەك دەکەن!

٢٠٠٦

ڤالانتاین

مرۆڤ ساڵی وەها بەش کرد:

سێسەد و شەست و چوار ڕۆژ بۆ ڕق و کین،

تەنیا ڕۆژێکیش بۆ ئەوین.

٢٠٠٦/٢/١١

لەدایکبوون

پێنووسێك و تیانووسێك
عەشقی یەك بوون.
ئاوێزانی یەکتری بوون.
بەرهەمیشیان،
چەند چامەیەکی چاوگەشی
ناو باوەشی تیانووسەکە و
ژووانیشیان سەرمێزێك بوو.
خودا خەیاڵ و
مامانیش دەستی
شاعیرە خەفەتبار و تەنیاکە بوو.

٢٠٠٦/٩/٢٦

مەستبوون

دیکتاتۆر و کورسی چەند یەکتریان خۆش دەوێ؟!
قەڵەمەکەم! من ئەوەندە.
باڵندە و لوتکە چەند هۆگری یەکترین؟!
وشەکانم! من ئەوەندە.
هەژار و بەدبەختی چەند ئاوێزانی یەکترین؟!
ڕۆژگاری ڕەش! من ئەوەندە.
مەست و مەی چەند هۆگری یەکترین؟!
شیعرەکانم! هەزار هەزار ئەوەندە.

کشان

هەموو شەوێ لە ئاسمانی دڵی مندا

پۆلە ئەستێرەیەك دەکشێن.

دەزانی بۆ؟

پەری نەفرەت دەیانەوێ

لە دڵمدا دەریبێنن خۆشەویستیی چاوانی تۆ.

٢٠٠٦

لانکەی جیهان

لانکەی جیهان
لە لێواری مەرگ دا،
ڕایدەژەنن شەڕانییەکان.
ئاخۆ دەبێ چی بە سەر بێ،
چارەنووسی ئەو کۆرپانەی
لەناویدان؟!

٢٠٠٦ /٩/٣

کەشتی ژیان

ژیان چەشنی دەریایەکە
چەند مەلەوان، چەند دەریاوان
تیا نوقم بوون و خنکاون.
چەند تەختەدار و کۆتەرەش
–بە باوەشی شەپۆلەکان–
هەتا دەم کەنار براون.

سکپڕبوون

که منالێ بووم لێیان پرسیم:
"ئەم وشانە لای تۆ چییە:
کوردستان؟"
وتم: دایەی خۆشەویستم.
وتیان: "سنوور؟"
وتم: کۆرپەیەکی خنجیلانە
بەمزوانە دێتە ژیان.

ڕۆژەکان

هەندێك ڕۆژمان بۆنەی خۆشن،

زۆرێکیشیان غەم و حەسرەت!

کەمێك هەن شانازین و

زۆریش پڕن لە خیانەت.

٢٠٠٦

باو

نیوەی خەڵکی لەگەڵ باوە
نیوەکەی دی دژی باوە.
ڕێبەری من ئەو بیرەیە
لەنێوانی هەردووکیانا،
زۆر بە دیقەت ڕاوەستاوە.

٢٠٠٦

چاوەڕوانی

ئەی بیاباننشین!

لە چاوانتا، تۆ سەرابت چاند

من چاوەڕوانی.

تۆ هیوات دروێنە کرد،

من نائومێدی.

٢٠٠٦

جۆشدان

کە دەتبینم

دۆزەخم بیر دەچێتەوە.

کە پێت ناگەم،

دۆزەخێکم بۆ تاو دەدەی

هەرگیز بیرم نەچێتەوە.

تۆخبوونەوە

ئاسمان من و ئەستێرە تۆ.
زەریا من و کەشتیگەل تۆ.
خۆری دەم کەل سیمای من و
زەردەش ئەتۆ.
تاریکەشەو بوونی من و تارمایی تۆ.
کاڵترین ڕەنگ ڕەنگی من و
تۆخترینی هەمان ڕەنگیش:
گیانەکەم تۆ
گیانەکەم تۆ.

٢٠٠٦/٧/٣١

ئاوەژوو

بەژنت هەرچەند زیندانێکە بۆ گیانـــــــم،
کە دەیبینم خۆم بە ئازاد دەزانـــــــــم.
خۆشەویستیت هەرچەند پەتی گەردنمە،
بێ ئەو پەتـــە ناژیم ژیان مردنمـــــــــــە !

٢٠٠٦

چۆن لێت بگەم

ویستم لە جوانیت بگەم:
هەموو باخی دنیا گەڕام،
چەپك چەپك گوڵی جوانم لێ کردەوە.
لە پڕێکدا کە ڕووخسارتم بیر کەوتەوە،
چەپکەکانم لە دەست بەربوون!
کاتێك ڕووانیم
یەکە یەکە هەموو سیس بوون.

٢٠٠٦

پاڵەوانە خەیاڵییەکان

چەند پاشا ڕۆی،
چەند تاج ڕزین.
چەند تەخت و بەخت
هاتنە لەرزین.
چەند دیکتاتۆر،
چەند ستەمکار،
هەموو بوونە بڵقی سەرئاو
هەموو بوونە بەردی بن گۆم.
گەرچی هەموو (واقیعی)یش بوون.
بەڵام (ئاکاکی)[٤] و (زۆربا)[٥]
هێشتا ماون، هێشتا زیندوون
–وان لە دڵا–
هەرچەند زادەی خەیاڵیش بوون.

٢٠٠٦/٨/٢٤

---

[٤] پاڵەوانی چیرۆکی پاڵتۆی گۆگۆل.

[٥] پاڵەوانی ڕۆمانی زۆربای نیکۆس کازانتزاکس.

پلان

زەمانی زوو دوو دڕکی سیس
ویستیان گوڵێك،
لەسەر نەخشەی تەنیا باخێك
بسڕنەوە.
بۆنی خۆشی بەیەکجاری
ببڕنەوە.
بیریان برد و بیریان هێنا،
پلانێکیان بۆ داڕێژا:
چی پاشەڕۆی ئەو ناوە بوو،
چی قوڕاو و لیتاو هەبوو،
خڕیان کرد و خستیانە بن قەدی گوڵە.
بە قاقاوە بە جێیان هێشت ...

کە ئێوارە گەڕانەوە

هەر لە ڕێوە بۆنی گوڵ هات،

کاتێك دییان ئەو پێدەشتە

سەراپا بووەتە گوڵستان.

****

لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا

دڕك بووەتە چەتەی ڕێگا –

بۆ ئەوانەی عەشقی گوڵن،

بۆ ئەوانەی یاخی و سەرچڵن.

٢٠٠٦

سەر و ژێر

بەبەر چاو و
لەسەرەوە –بە ئاسمانا–
کۆترەکان ئازاد دەکەن.
لەژێرەوە و لە زەویدا،
تۆوی چەقۆکان دەنێژن!
کە کۆترەکانیش لە بەرچاو ون بوون،
نووکی تیرەکان ڕادەسپێرن
–تا بۆ پاراوی پێدەشتی چەقۆکان–
یەکە یەکە خوێنیان بڕێژن.

٢٠٠٦/٩/٢٤

تاکولۆ

چۆن بتبینم؟!
کە هەندێجار هێند سەرکەشی،
هێند بڵندی،
سپی و ڕووناك
وەکو لوتکەی ئەڤرستی
چیاکانی هیمالایە!
هەندێجاریش
قووڵی، مەنگی و تاریکیت وەك:
کەندەڵانی ماریانایە!

دڵی مردوو

بوونەوەرێك هێشتا دەژی و دڵی نییە !

قومارچیەك دڵی لەسەر مێز داناوە و

هیچ ئاگایشی لە ئەلف و بێی قومار نییە.

٢٠٠٧/١١/١

بەربانگ

کە هەتاوی ڕووت تیرۆژی دەرکـەوت،
ڕۆژووی ئەوینت فەرزە لـــە ڕێمـــــا.
چاوەڕێم بانگی ئێوارەی دڵـــــــت،
پەیامی شکان بدا بە گوێمـــــــــا.

ئەگـەر ئێـوارە دڵـــت کڵۆم کـــرد،
من لە میحرابی چـــــاوت ڕامـــــاوم.
منارەی باڵات چی پێیـــــە بیڵـــــێ –
هیلاکم، برســیم، تینووم، خنکـــاوم.

چەکی ئەوین

بانکی دڵت مـــایـــەپوچـــە
چەکی ئەوینت بۆ کوێ بەم؟
دراوی حەزت بۆ کـــێ بوو؟
بە وت بدایە چـــەکـەکەم.

هاودەم

عاشق هەرگیز تەنیا نییە،

خۆ هیچ نەبێ چوار هاودەمی لەگەڵدایە:

ئێش، مەراق، سووتان و دابڕان.

شاعیر هەرگیز تەنیا نییە،

ئەو هەمیشە چوار هاودەمی لەگەڵدایە:

خەیاڵ، قەڵەم، تەنیایی و ژان.

ئەستێرەی بەخت

ئەستێرەی بەختم هەتا دەهات شینتر دەبوو.

چۆن غەمبار نەبم!

وا لەپڕا دوور کەوتەوە و

هێدیهێدی سوور هەڵگەڕا.

٢٠٠٦

تەنیا جارێ

من تەنیا بۆ جارێ تەماشای سروشتی جوان دەکەم.
من تەنیا بۆ جارێ سەرنجی بڵندیی کێو دەدەم.
من تەنیا هەر جارێ لێرەوە بە بزە
نیگایەك بۆ خۆری دوور دەکەم.
من گەرچی بە وێنەی پەپوولەم،
لەگەڵ گوولێ هەر جارێ
دەمی خۆم لە دەمی ئەو دەدەم.
ڕاناگەم ڕاناگەم!
بەم ژینە کورتەدا ڕاناگەم.
بەڵام من دەمەوێ هەمیشە تەماشای
سروشتیی ڕازاوەی تۆ بکەم،
هەمیشە سەرنجی بڵندیی باڵاکەی تۆ بدەم.

دووریش بیت، هەمیشە لێرەوە من نیگات بۆ بکەم.

دەمەوێ پەپوولەی عەشق بم

لە گوڵی ڕۆحتدا تا ئەبەد هێلانە چێ بکەم.

لەگەڵ تۆ کوا کورتی ئەم ژینە؟

کوا مردن؟

تەمەنم چەند کورت بێ – درێژە !

بۆت دەژیم،

دە تۆش ئەی شۆخەکە وەرە نێو یەقینی عەشقەوە

تا ئەبەد گومان و دوودڵی بنێژە.

ئیرادە

هێزی شێر و

فێڵی ڕێوی و

جوانی و نەغمەی ئەو بولبولە.

هەموو نەگەیشتن بە عەشقی پاکی شەمع و پەپوولە !

ئەویش نەگەیشت بە ئیرادەی یەك مێروولە.

٢٠٠٦/٤/٢

ڕەقیب

ڕووبەڕووی یەك ڕاوەستابووین.
نیگای چاوت، بزەی لێوت
ئاوێزانی خۆشەویستی یەکی کردین.
بەڵام وەختێ چاوەکانت ئەبڵەق بوون و
دانەکانت لێویان گەستی،
زانیم! ڕەقیب نیگا و بزە و خۆشەویستی
لە دەست بردین.

دابڕان

هەموو جوانی ئەم جیهانەم تێکەڵاو کرد –
بزەیەکی تۆیان نەخشان.
خۆشەویستیی ئەم جیهانەم کۆ کردەوە –
چرکەیەکی ژووانی تۆیان بە من ناسان.
ئەو وەختەشی کە دۆزەخم بیر کەوتەوە –
دیمەنێ بوو لە سەدەهای ماتەماوی لێکدابڕان.

سەفەر

ئاسمان دەکەم بە پێخـــەف و
ئەستێرەیەك نایەتە جێـــــم.
زەویم لێ بـووەتە ســـەراب و
هەر دەڕۆم و هەر نـاگا پێـــم.
شەقامەکان دەنووســـــمەوە،
گۆڕەپـانێك نایەتە ڕێـــــــم.
دەســتلەملی تەنیاییـــــــم و
بەبێ هودە هەنگاو دەنێـــــم.
ڕۆژەکـانم دەژمێـــــــــرم و
کە شەو داهات، چاو لێك دەنێم.
کوا فەلسەفـــەی ئەم ژیانـــە؟!
بۆ هەنگاوی سەفەر نەنێـــــم؟

٢٠٠٧

لەوەتی هەین

لەوەتی هەین
دیلی دەستی ئەم و ئەوین، بەڵام یاخیین.
لەوەتی هەین
کەفتەکاری ڕێگەی ڕەوین،
بەڵام هێشتا ماندوو نەبووین.
لەوەتی هەین لێمان دەدەن،
دەمانکوژن، دەمانبڕن،
لە ناو ناچین – زیادیش دەبین.
لەوەتی هەین بە دەرگادا
یا بە پەتا،
یا بە پاشووی سەیارەدا هەڵدەواسرێین –
خۆڕاگرین، ورتە ناکەین.
لەوەتی هەین قاپ و قووتوو

تا نێزەشمان تێ دەبڕن و

ئاخێك ناكەین!

لەوەتی هەین

زەوی پڕە لە خوێناوی دڵی ئێمە،

زەریاش پڕە لە فرمێسکی چاوی ئێمە،

دەربەس نیین و ناشیسڕین.

كەچی سەیرە لەوەتی هەین

قولانجێكیش پێش نەكەوتووین!

دەزانن بۆ؟

كە چمكێكی دۆلارێكمان پیشان بدەن

لە ئەو پەڕی بەرزیشدا بین

ڕووی تێ دەكەین،

لە ئاستیدا گەورە و بچووك

چۆك دادەدەین.

٢٠٠٧/١٠/١٧

پەنجەیەک و دوو ئاماژە

کە ڕووبەڕووت ڕاوەستاوم

چوار پەنجەکەت نوقاندووە،

بۆ هەڕەشە پەنجەیەك ڕادەوەشێنی.

کە ڕووبەڕووی خوداش دەبی،

بەو پەنجەیە شایەتومانەکەت دێنی.

٢٠٠٩

لەقوتوونان

قاچاخچییەکان!

قومارچییەکان!

بازرگانە خوێنمژەکان!

ڕێبەرە زۆر نەفامەکان!

هەر ئەو دڵەی لەپێناویا

خوێنی سەدان ڕۆڵەی کوردتان بۆ دەڕژان

کەوتە دەستتان ....

کەوتە دەستتان....

هەر بە ئیفێ خستتانە ناو بۆتەی ڕەشی

دەستورێکی بێ ناونیشان –

لێتان نووسی ساتی یەکەم بەرهەمهێنان:

(ساڵی سفر پێش دەسپێکی ساڵی جیهان)

ساتی دواین بەسەرچوونیش،

تا کۆتایی مانگی دوازدەی دوو هەزار و حەوتی خایان.

ئەیلوولی ٢٠٠٧

تا ولاٚتیش ڕقی لێمە

١

ولاٚتی من تەراتێنی خۆرهەلاٚت و خۆرئاوایە،
قومارخانەی ئەم و ئەوە.
کامە دزە،
کامە یەکجار دەمی شڕە –
کلیلی گشت قاسەکانی،
نهێنی گشت ڕازەکانی
وا لەناو دەستی ئەوە.
ولاٚتی من تەراتێنی خۆرهەلاٚت و خۆرئاوایە،
قومارخانەی ئەم و ئەوە.
کامە یەکجار شەروالٚپیسە،
بۆ ئەو کەسە ولاٚتی من
جێگەی خەوە.
***
خۆم پێپەتیم –
ولاٚتی من پێلاوێکە

دوژمنەکەم لە پێی دەکا.
خۆم ڕووتوقووت –
وڵاتی من کاڵایەکە
هەموو کەسێ پۆشتە دەکا.
هەموو کەسێ لە ئاستیدا خاوەنماڵە و
بەشی خۆشم کۆچ و ڕەوە.
***

وڵاتی من
عەیامێکە بەقەد پانی و فراوانی،
ئێسك و پروسکی من دەخوا.
بەقەد چاوگەی ئاو و کانی، لە خوێنی من داوا دەکا.
کەچی خێر و بێر و ئاوی،
هەر پێشکەشی ئەم و ئەوە.
***

سەیرە سەیرە یەکجار سەیرە
زەوی، ئاسمان، هەموو جیهان
تا وڵاتیش ڕقی لێمە.
سەیرە سەیرە یەکجار سەیرە !

٢

– کوا پشتەکەم بۆ دیار نەما؟

کوا براکەم بۆ لێم ڕەنجا؟

کوا یارەکەم بۆچی تۆرا؟

کوا دەستەکەم بە چی شکا؟

+ هەموو خەو بوون خەونێکی خۆش!

– نەخێر! هەرگیز، هەرگیز، هەرگیز ....

خەون نابینم، نەشمدیوە!

هەرگیز،

هەرگیز ....

پشتم هەبوو، برام هەبوو،

یارم هەبوو، دەستم هەبوو ...

هەرگیز، هەرگیز خەونیش نەبوون.

بۆ دیارنەمان بۆچی ون بوون؟!

+ پشتت کێ بوو؟ غەیری شاخە بڵندەکان،

بۆ ئەوانت لە خۆت ڕەنجان؟

برات کێ بوو؟ هاوزمانت؟

یاخود زۆڵی هەموو جیهان.

یارت کێ بوو؟ خاك و ئاوت؟

یا دۆلار و پارە و سامان

دەستت کێ بوو؟ هەر ئەو دەستەی شۆڕشی کرد؟

یاخود دەستی دزی و تاوان.

****

بگەڕێوە ! تۆ ئەمێستا دەستەکانت لەگەڵ دەستی

ڕەقیبانا تێکەڵاوە.

بگەڕێوە ! پەشیمانی تەنیا ئەمڕۆ دادت دەدا،

بۆ سبەینێ ئیدی ئەویش تفی نەفرەتت لێ دەکا.

بگەڕێوە ! بگەڕێوە !

تا تروسکەی هیوایەکت تێدا ماوە

مەکوژێرەوە ...

مەکوژێرەوە ...

٢٠٠٧/١/١٤

مەرگ لەپێناوی ئازادیدا

شیعر وتی: نەمفرۆشی!
دەبێت ورگی خۆت هەڵگوشی.
وشە وتی: نەمکەیت بە زێڕ
بۆ سواغی تاجی پاشا،
تا هەتایە ڕسوا دەژی.
قەڵەم وتی: نەمخەیتەگەڕ
بۆ بەرگری لە تەخت و تاج،
تفەنگەکان ڕووت تێ دەکەن.
ژینیش وتی: گەر مەراییت لە بیر بچێ،
خۆشاوی مەرگت پێ دەدەن.
دوای هەموویان ویژدان وتی:
گەر ئازادیت لە بیر بچێ،
لە پاش مەرگت بۆ مەزبەلەی مێژووت دەبەن.

٢٠٠٧

سەرەنجام

خۆشم ویستی!
بێوەفاییت، دڵمی شکان.
پڕم دایە شەمچەیەك و
گڕم بەردا لە سەراپای خۆشەویستیی
هەموو جیهان.
***
خۆشم ویستی!
هەموو ڕۆژێ،
هەموو ساتێ
مەلی شیعرم بۆ دەگرتی،
لە قەفەزی هۆنراوەدا دیلم دەکرد
بە بێدەربەست بێبەزەیی.
بێوەفاییت لەپڕێکدا هەمووی فڕان،
بەرەو عەدەم بۆ جیهانی پێش مەرگ و مان.

٢٠٠٧

چەقۆ

ئا لەوێ لەو خوارووی وڵاتە.
چەقۆیەك،
وەك دایك و كچانی ئەو خاكە، ڕەشپۆش بوو.
نەك هێندە زیاتریش،
تا ڕەنگ و تا ڕوویشی ڕەش ڕەش بوو.
ئەو چەقۆی قوربانیی جەژنانی پێشوو بوو.
ئەم جەژنە لە جێگەی قوربانی،
سەری چەند كوڕانی دایكان و
باوكانی چەند زارۆی ئەو شارەی بڕیبوو.
ئا لەوێ لەو خوارووی وڵاتە چەقۆیەك
دەمەكە و
مشتۆكە و
هەتاكو كیفیشی سەراپا لە غەدرا
ڕەش ڕەش بوو.

٢٠٠٧

لە ئەنگۆرە تا کازیوە

لە ئەنگۆرەوە تا بەیان،
من لە جێگەی ئەم ئاسمانە بەرینەدام،
وام لە ژووانی ئەستێرەدام.
لە بەیانیش تا ئەنگۆرە
–چوون خۆرپەرست–
سەروسەکوتم لە خۆرە.
****
کە شەو دادێ تۆ جریوەی هەزاران هەزار ئەستێرەی،
کە ڕۆژیش دێ تەنیا پرشنگی ئەو خۆرەی.

٢٠٠٨/٧/١٣

شۆڕشێکی دیکە

دەیان ساڵە ...

سەدان ساڵە ...

هەزارەها هەزار ساڵە ...

ئەگەر کۆیلە حوکم بکا یاخود سەردار،

گەر دەرەبەگ حوکم بکا یاخود جوتیار،

گەر کرێکار حوکم بکا یاخود بۆرژوا و سەرمایەدار،

دنیا هیچی لێ ناگۆڕێ!

ستەم باوە و هەر دەمێنێ،

هەر جارێکیش لەژێر کاڵا و بەرگی نوێدا خۆی دەنوێنێ،

ستەم هەرگیز لە ڕەوڕەوەی ئەم ژیانە جێ نامێنێ.

دەیان ساڵ بوو وایان دەوت:

"هەر دەرەبەگ ستەمکارە،

هەر جوتیارە بەشخوراوە."

دەیان ساڵ بوو وایان دەوت.

هەتا جوتیار شۆڕشیان کرد:

تەخت و تاجی دەرەبەگیان ئاوەژوو کرد،

خۆیان دەستیان بەسەر کورسیی دەسەڵاتی وڵاتدا گرت.
کاتێ دیمان، دیسانەوە وەکو جاران ستەم باوە !
مژینی خوێن هێشتا ماوە.
نەمانزانی ئەوەی شەڕیان لەسەر دەکرد،
ئەوەی خوێنیان لەسەر دەڕشت،
ئەوەی یەکیان لەسەر دەکوشت
لەم پێناوە:
تەنیا و تەنیا ئاڵوگۆڕی حەرف و ناوە.

بتپەرستی هێشتا ماوە !
بتپەرستی هێشتا باوە !
ئەوەی ئەمڕۆش کڕنووش نەبا بۆ بتەکان
هەر چەوساوە و بەشخوراوە.

کورسی هەرگیز وەفای نییە،
دەسەڵات و هێزی هەیە.
عەدالەتیش بۆ هەمیشە
تاقە دووژمنی کورسییە.

ئێستا لە سایەی شۆڕشا

دیکتاتۆر: نەك یەك و دووان هەزارانن.
ستەمکار: تووندتر نەبن وەك جارانن.
ئێستا لە سایەی شۆڕشا.

من ئەمجارە شۆڕشێکی دیکەم دەوێ:
دوور لە چین و بیروبڕوا،
شۆڕشێکی بێ شووناس و بێ ڕێبەر و ئایدۆلۆجیا.
ئەمجارەیان شۆڕشێکی دیکەم دەوێ:
شۆڕشێ ئامانجی چاکەی گشت بێ –
نە درووشمی باقوبریق،
نە دەسکەلای دەستی کەس بێ.
ئەمجارەیان وەکو پەشێو:
" من کەڕەنای جەنگ لێ دەدەم.
جەنگێکی وا
کە بۆنی ئاهەنگی لێ بێ.
تف لەو جەنگەی بۆ ئەوە بێ،
دنیا وەك پێش جەنگی لێ بێ! "[٦]

٢٠٠٧

[٦] بەشێك لە هۆنراوەی "کەڕەنای جەنگ"ی عەبدوڵا پەشێوە.

خۆشەویستی ڕۆبۆتەکان

ڕۆبۆتێ عاشقی یەکێکی هاوشێوەی خۆی دەبێ.
تاقانە ئینجانەی بەردەمی پەنجەرەی
ماڵەکە دەشکێنێ و گوڵەکەی بۆ دەبا.
ڕۆبۆتی دووەمیش نایەوێ و دەیخاتە ژێر پێی و
داوای گوڵێکی نایلۆنی لێ دەکا.

تەوق

مەلی خەیاڵ چۆن هەڵفڕێ؟

کە ئەهریمەن دەرگای ئاسمانەکانی یەکە یەکە کلۆم داوە.

چاوی شیعرم نابینایە!

دڵم زیندانی سەد غەمە،

قەدەر تەوقی خەونەکانی منی داوە.

گەمارۆ

گەمارۆی سەرقەڵەمم،
وشەکانم نامرێنن!
وشەکانم هەستی سرکن
لە جیهانی ئەبەدیدا
فەرهەنگێکی جاویدانی پێك دەهێنن.
گەمارۆی سەر وشەکانم
شیعرەکانم هەڵنافڕێنن.
شیعرەکانم مەلی یاخین،
لە ئاسمانی خەیاڵمدا هەر دەمێنن.
گەمارۆی سەر کتێبیشم
سنگم شەقوپەق ناکا
کە یەکەمجار تیام نووسیون.
گەمارۆی سەر خوێنەریشم
خۆشەویستی لەنێو نابا،
چوون بۆ ئەوانم نووسیون.

٢٠٠٧

خۆشویستنی سەرۆک

کە منالێ بووم سەربازێکی وڵاتەکەم،
نا ببوورن جەلادێکی ئەڵقەلەگوێ!
هات و پرسی:
تۆ بۆ سەرۆکت خۆش دەوێ؟
وتم : لە لە لە ....
وتی بڵێ: لەبەرئەوەی سەرۆك
باوکی هەموو گەلە !
ڕەمزی شۆڕش و بەرخودانە !
سەرۆك ئاوە، سەرۆك نانە !
سەرۆك سەرچاوەی ژیانە !
ئافرێنەری من و تۆیە،
پاڵەوانی نیشتیمانە.
سەرۆك ڕەبە، سەرۆك گۆدە
سەرۆك خودایە یەزدانە !

تۆ ببینە کڕنوش دەبەن لە ئاستیدا

دار و بەردی ئەم جیهانە !

وتی بڵێ ئەی گوڵی جوان،

با بزانم ئەم جارەیان

تۆ بۆ سەرۆکت خۆش دەوێ؟

وتم چونکە ....

لە ناخمدا تەواوم کرد:

"ڕقم لێیە ! چونکە سەرۆك دوژمنی گەلە !

ڕەمزی چەوساندنەوە و مافخواردنە.

سەرۆك ژەهرە، سندانە !

سەۆك سەرچاوەی نەمانە.

سەرۆك بکوژی شۆڕشە.

سەرۆك عەمیلی شەیتانە.

لەبەرچاوت کڕنووش دەبەن،

لە ژێرەوە نەفرەت دەکەن لە ئاستیدا

دار و بەردی ئەم جیهانە."

ڕاچەڵەکیم ....

بە ئاشکرا تەواوم کرد:

چونکە سەرۆك لە ئاستیدا

هەرچی بڵێم هێشتا کەمە !

سەربازەکە پڕی دامێ و ماچی کردم.

هەتا توانی سوپاسێکی گەرمی کردم.

وتی: سوپاس.

سوپاس بۆ ئەو ناخە بەرز و جوانەت.

بۆ ئەو هەستە پڕ ویژدانەت.

بۆ مامۆستا بۆ خێزانت.

فێریان کردووی کە وا سەرۆك چەند مەزنە !

وشەی بەرزیش لە ئاستیدا چەند شەرمنە.

٢٠٠٦/١٢/٣

کۆترێکی نامەبەر

کۆترێکی نامەبەر دەستی کرد بە گریان:

"لەوەتی هەم نامەیەکم لە عاشقێ

بۆ عاشقێ نە ناردووە !

لەوەتی هەم گشت ئەو نامانەی ناردوومن،

بۆ سیخوڕی یان بۆ تاودانی شەڕێ بوون."

٢٠٠٨/١٢/١

کۆتری مەرد

لە شەقامێکی پایتەختا
پەیکەرێکی سەرۆك دانرابوو.
بتەگەورەی ناو کەعبە بوو،
لە بڕۆنز چێ کرابوو.
کێ دەیوێرا بە نیازێ سەیری بکا !
کێ دەیوێرا ئا لەوێوە تێپەڕ ببێ:
قاچەکانی تێکەڵ نەبن،
دەستەکانی هەڵنەلەرزن،
دڵی یەکسەر دانەخورپێ؟
کێ دەیوێرا؟

ئا لەو کاتا باڵندەیەك،
بە بەرچاوی پاسەوان و خەڵکییەوە.

لەپێش چاوی کامێراکان.
بە بەرچاوی گشت ئاسمان و زەوییەوە.
نیشتەوە لەسەر سەری
هەتا بیکا بە لانەیەك.

پاش چەند جارێ قوونەقوون و خولانەوە،
پاش چەند جارێ باڵەفڕە و دەنوکلێدان،
سنگپیادان و هەستانەوە.
زانی کە وا سەری سەرۆك تا بۆ لانەیەکیش دەست نادا.
ڕیقنەیەکی بەسەردا کرد:
بە چاو و لووت و دەمیا هاتە خوار،
ئینجا لە شەقەی باڵی دا کۆتری مەرد.

٢٠٠٨

تاقیکردنەوە

هەتـــا بگەم بـە هەنگـــــاوێ،
خۆم لە قەرەی سەد ڕێ دەدەم.
هەتـــا بگەم بـــە بنـــــــــارێ،
سەیری هەزار لوتکـــــە دەکـەم.

٢٠٠٨/٥/١

گوڵ چۆن دەمرێ!

تۆوی گوڵێك
–لەنێو سکی کەروێشکێکدا،
کەروێشکەکە لەنێو سکی هەڵوێیەکدا،
هەڵوکە لەنێو سکی ڕێوییەکدا،
ڕێوییەکەش لەنێو سکی پڵنگێکدا–
وەك خۆی مابوو!
کاتێك زانیم لە پاشەڕۆی ئەو پڵنگە
گوڵجارێکی نوێ پەیدابوو.

٢٠٠٨/٧/٤

بەشکردن

لە منداڵییەوە تا مردن من هەر دەڵێم:

"هەمووی بۆ تۆ لە دارلاستیکەوە بۆ ئەتۆم،

هەرچی یاری و ئەوینیشە دەیبەم بۆ خۆم."

٢٠٠٨

گەڵای مردووی داری تەمەن

گەڵای مردووی داری تەمەن
بە لقێکما ماوەتەوە.
لێ ناگەڕێ ڕەشەبای مەرگ
بۆ باوەشی هاودەمەکەی ساڵانی زووی بباتەوە.
گەڵای مردووی داری تەمەن جێم ناهێڵێ،
شوێنەواری برینێکی ساڕێژ بووە،
وا سەرلەنوێ سەری لێم هەڵداوەتەوە.

٢٠٠٨/٧/٢١

دووری

دووری نێوان زەوی و ئاسمان
دووری نێوان تۆ و منە ئەی نازەنین.
ئەی نابینی! هەتا ئاسمان بەکووڵ نەگری
زەوی ناداتە پێکەنین.

٢٠٠٨

دوو شاعیر

یەکەم شاعیر، کۆشکی پاشا و تاجی پاشا و
تا شاژن و شازادەیشی بە وشەی جوان ئارایشت کرد.
دووەم شاعیر، چەکی وشەی کردە شان و
لافی یاخیبوونی لێدا.
هێندەی نەبرد:
یەکەم شاعیر لەگەڵ تاج و کۆشکی پاشا
بەیەکەوە توانەوە.
وشەکانی وەك باڵندە هەڵفڕین و
بۆ ناو هێلانە چوونەوە.
هەر هەموویان لەگەڵ یەکدا
بەرەو عەدەم گل بوونەوە.
دووەم شاعیر کە ئەو دەمە جەلادێکی کۆشکی پاشا
ملی کردبوو بە پەتا،
بوو بە یەکەم پاڵەوان و لە ئە فسانەی نەمریدا،
تا هەتایە بانگی سەرکەوتنی دەدا.

٢١ /٧/٢٠٠٨

بزەی گزنگ

مۆمێك گریا !

سۆمای چاوی تاریکیی دەوری خۆی ڕاونا.

جەستەی هەموو توایەوە.

تاریکی دایە پێکەنین،

بەتەوسەوە بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە.

لە پڕێکدا تاریکایی دوا ئاوڕی خۆی دایەوە،

کاتێك گزنگ بەبزەوە

دوا لاپەڕەی شەوەزەنگی هەڵدایەوە.

٢٠٠٨/٨/٣١

ناونیشان

دەمەوێ بتکەمە سەرەتای قەسیدەم،
ناوەند و کۆتایی ڕێم نادەن.
دەمەوێ بتکەمە ناوەندی قەسیدەم،
سەرەتا و کۆتایی ڕێم نادەن.
دەمەوێ بتکەمە کۆتایی قەسیدەم،
ناوەند و سەرەتا ڕێم نادەن.
بۆیە من دەتکەمە ناونیشان.

کوشتارگە

بەڵێ شیعرم سەربڕیوە !
گەلێك وشەم بە گوریسی سێدارەدا هەڵواسیوە.
ئەگەر بڵێم: هەتا گۆشتی چەند دەفتەری خۆم خواردووە،
هەتا خوێنی چەند قەڵەمی خۆم نۆشیوە.
لە پاش هەموو ئەو شیعرانە،
لە پاش هەموو ئەو وشانە
بۆ عەشقی تۆ
بۆ وەسفی تۆ
لە سپڵەیی و پێنەزانی بە ئەو لاوە
هیچی ترم لێت نەدیوە.

٢٠٠٨/١١/٢٨

سۆسیایەدار

سەرمایەداری ولاتم –
کۆنە پیاوی سۆشیالیزم.
دۆستی چینی کرێکار.
ئالاهەڵگری پرۆلیتار.
ڕۆژێ وتی:
"تا هەنوکەش دۆستی چینی کرێکارم.
خۆشەویستی هەموو مرۆڤێکی هەژارم.
دژی بۆرژوام،
دۆستی هەموو ئازادیخوام.
تا هەنووکەش نەگۆڕاوم!
وەکو خۆم وام."

قەدەر وابوو لەو کاتەدا،
کرێکارێ دای لە دەرگا.
"بەڵێ فەرموو."

بەترسەوە هاتە ژوورێ.
"ها! دەی بڵێ."
"گەورەم قوربان، لێقەوماوم!
کرێگرتەی کابرایەك بووم،
وا ئێستاکە دەرکراوم.
من نە دزم، نە دەرۆزەکەر.
نە سیخوڕم و نە نۆکەر.
بۆیە هاتووم کارم دەوێ –
هێزی لەش و بازووم هەیە،
فەرمان بدە بۆتی دەکەم
هەرچیت دەوێ."

سەرمایەدار، وەك
بە تینی گڕی دۆزەخ تاو درابێ،
وەکو ئاسمان بەسەر سەریا
بە یەکجاری داڕمابێ!
توڕە توڕە،
لە ئەرزەوە هەتا ئاسمان،

به لێشاو جنێوی داباران.
"کێ ڕێگەیدا بێیتە ژوورێ؟"
فەرمانیدا،
دەستوپێوەند قۆڵیان گرت و
هەڵیاندایە ئەودیو دەرگا.

بۆ سبەینێ خواپێداوێ
هاوڕێی هەمان سەرمایەدار
زەنگی تەلەفونەکەی لێی دا.
"بەڵێ کێیە؟"
سەرمایەدار لە پاش سڵاو:
"زۆر ببوورە کە وا کەمێك کاتت دەگرم،
باڵە خانەی سێ نهۆمیت تەواو بووە
پێشکەشت بێ.
هەزار هێندەی کەت قابیلە،
بەڵام برای بچووکی تۆ
تەنیا ئەوەندەی لە دەست دێ."

تەموزی ٢٠١٠

ئامانجی ڕێم

لە ڕێگەی ژیانا،
لە ڕێی پڕ کێبەرکێی مانەوە و نەمانا –
هەندێکمان لە یەکەم هەنگاودا دەکەوێ،
هەندێکیش هەتا سەد هەنگاوێ هەڵدەنێ.
تا ئێرەم هێناوە، نازانم هەنگاوی درێژم تا کوێیە،
سەرەنجام چیم لێ دێ؟
بەڵام من دەمەوێ بەر لەوەی بگەمە دوامەنزڵ،
هەنگاوم هەنگاوی بوراق و
پەیامم پەیامی کۆتری سپی بێ.

ئالاٚنگار[٧]

ئەو گەڵایەم زۆر خۆش دەوێ!

با سیس بووبێ،

تا بەهاری تازە نەیەت

لە دوا لقی درەختەکە نابێتەوە و هەڵناوەرێ.

[٧] بەڕووداچوونەوە یان (تحدی) پێشتر ئەم هۆنراوەیە ناونیشانێکی دیکەی هەبووە.

ترس لە کۆتایی

هەموو ڕۆژێ:

دەتکەم بە سەرمەشق بۆ شیعرەکانم.

بە شاکاری هەڵبەستەکانم.

بە ناونیشانێ بۆ گشت ژیانم.

خۆ دەزانم ئەو ڕۆژەش دێ

لێم ون ببی وەکو گیانم.

هەڵبەستم

من بۆیە تۆم دەوێ تا شیعرێ بنووسم.
من بۆیە سەرنجی باڵاکەی تۆ دەدەم
تا وشەی ڕازاوە هەڵڕێژێ پێنووسم.
من بۆیە سەرڕێگات لێ دەگرم،
من بۆیە بە وشەی وا شیرین ڕاتدەگرم
بۆ ئەوەی بگەمە شاوشەی مەبەستم،
تا بیکەم بە دوایین شادێڕی هەڵبەستم.
دوای ئەوەی جێم هێشتی، جێت هێشتم،
بێیتەوە سەر ڕێگام،
لە لای تۆ سەیر نەبێت گەر بڵێم:
"نەدیومی و نە هەرگیز دەتناسم!"

وشەیەکی بودەڵە

وشەیەکی بودەڵە،
خەریکە خۆبەخۆ ببێتە عینوانی شاکارێ.
لە دەریای بێبن و بێدەنگی خەیاڵی شاعیرا –
تۆڕی مات وەدەنگ دێ.
لە فەزای ئازادی نووسینا –
کە قەڵەم چاوی دەکەوێ بە نێچیر، لە تۆڕا گیر بووە.
ئیدی ئەو وشەیە دەکاتە عینوانی
شاکاری شاعیری لەمێژە چاوەڕێ.

کێشمانکێش

ڕەشەبای ئەم شەوی پایزە
لەوایە دەرگاکە لە گرێژەن دەربێنێ.
قوولڤی دەم دەرگاکە ئەڵقەی توند گرتوە، نایەڵێ.
لەم کەین و بەینەدا وا لێوار خەریکە لاشیپان بشکێنێ.
٢٠٠٩/٩/٢٥

دواییـن قاقا

لە دوای ئەنفال

بڕوا ناکەم پێکەنیبم! قاقام دابێ.

مەگەر تەنیا بۆ گریانی ئەو کۆرپەیەی

تازە چاوی بە ژیانا هەڵهێنابێ.

پیاوانی بێ ڕەوشت

پیاوانی بێ ڕەوشت،
ئەوانەی کە خوێنی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکیان دەڕێژا.
بەربوونە سەر وێزەی سروشت و
ئەویشیان بە نێزەی نەفرەتیان دابێژا.
ئێستاکە دێن دەڵێن:
ژیان خۆی هەروایە،
گەر ئێمەش نەبووباین
ئەو کارە هەر دەبوو بکرایە.

کاتژمێر

تەمەن: کاژێر.

ساڵ: خولەك.

ڕۆژ: چرکە.

خۆیشم بوومە کاتژمێر و

قەدەر میلم دەئاژوێنێ.

دۆستی درۆ

تا لە گۆڕە تەنگەکەشم

بەرایی نایە دوو چاوی من،

ببینێ ئەوەی لای وابوو دۆستە،

بەهۆی درۆوە لێم بوو بە دوژمن.

٢٠٠٩/٦

تۆ و گەردوون

گەردوون – خۆرێك لە باوەشیا ڕاكشاوە.
باڵات – دوو خۆر لە لوتكەیا
سەری خۆیان مەڵاس داوە.
ئەو دەمانەی سەیرت دەكەم وەها دیارە
بە شەرمەوە لێت بڕوانم!
نەخێر گیانە لەتاو تینی ئەو دوو خۆرە
دەست دێنمە سەر چاوانم.

٢٠٠٩/٨/٢

زیخەشۆر

زیخەشۆری ئاوی چاوی من بکەن،
ژەهرەزیخی دڵی تۆی تیا بە دی دەکەن.
ئیتر بۆچی تۆ دەتەوێ چاوانی من بشۆیتەوە !
بۆ دڵی خۆت دەرناهێنی؟ جارێ پاکی بکەیتەوە.

٢٠٠٩/٥/٢٦

کیژەکەی سەرجادە

شاعیرێ بە ناوی کیژەکەی سەرجادە و
خەڵکانی هەژار و بەشخوراو،
هۆنبەهۆن فرمێسکی تیمساحی دەڕشت و
ملوانکی نایابی پێ ڕست و
خستییە نێو گەردنی کیژێکی خواپێداو!
لەو لاوەش قرچە قرچ هەڵدەستا
لە جەرگ و هەناوی کیژەکەی سەرجادەی
هەژار و لێقەوماو.

٢٠٠٩

لانەواز

بەیانی دەڕۆم و وا دنیا پڕ تەم و غوبـــــــــــارە،
بە ئەستەم لە دوورڕا تارمایی بەژنێکم لێ دیـــــارە
لە لای من هەر هەمان شۆخەکەی ڕۆژانی پێشـووە
بەڵام نا! وا دیارە کە سیمای ئەو نەبێ ئەم جـارە.

ئێوارە دێمەوە، وا دنیـــا تار و لێڵ دووبـــــــارە
لە دوورڕا تانوپۆی هەمان کەس دەبینم! بێچـارە
کیژەکەی کەلاوەی تەنیشت بوو یەکجاری دەرکـرا
شوێنەکەی دەکرێتە کۆشکێکی بڵندی ئەم شـــارە.

٢٠٠٩

باکم نییە

ئەگەر وشەم هەڵفڕێنن، یاخی دەبن.
لەسەر کێوی بەرزی بڕوا
خەباتی نوێ پێك دەهێنن.
ئەگەر وشەی من ڕاو بکەن، چونکە سرکن
تفەنگەکانیان یەك یەك دەشکێنن.
ئەگەر وشەم لە خاچ بدەن،
لە هەناوی هەر یەکە لەو وشانەدا
هەزار مەسیح دەخولقێنن.
ئەگەر وشەم بسڕنەوە لە دەفتەری یادەوەرییش،
باکم نییە بۆ لەمەولا!
تازە وشەم بوونە هەڵۆ و
کارمامز و
خاچی عیسا.

پریاسکەی نوێ

تۆ جارجارە برینێکت لەسەر ڕۆحما دروست دەکرد،
پاش ساڕێژبوون و قاڵببەند
بەبێ پەروا قەتماغەی زامیت هەڵدەکەند.
بۆیە ئیدی بڕیارم دا:
پریاسکەی تر بکەمەوە،
سەردەقێکی نوی بشکێنم،
توێژاڵێ تر هەڵدەمەوە.

٢٠٠٨

پاڕانەوە

بۆ تکایەك ئاسمان گەڕام
تا جوانترین وشەم هێنا.
بۆ دیارییەك زەوی گەڕام،
ناسکترین دیاریم هێنا.
ئازیزەکەم ئینجا وەرە:
"***تو خوا دڵم***" لێ وەرگرە.

ئاسمان

هەموو شەوێ ئەستێرەکان لە باوەشتا
ڕایدەمووسن کوڵم و لێو و مەمکەکانت.
تا بەیانی لە کۆشتدا هەموویان کۆ دەکەیتەوە.
بۆ بەیانییش وەکو ئەوەی هیچ نەبووبێ
دەستلەملی هاودەمەکەی ڕۆژانی زووت دەکەیتەوە.

کە تۆ دێیت

نیوەڕۆ ئەو دەمەی تۆ دێیتە بەردەمی
دەلاقەی بچووکی ژوورەکەم،
لە لای خۆت سەرچاوەی ڕووناکیت گرتووە.
لە لای من پێشووتر دەبێتە شەوەزەنگ –
ئەو ساتەی هاتیتە بەردەمی پەنجەرە،
گزنگی ڕۆژی نوێ لەوێوە بە دیار کەوتووە.

٢٠٠٩

ئاوڕدانەوە

دەست دامەگرە !

لەژێرەوە چەند جۆرە مار سەری خۆیان مەڵاس داوە.

قاچ هەڵمەبڕە لەژێر هەردوو پێیەکانتا مین چێنراوە.

دوور بڕوانە، بۆ یارمەتی هاوار بکە لەو برایەی

لە پاشخانی یادەوەریی جێت هێڵاوە.

جیهانی من ئەندێشەیە

گەر بتەوێ لێم ڕازی بی،
ئیتر هەرگیز تاقە شیعرێ بە چاوانی خۆت نابینی!
گەر بتەوێ ئاسمانی من بە دڵی تۆ وشەکانی دابارێنێ،
لەسەر زەوی لاپەڕەکەم شیعرەکانم سەوز نابن.
ئەو وشانە مولکی من نین لە ناویان دەم.
بەندەی من نین دۆزەخێکیان بۆ تاو بدەم.
خودی خۆم نین هەتاکو خۆم لە خاچ بدەم.
بوونەوەرن، وەکو منن، ئەمانەتن.
ئەو شیعرانە هەستیان هەیە،
دەنگیان هەیە، بۆنیان هەیە،
ڕەنگیان هەیە، ڕۆحیان هەیە، دڵیان هەیە،
پەلەقاژەی شۆڕشێکن، هەر بە دی دێن
با ئەمڕۆکەش بە دی نەیەن.
ئەو شیعرانە هەستی من نین،
ڕۆحی من نین، دڵی من نین،
جیهانی ئەو ڕاستەقینە و
جیهانی من ئەندێشەیە.

خۆزگە

خۆزگە لە جێگەی گیرفانی هەموو سەرمایەداران
گیرفانی کەنگەر دابدوورایە.
خۆزگە لە جێگەی بینایی هەموو چاوەبرسییەکان،
چاوی پەروانە دابنرایە.

چۆن بڵیم

من گەرچی پەککەوتەم، پێڕەوکەی عەشقم و
ڕووە و ئەو گاگۆڵکێی هەنگاوم هەڵناوە.
من گەرچی چەند زمان بۆت بدوێم،
هێشتاکە زمانی ئەوینم نەپژاوە.
من گەرچی دکتۆرای شانازی هەڵگرم،
هێشتاکە لە فێرگەی ژووانا قەڵەمێ لە دەستم نەنراوە.
من گەرچی خاوەنی ئاسمان و زەویش بم،
هێشتاکە هەژاری قاپییەکەی عەشقم و
لە لایدا چارۆکەی هەژاریم لە کۆڵی خۆم ناوە.
ئیدی چۆن پێت بڵێم: کوا نەنگی؟
چۆن بڵێم: ژیانم بێخەوش و تەواوە !

تەموزی ٢٠١٠

خنکان لە دوو وێنەدا

لەم بیابانە بەرینەدا بەرینەدا
بۆ دووی سەرابێ بکەوم؟
بۆ دەمودەست نەخنکێم؟
لەم دەریا بەرینەدا
بۆ بۆ کەنارێ بگەڕێم؟
بۆ لە چەقیدا نەخنکێم!

٢٠٠٩

زمانی جەستە

شان لە شان و دڵ لە دڵ و ڕۆح لەناو ڕۆح،

لە تەنیشتم بە ئارامی کز دانیشتووی.

تەنیا چاوە،

تەنیا زمانی جەستەیە

ڕووی خۆیان لێم وەرگێڕاوە.

٢٠١٠/٧/٢٣

دیلی تۆ

بەیانی ئەو دەمەی گوێ دەگرم لە دەنگت ئەی قومری:

حەز دەکەم من ببمە دیلی تۆ!

ئیتر بۆ هەڵدەفڕی کاتێك کە نزیکت دەکەوم،

بڵێ بۆ؟

٢٠١٠/٩/٩

کیژی ئومێد

ئەی کیژی سەوزپۆش لە وەرزی پایزا،
ئاخۆ تۆ کام ڕەنگی ئەو دەمەی بەهار دێ؟
ئەی کیژی پڕنەوا
لە بنکەی ئەشکەوتی تاریکی نێو شەوا،
ئاخۆ تۆ کام دەنگی؟
ئەو ڕۆژەی کە جارێ شۆڕشی نوێ دەدرێ.

٢٠١٠/٩/١٨

تەقینەوە

ئەستێرەیەکم

لەژێر فشاری عەشقی ناخمدا دەتەقمەوە !

دەبمە کونی ڕەش،

ملیۆنان گەردی گەردوونی ئەوین دێنمە ناخمەوە.

٢٠١٠/٩/٢٨

پاش دابڕان

پاش دابڕان:

دەستی من و پێنووسەکەم هەر دوو گریان.

ئەو بۆ ئەوەی کە عەشقێکی لە ناخدا بوو

بە کاغەزی هاوڕێی سپارد،

ئیدی هاوڕێ تەوەلا بوو.

ئەمیش کاتێ کە ئەو پەیکەی بە تۆ گەیان

بە بێ ئەوەی سەرنجی دەی،

سەرلەبەریت هەموو دڕان.

٢٠١٠/١٠/٩

ئەی کیژی وڵاتی گڕ و خۆر

ئەی کیـــــژی وڵاتـــی گڕ و خۆر!
نابیتە هەوری سارد لە ئاسـمان.
تۆ نابی بە بـــەفر و بە بـــــاران.
ئەی کیژی وڵاتـــی گڕ و خـــــۆر!

ئەی کیژی وڵاتی گڕ و خـــــۆر!
زێدی من هەوارگەی کوێســـتانە،
لانەی من، سەر دووندی کێوانـە.
ئەی کیژی وڵاتی گڕ و خـــــۆر!

ئەی کیژی وڵاتی گەرمەسێر! ماڵئاوا،
من ئیدی ناتبینم بۆ هەرگیز لەمەولا!
دڵنیام کە نابی بە یـــــار و هاودەمـم،
بەستەڵەك دەبێتە دواهەمین مەنزڵـم.

تشرینی یەکەمی ٢٠١٠

نەبەکام

خودایە، چەندی تر دەگەمە دوامەنزڵ؟

کە هێشتا سەرەتام

لە ڕێگە و

لە عەشق و

ماویشمە بگەمە تاقە یەك خواستی دڵ!

٢٠١٠/١٠/١٠

دوا شیعر

ببووره ! نابیته دوا شیعرم.

من دواییین شیعری خۆم داناوه بۆ ئێش و دابڕان.

تۆ بۆ خۆت نەهاتی

ئەو دەمەی کە ویستم بتکەم بە سەرەتا و ناونیشان.

٢٠١٠/٦/٢٧

ترس

ناترسم!

گەر وشەم وەك عیسا لە خاچ دەن.

ناترسم!

گەر وشەم وەك مارتن[٨] تیرۆر كەن.

ناترسم!

گەر شەم وەك هەڵەبجـــە بخنكێ.

ناترسم!

گەر وشەم بە كۆمەڵ ئەنفـــال كەن.

بەڵام من دەترسم گەر وشەم دیل ببێ،

زیاتریش ئا لەوە دەترسم كە وەك چێ[٩] چەكی كەن

بەرلەوەی دەسگیر بێ.

٢٠١٠/١٠/١٥

---

[٨] مارتن لووسەر كینگ: یەكێك لە رێبەرە ڕشپێستەكانی ئەمەریكا.

[٩] چێ گێڤارا: شۆڕشگێری ئەمەریكای لاتین.

کوا لەنێوان من و تۆدا لێک دابڕان

کە ڕۆحت ڕۆحم بێ،
کوا لەنێوان من و تۆدا لێك دابڕان؟
با دڵت هی من نەبێ،
خۆ عەشقت هی منە.
با چاوت هی من نەبێ،
خۆ بینینت هی منە.
با گوێت هی من نەبێ،
خۆ بیستنت هی منە.
بۆنکردنت ....
چەشتنت ....
بەرکەوتنت هینی منە.
گریانی تۆ گریانمە
پێکەنینت پێکەنینم.
ئامانجی تۆ ئامانجمە
گەرمات گەرمام

سەرمات سەرمام.

کە ڕۆحت ڕۆحم بێ

کوا لەنێوان من و تۆدا لێك دابڕان؟

یەك کەسین!

بوونی تۆ ڕێك کتومت بوونی منە.

داگیرکەری نوێ

سالانیك بوو
گۆیژەیان دەدایە بەر بۆردومانی تۆپ و بۆمبا.
نەیانزانی گەر گۆیژە کۆتایی هات،
پیرەمەگروون دەست پێ دەکا!
زەمانێ بوو
چیاکانیان ڕووتەن دەکرد،
پێدەشتیان هەڵدەقرچاندین،
زەوییان سووتماك دەکرد،
نیشتیمانیان دەسووتاندین.
نەیانزانی کە وا ئاسمان بووەتە دەریا!
نەیانزانی هێندە نابا گێژەڵوکەی ڕق و نەفرەت
ڕووە و هەواریان هەڵدەکا.

ئێستاش دیسان هەر ئەوانەن
دەیانەوێ کێوەکانمان لە ڕەگەوە لەبن بێنن.
دەیانەوێ لەسەر تاخوار:
پێدەشتەکان بە یەکجاری بسووتێنن!

نیشتیمانمان لەژێر باری دووکەڵیاندا بخنکێنن
دەیانەوێ ئەمجارەیان تا ئاسمانیش کەوی بکەن،
لە جێی باران تۆپ و بۆمبا
بەسەرماندا ببارێنن!
دەیانەوێ دیسانەوە
ڕەشەبای ژەهر و مەرگ
لەگەڵ خۆیان بهێننەوە.
ئەمجارەیان دایکوتن و
تا ئەبەدی نەڕۆنەوە.

بەڵام دیسان پێیان دەڵێین:
خەیاڵ خاون!
ئێوە هەرگیز نە لە زمانی کێو دەگەن،
نە لە توورەبوونی ئاسمان،
نە لە ڕقی گێژەڵوکە.
نە لە مانای خەبات ئەگەن،
نە لە قوربانی ئەم خەڵکە.

ئێوە تەنیا چەك دەناسن!

بە مەدەنی لە: پیر و گەنج،

بە ژن و منداڵ دەوێرن.

بە سووتانی دار و درەخت،

بە پیسکردنی ئاو و خاکمان فێرن.

ئێوە تەنیا دەتانەوێ:

بکوژن، ببڕن، ئەنفال بکەن، تاڵان بکەن

چی هاتە ڕێ.

نیشتیمانێ خاپوور بکەن،

چی مایەوە بیبەن بڕۆن بەرەو سەرێ.

ئێوەی نەوەی مەغۆلەکان ...

ئێوەی نەوەی تەتەرەکان ....

ئێوەی نەوەی عوسمانییەکان ....

دەزانین لە هەگبەتان چیتان پێیە،

لە لای ئێوە کوردستان کلیلی دەروازەی

عوسمانی نوێیە.

من وەك جوودی مانای ژیانم،

ژیانێکی نوێ.
وەکو قەندیل داگیرساوم،
هەموو کاتێ وام لە سەر پێ.
تینی گڕم بە شاڵاوی داگیرکەران خامۆش نابێ،
بە تۆفانی غەدر و ستەم دانامرکێ.
وەك پیرەمەگروون خۆڕاگرم قەت ناسرەوم،
باڵای ستەم چەند بڵند بێ،
لە ئاستیدا هەرگیز هەرگیز دانانەوم.

هەتا چیا مامۆستام بێ،
من قووتابی لووتکە و هەورم!
هەتا قەدپاڵ جێژوانم بێ،
هەتا تفەنگ دڵدارم بێ،
من هەمیشە وەکو بەورم!
قەت کۆڵنادەم قەت ناسرەوم –
تا کوردستان ئامێزم بێ،
مادام ئاسۆ لە دەمکەلا
دواین ڕێچکە و ئامانجم بێ.

کات و شوێن

خۆشەویستم!

لە ژوواندا بووین زەمەن وەستا.

هەردوو وەستان: کاتژمێری دەستت، دەستم.

بۆیە ئێستاش کات هەمان کاتی ژوانە،

منیش لەسەر هەمان هەستم.

خۆشەویستم!

لە ژوواندا بووین کە شوێن نەما،

گەردوون بوو بە ژوانی ئێمە.

بۆیە ئێستاش هەر کوێ بچم هەر جێژوانە و

لەتاو هەمان عەشق مەستم.

فڕین

دار گەرچی هەزار ساڵێکیش بژی
هەر ئاوێزانی بستێ زەمینـــــــە،
لەناو خاکێکا گیرۆدە دەبـــێ و
نـابینێ هیچی دیکە لەم ژینـــــە.

نامەوێ وەك دار هەزار سـاڵ بژیم.
تەمـــەنم گەرچی وچانێکیش بێ:
وەها خۆشـــترە وەکو پەپـــوولە،
لەم چڵ بۆ ئەو چڵ بەشم فڕین بێ.

ئابی ٢٠١١

تێکەڵاوبوون

لە عاشووراى ئەنفالدا:

سەرى حسێن و

لەشى حەسەن و

دەست و قاچى باوە عەلى تێکەڵاوبوون.

بە یەکەوە خرانە نێو تابووتەوە.

بە کەژاوەى یەزیدەکان[10]

بە هەلهەلەى سەبەئییەکان[11]

لەو بیابانى جنوبەوە هێنرانەوە.

---

[10] یەزیدى کوڕى موعاویە.

[11] عەبدوڵاى کوڕى سەبەء.

لەبری تۆ

کە نەتوانم بگەم بەتۆ

ئەی دوورترین کیشوەری نێو خەونەکانم.

خۆ دەتوانم بگەمە نێو قوولْترین هەست!

دەریبێنم شامرواری شیعرەکانم.

٢٠٠٩

قەندیل

با نەهێڵین ئەو چرایە بکوژێتەوە.

با نەهێڵین ئەو سەدایە خامۆش ببێ.

با نەهێڵین تروسکەی ئەو هیوایەمان ببڕێتەوە.

با نەهێڵین ئەو شۆڕشە دابمرکێ.

دەبا قەندیل لەنێو دڵی کوردستانا

بۆ ئەبەدی دابگیرسێ!

ڤایرۆس

تا ئێستا ڤایرۆسی کام دەردە
بە ڤایرۆسی عەشقی تۆ گەیشتووە؟
یەکەمجار من تەنیا وێنەکەی تۆم بینی،
وا ئێستا چەند ساڵە ئەو پەتا کوشندەم گرتووە.

٢٠٠٩

شیعری تۆ

ئەی شیعرەکە بمکە بە دیل

هەموو جارێ هەر تۆ دیلی دەستی منی.

ئەی کیژەکە بمکە بەدیل

هەموو جارێ هەر تۆ دیلی شیعری منی.

ئەیلوولی ٢٠١٠

تۆران

با فرمێسکم لێ نەتۆرێ،
لە چاوانما تەنیا ماوە تکە ئەشکێ.
بۆ بە فیتی پیتکەبازان
دڵی پاکت لە من بشکێ.

٢٠١٠/١٠/١٢

هەڵاتن

هەڵۆیەك لە لوتکەی شۆڕشی ئومێدا
هەڵات و بەرەو ژوور هەڵکشا !
ئەو دەمەی کە بینی وا دیسان لە جەرگەی شۆڕشا،
ڕێبەران بوونەتە ئوستاد و
شوێنکەوتووانیش بە شاگردانی چەواشە و دیعایە.

٢٠١٠

ئاودیو

هەر کەڵە پیاوێ
چەشنی دارگوێزێك، یا دار بەڕوویەك –
لێرە ڕووا بێ.
لە خاکی ئێرە ڕەگی چەسپیوە و
بە ئاوی ئێرە ئاودامان بووە،
کەچی مەخابن بەروبوومەکەی
ڕووە و جێیەکی دیکە ڕۆشتووە !

نیشانە

ئەی هەست و هزری من ئامادەی؟

ئەی پەنجە لەسەرپێی؟

ئەو کیژە بپێکە!

بە وشەت دایبێژە.

٢٠١٠

شیعری من

کە دنیا دۆزەخە !

شیعری من ناتوانێ بیکاتە بەهەشت و

نابێتە کلیلی دەروازەی ئەم بەرزەخە.

شیعری من ناپرسێ لە بوون و لە نەبوون.

شیعری من بادەیە بۆ ساتێ ئارامی و

تەمەنێ لە مەستبوون.

٢٠١٠/١١/٩

هەڵوەشانەوە

شیعرێکم سێ وشەی ناکۆکن لەگەڵ یەك:
هەریەکە و دەیەوێ خۆی ببێ بە تاجی ناونیشان.
بۆیە من پێش ئەوەی کە فیتنە هەڵگیرسێ،
بەر لەوەی کە جەنگی نێوانیان ڕووبدات،
هەرسێکیم لە یەکتر ترازان.

بەرخودان

بە دەستێکم تفەنگەکەم توند گرتووە،
بە دەستی دی منداڵێکم لە ئامێزە،
خۆشەویستیش لە باوەشمایە و نووستووە.
لە یەك کاتدا، ژینم پڕە لە چالاکی و بەرهەڵستی:
لەگەڵ دوژمن دەجەنگم و
لەگەڵ زارۆ گەمان دەکەم،
لەگەڵ یاریش خۆشەویستی.

٢٠١٠/١٠/٤

ئەی ئیبراهیم

ئەی ئیبراهیم زیندووبەوە !

وەرە و ببەوە پاڵەوان.

داستانێکی نوێ تۆمارکە،

وەرە و ببە بە ڕێبەری شۆڕشگێڕان.

کەعبەی ئەم وڵاتانە پاککەرەوە

لە گڵاوی ئەو بتانە،

ئەمجارەیان تا بتێکیش مەهێڵەوە.

لیژنە

بکوژن! بکوژن!

هیچ مەترسن!

پلانەکە چۆن چۆنییە با وا بڕوا،

لە دەرەنجامی مەپرسن.

غەمتان نەبێ سەرەنجامیش هەرچی ڕوویدا،

لیژنەیەکی بۆ پێك دێنم،

سەرلەبەری بە سوودی خۆم دەشێوێنم!

نەپشکووت

ئەی داری پایزی ئەم ژینەم
تۆ هێشتا چاوەڕێی؟
کە بەهار سەراسەر نەپشکووت
خونچەی ئەم ئەوینەم!

هات و چوون

کاتێ هاتی، تۆ مانگێ بووی بێ تریفە.
تۆ ئەو شەوەت ڕووناك ڕووناك کردبووەوە.
کاتێ ڕۆشتی، تۆ خۆرێ بووی بە بێ پرشنگ.
کەچی سەیرە تۆ ئەو ڕۆژە
لە جارانی دیکە زیاتر
سەرزەمینت بێدار بێدار کردبووەوە.

٢٠١١/١٠/٦

بۆنکردن

من بینیم!
خواپێداوان کاتێ ڕەتبوون
بە لای تاقە هەژارێکدا،
نە چاویان دەیبینی و
نە گوێیان دەیبیست و
نە دڵیان دەخورپا و
نە سۆزیان دەجوڵا –
تەنیا هەستی بۆنکردنیان وەك خۆی مابوو!
کاتێ بینیم،
بە دوو پەنجە لووتیان توند توند گرێدابوو.

٢٠١١/١٠/١٧

سازش

نازانم ئەو شیعرە پایزییەم چی لێ هات؟
تۆ بڵێی سەری خۆی هەڵگرتبێ و چووبێتە دوور وڵات.
نازانم ئەو شیعرییە بەهارییەم چی لێ هات؟
تۆ بڵێی بگەڕێ بە دوای هاوڕێیدا
تاوەکو بۆ کورسی سوڵتانی شاکارێ
سازشی بۆ بکات.

تشرینی یەکەمی ٢٠١٠

شاعیر

ئەگەر شـــاعیر لە وەرینـــی گەڵاکانی بپرسیایـــــە،
دەبوو دایم لەگەڵ خەزان ئامبازی یەکتر بوونایـــــە !
ئەگەر شاعیر لە ژیندۆستی سەوزیی گەڵای بڕوانیایە،
دەبوو دایم لەگەڵ بەهار دەستلـەملـی یەك بوونایـە !
بەڵام شـــــاعیر لە هەڵوەرین مـــانایەکـی تر دەبینێ،
لـە سـەوزبوون بە دی ناکا هەرگیز قووڵی ئەو مانایە.

پرسە

"بڕوخێ"

ئاپۆڕاکە وایان دەوت.

"با بڕوخێ"

پیر و گەنج، ژن و پیاو وایان دەوت.

"بڕوخێ"

"بهەڕۆژێ"

شار و لادێ وایان دەوت.

"بلوخێ"

"بروکێ"

تا منداڵە سێ ساڵەکە و

تا تووتییە ڕەنگخۆڵەمێشییەکەش وایان دەوت.

لەو کاتەدا جەلادێك ئاپۆڕای دایە بەر دەستڕێژ:

چەند گەنجێکی لە جێدا خست،

چەند ڕیشی سپی تێکەڵ بە خوێن کرد،

چەند عەبایەك بە جێمان و کەوتنە ژێرپێ،

منداڵەکە لە زار کەوت و نوزەی بڕا،

پەڕی توتییش ڕەنگی سوور بوو، هێدیهێدی

کەوتە دەم با.

شار خامۆش بوو ماتەم دایگرت.

هەموو شتێ ڕەنگی پرسەی لێ نیشتبوو

لەو دەمەدا.

٢٠١١/٩/١٧

نەسرەوتن

دەستێکم لە خاکدا ڕزیوە،
دەستی دیم قەڵەمی گرتووە و
تفەنگی لە شانە !
قا چێکم لەو خوارە ئەنفالە،
قاچی دیم سرەوتی نەماوە
سنووری چەند دەریا و کیشوەری بڕیوە !

٢٠١١/١٠/١

ئاوارە

١

لەگەڵ هاتنی جـــــــەژنی تازەدا،
بۆمبایەك تەقەی لە دەرگاکـــەی دا:
ئەو ڕاچەڵەکی گەرچی دووریش بوو،
زانی ئەو بۆمبا خانووەکـەی پێکـــا.

ئیدی سامـــانی پریاســـــکەیەکـــە
وا بە کۆڵییەوە لەم جێ بۆ ئەو جێ.
نیشتیمانی ئەو تەڕاویلکەیـــــــــە،
دەگاتە سەری و لێی بزر دەبـــــێ.

تاق و تەنیایە لەو کێو و هـــــەردە،
لەگەڵ هەناسە و ئاهێکی ســـــەردە.
بە ئەو چی جیهان چۆن دەگـوزەرێ،
لە لای ئەو هێشتا هەر چەرخی بەردە.

٢

"بانگەشەکانی مافی مرۆڤیان لە کێیـــــــان پرسی؟
چییان هێناوە بۆ ئێمەی بندەست بۆ ئێمەی برسی؟
جیهانی ئازاد بۆ خاتری خۆی دەمکاتـــــــە کۆیلە
لەژێر دروشمی بەهاگەلێکی وەك دیموکراســـــــی!"

٣

"ئێمەین نوێنەری شەڕی دەوڵەتان.
ئێمەین قوربانـــــــــی ململانێتان.
ئێوەی دوژمنیش دەســـــتلەملانن:
تەماشاچین و هاندەریشـــــــمانن."

تاپۆ

منی هەژار نە خاوەنی هۆدەیەکم، نە کولبەیەك

تا پێت بدەم.

بەڵام گەردوون لە دڵمایە،

گەر دەخوازی با لەسەرتی تاپۆ بکەم.

٢٠١٠/١٠/١٣

لە پاش یەکەم خۆشەویستی

لێم مەپرسە بۆچی وا بوو؟
بۆ شێوا بوو؟
ئەو شیعرانەی کە بۆم ناردی!
لە پاش ژووان و یەکەم دیدار،
لە پاش جەژنی لەدایکبوون،
لە پاش یەکەم خۆشەویستی.
ئازیزەکەم، کاتێ کە من دەستم پێ کرد
کە سەرەتای شیعرم نووسی:
سادە و ڕەوان، سووك و ئاسان
پێنووسەکەم خۆی دەڕۆیی.
لەپڕێکدا باری قورس بوو، نووکی شکا.
خەیاڵ پەرت بوو،
هێندەم زانی لە سەر تا خوار
وشە وشە لێك ترازا.

بەڵام بۆیە کۆڵم نەدا،

بۆیە بەو شێوە بۆم ناردی:

گوزارشت بوو لە شێواوی و شپرزەیی

پاش دابڕان،

لە پاش یەکەم خۆشەویستی.

٢٠١١/١/٢٣

تارمایی

لەسەر گۆڕی عەشقی تـــۆ!
چەپکێ گوڵم دانـــــــــاوە.
تۆش بێپـــەروا ڕێ دەکەیت،
دێیت و دەڕۆی بەو نـــــاوا.
***
تۆ لـــە دڵمدا مـــــــــردووی،
لێم ببوورە پێت بگـــــــــەم:
نە سڵاو دەســـــــــــێنمەوە،
نە سڵاوت لێ دەکـــــــــەم.

مۆڵەت

دیکتاتۆرێ گەلی هەموو کۆ کردەوە
هەتا مژدەی هەواڵێکی نوێیان پێ بدا.
ڕووی تێ کردن:
"گەل گوێ بگرن!
من دەزانم ئەوەی کە وا پێدەکەنێ
بە کورسییەکەم شۆخی دەکا!
ئەوەی دەگری، بە شوێنەکەم ڕژدی دەبا!
من دەزانم!
بۆیە ئەوا بڕیارمدا
–لە ئێستاوە بۆ لەمەولا–
کە گریان و پێکەنین قەدەغەیە
بەبێ پرس و ڕاوێژکردن، بەبێ مۆڵەت،
بەبێ چوونە بەردەم دادگا."

٢٠١١/١٠/٩

لێک ب چ ڕ ا و

زەمانێ بوو،
پێینم لە وەیلی ئەنفالێ دەسووتا و
لای سەرووم خامۆش و بێدەنگ بوو.
لای ڕاستم بۆ قومێ ئازادی دەخنکا و
لای چەپم سەرمەستی ئاهەنگ بوو.
وا ئێستا لای سەرووم دەسووتێ و
پێینم دەنگ ناکا.
لای چەپم دەخنکێ و
لای ڕاستم بێدەنگە و هیچ ناکا.
ئیدی من چۆن بڵێم:
سەراپا لەشێکی تەواوم،
کە لە جێی هەر تاقە جومگەیەك
چەند بەشی لە یەکتر بچڕاوم!

٢٠١٢/٣/١٢

گومان

نازانم خاوەنی چەند دڵی؟

من تا دوو دەزانم.

پێم بڵێ، بەرلەوەی پێت بڵێم:

لە عەشقت بە گومانم.

ڕووگە

مەجنونێکم دڵم هەزار دڵی تیایە
هەر دڵێکیش وا لە نوێژا و
ڕوو لە ڕووگەی سەد لەیلایە.

بەبێ من

لەگەڵ مندا ئەستێرەیەك هاتە ژیان،
لەگەڵ تۆدا خۆرێ پشکووت.
دە گیانەکەم تۆ مەنازە بە تیشکی ڕووت،
ئەگەر باڵای من نەمێنێ،
تا هەتایە هەر گڕی خۆت دەتسووتێنێ.

دڵ

دڵم: وەك ڕووخسارت ***سپی*** و
وەك لێوەكانت ***سوور و ئاڵ***،
وەك چاوەكانیشت ***ڕەشە*** .
دڵی هەموو خۆشەویستێ:
پاك و زامدار و ڕەشپۆشە .

گڕ

ئەی شیعری کۆرپەی دڵ بمبوورە:
یەکەمجار بۆ کیژێ تۆم ڕسکان،
وا ئێستاش بۆ ئەوە
دەبیتە خۆراکی ئەم گڕە!
ئەی شیعری کۆرپەی دڵ بمبوورە.

تشرینی یەکەمی ٢٠١٠

هێلانە

هەموو کاتێ ڕێی تێ دەچێ

بنیشمەوە لەسەر چڵی داری ڕۆحی

هەر کیژێکی ئەم جیهانە.

بەڵام تەنیا لەشی یەکێك بۆ خۆم دەکەم بە هێلانە.

١٥/١٠/ ٢٠١٠

قەدەر

"بۆ ئەوەی نازانم کێیە؟"

لەنێوانی من و تۆدا:

هەزاران هەزار شۆڕە کێڵ و شۆخە کوڕی دیکە هەیە.

لەنێوانی شوێنی من و شوێنی تۆدا

هەزاران هەزار سنووری جوگرافیایی لە ئارایە.

بەڵام قەدەر کێ دەناسێ؟

عەشق کەنگێ ئاگاداری جوگرافیایە؟!

٢٠١٠/١٠/٨

ئاشکرابوون

تۆش وەکو مۆمەکەی بەردەمم
ڕووخسارت سوور بووە و لە شەرمان
ئارەقی ئەوینت دەچۆڕێ.
بهێڵە فووی لێ کەم،
نەبادا نهێنی پەنهان بێ!
بەرلەوەی ئاوێزان دوا چۆڕت لێ ببڕێ.

ترس لە عەشق

ئەی موسا !

ئەگەر تۆ پەروانە بووی بۆ شەمعی نووری خوا؟

بۆ ترسای؟

کاتێ ئەو ڕازی بوو،

کاتێ ئەو نووری خۆی پیشان دای.

٢٠١٠/١٠/١٦

دڵی مەجنوون

دڵی گشت عاشقێ
دێتەوە سەر دڵی مەجنوون،
ئەویش هەر تەنیا نوورێکە لە خودا.
خودایە بمبەخشە !
دەزانم نووری تۆ لەت نابێ،
بەڵام من نەموێرا بپرسم:
"تۆ بڵێی دڵی ئەو عەرشەکەی خودا بێ؟"

نازانم

نازانم بۆچی وام؟

جار هەیە بێ شیعرم،

بێ یار و ئازارم، بە تەنیام.

جار هەیە پێکەوەین،

سەرقافڵەی شۆڕشی گشت دنیام.

ئاگاداری

شیعرێکم لێ بزر بووە:

قژکاڵ، چاوشین، دەیناسمەوە !

لە ڕووخساری کیژێکدایە،

لە پاسێکدا تەنیا جارێ لە تەنیشتم دانیشتووە.

٢٠١٠/١٠/١١

لە پاش مەرگت

لە پاش مەرگت،

مەلی دڵم بۆ نێو لانەی هەر دڵێکی دیکە بڕوات،

لە تەنیایی و نامۆبووندا ئۆقرە ناگرێ.

بۆ ئاسمانی ڕەهەندەیی و غوربەت دەفڕێ.

٢٠١٠/١٠/١٥

خامۆشبوون

فوو مەکە لە خۆری ئەم عەشقە،

نەبادا گەردوونی ئەم دڵە تاریك بێ.

عەدەم سەرلەنوێ بێتەوە و

گەنجینەی خودایی[١٢] بزر بێ.

[١٢] *لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە: کنتُ کنزاً مخفیّاً* فأحببتُ أن أُعرف فخلقتُ الخلقَ لكي أُعرف.

فیداکاری

پەپوولەی[١٣] ڕۆحم ڕێگەی گرتە بەر،
بە دوای پەپوولەی ڕۆحی ئازیزا.
نایەوێ تەنیا بتلیسێتەوە –
لەنێو قەفەزی ئەو دەستانەدا،
لەنێو ئامێزی گوڵێکی زیزا.

٢٠١٠/١٠/٢١

[١٣] دەوترێت گوایە پەپولە ئەگەر هەست بکات ئازیزەکەی تەنگوچەڵەمە هاتووەتە ڕێی، لە هەر کوێیەك بێت بەرەو پیریەوە دەچێت.

ژووان

لەگەڵ تەنیایی و قەڵەم –

خەیاڵ و وشە دەدوێنین.

لەگەڵ یار و خۆشەویستی –

باخچەی ژووان بۆ ئەبەدی دەنەخشێنین.

٢٠١١/١٠/٢

شاکار

کیژەکە بهێڵە زمانی ئەم عەشقە بپژێ،
نەبا ڕەقیب دوا دێڕی ئەم شیعرە بکوژێ.
دوای ئەوە پێت دەڵێم: مالٔئاوا.
لە سایەی عەشقی تۆ، پەپوولەی شیعری من
وا شیلەی گوڵانی شاکارێ دەمژێ.

سانسۆر

هەناسەکەم، ئاگاداربە!
تۆ بزانە یاساووڵی نێوان لێو و بەردەم لووتم
تەواو نووستوون، ئەوسا ڕەت بە.

ئیلهامەکەم! نەکەی هەرگیز
بێیتە نێو کانگەی دڵم!
ئەوێ بووەتە شوێنی مەشقی ئۆردووی زوڵم.

وشەکانم! دەمامکی لێ بپۆشن:
نەك خوانەخواست خێڵی جەهل
لە مانای یەکێکتان حاڵی بن،
زمانی گشت ئەوانی دی لە بن ببڕن.

٢٠١٠/١٠/٨

وەهم

ئەی عەشقی وەهمکرد،

سەرابی ئەم ڕۆحە تینووەم!

تۆم ڕسکان: بۆ ئەوەی پانتایی خەیاڵم داگیر کەی،

تاوەکو ببیتە قیبلەگای پەرستگام.

٢٠١١/٥/٢٣

عەرشێکی نوێ

وەها دیارە لەنێو دڵما
هەرگیز جێگەی عەشقتی تیا نەبێتەوە !
لە کاتێکدا لە ناویدا خودای گەورە
تازە تازە عەرشێکی نوێی کردووەتەوە.

کتێبی تەمەن

هەزاران ڕستەم بۆت دەبێتە ناونیشان و
تەنیا تاقە وشەیەکیش بە ناوەڕۆك.
گشت تەمەنم بۆ تۆ بووەتە ناونیشان،
تەنیا وشەی "خۆشەویستی"یش بە فەرهەنگۆك.

٢٠١١/١١/٢

گیرخواردن

جار هەیە شیعرێکی نەفرەتیم
لە لێواری خەیاڵمدا گیر دەخوات و بۆم دەرنایە.
(**کان**)ی خەیاڵ دەشڵەقێنم.
کەچی کاتێ سەرنج دەدەم،
چەند گەنجینەی شیعری تازە
دەدۆزمەوە لەو جێگایە.

٢٠١٢/١٠/١٥

مەزارگەی دڵ

"لە یادم کە!

ئازیزەکەم، لە یادم کە!"

***

چۆن بتوانم لە یادت کەم؟!

گەر بتوانم دڵی خۆم دەربێنم و

دڵێکی دی لە شوێنەکەیدا جێ بکەم.

گەر بتوانم ئاسمانی دووریش تەی بکەم.

تا دوورترین کاکەشان و ئەستێرەی ئەو هەر ڕێ بکەم.

ئەوسا ئازیز،

من دەتوانم لە یادت کەم.

چاك دەتوانم لە یادت کەم.

***

کە نەتوانم دڵی خۆم دەربێنم و

ئاسمانی دووریش تەی بکەم.

خۆ دەتوانم لە دڵمدا بتکوژم و

لەنێویدا تاهەتایە مەزارێکت بۆ چێ بکەم.

سۆز

–خۆزگە مەرگی من پێش مەرگت بووایە،
کوا بەرگـــەی مەرگی تۆ دەگرم دایـــــە؟!
+یاخوا من بمرم لە پێش تۆ ڕۆڵـــــــــە،
لە مەرگی تۆدا دوو جەستـــە چۆڵـــــــە.

دایک

بەهەشت لەژێر پێی تۆدایە،

منیش لەنێو دڵی تۆدام –

ئیدی دەبێ دۆزەخ بۆ کێ بێ خودایە؟!

خورپە

کە ناوبەناو وەك خورپـــەیەك بە ناخمدا دێیت و دەچی،
خۆم سڕ دەکەم هەر بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە بیرم چی.
چونکە هەتا سەردانێکت بۆ نێو دڵـم،
مردنێکی یەکجارییـــــە بۆ من گوڵم.

ژانی نیشتیمان

ئەم عەشقە بە خواستی خۆم نەبوو
قەدەرێك بوو توڕی هەڵدامە نێوتەوە.
***
هەر کوێ بچم لێم نابێتەوە ...
ئێستا ئیدی مەحکومم بە عەشقت
بەبێ هۆ،
چارەم نییە هەر دەبێ عاشق بم،
عەشقی تۆ.
***
گورگەکان هەڵیانکوتایە سەر لەشت،
عەشقی چی!
لێگەڕێ فریای ساڕێژی برینەکانت بکەوم.
***
سیاسیی بازرگان و
بازرگانی دز و
دزی سیاسی و بازرگان،
هەموو یەکن!

چۆن دەهێڵن نەبمە کاڵا
بۆ دوکانی نیشتیمان؟!
***

(بازاڕ)ەکەی نیشتیمان
هەر دەڵێیت قەیسەرییەکانی ئێوارانی شارە
کلۆم دراوە،
لە ناوەوەیش جمەی دێ لەو کڕیارانەی
بە بەلاش دەمانکڕن.
چاوم لە چاوی حیزیانە:
پێ دەنێن بە ڕوومەتمانا،
دەست دەخەنە ناو مەمکی دایکمانەوە.
پاسەوانەکانیشمان بسکەی سمێڵیان دێ
وا قاقا بە دەمیانەوە پێدەکەنن.
***

منو تۆ لەناو یەکداین،
هەرچەندە لێك جیاین.
پێکیشەوەین و هەر تەن ی ا ی ن.
***

چ سرپێکە مەمکەکانت شیری زارۆکەتیان نەداوە،
هەزاران سمێڵبابڕ عەودالی بوون.
چاوەکانت بە حەرفەکانی ع ی ش ق نامۆن
بوونە کانگەی خوشەویستی.
ڕووی تێدەکەن لە گشت لاوە:
ئۆردو ئۆردو چاوی برسی.
***

ئەی سەرچاوەی ژانی من،
ئەی سەرچاوەی چێژی ئەوان:
چیت بۆ منە بێ لە سووتان؟
***

لەنێو یەکدا چەند دوور بووین لەیەك.
تۆ هەرگیز عەشقی من نەبوویت،
من هەمیشە قوربانی تۆ.
***

لە ڕۆژێکەوە لێت گەیشتووم
هەردەمەوێ بە جێت بێڵم،
من ڕۆحی تۆم و جوگرافیای لەشت

دەرگای لەسەر داخستووم.

***

من دەسخەڕۆی سەرابێ بووم

ئیلهامی عەشقی پێ دەدام.

ئێستا دوایین خەونم وایە:

یان جێم بێڵە ...

یان بمکوژە و بمخەرە نێو باڵاتەوە.

***

نازانم بۆ وایە

دڵی من هێندە هۆگر و

ناخی تۆش وا هێندە بەربایە.

***

دواجار هەر دەڕۆم،

دەرگای زیندانت دەشکێنم.

تخوبەکان دەبڕم

تا دەگەمە دوا کەناری ئارامی.

عەرش

خودا لەنێو دڵمدایە،

دڵم لەتوێی دڵتدایە،

نەتزانیوە !

دڵی تۆ عەرشی خودایە

گۆڕان

کە تۆم ناسی و لێك دابڕاین ...
بەرلەوەی ئەو لە دۆزەخی خۆیدا بمسووتێنێ،
من لە دڵما ئەوم سووتان.

ئیستا دڵم وا سووتاوە:
نە جێی خودا، نە جێی عەشقی تیا نەماوە.

وا خەریکم دڵێکی نوێ دروست دەکەم
پەرستگایەك بۆ خوایەکی تر چێ دەکەم.

بەخشندەیی

بمخە نێو نوورتەوە:

با لە کات و شوێن ڕەها بم،

با من تۆ بم.

وەرە نێو دڵمەوە:

با لە کات و شوێندا بیت،

با تۆ من بیت.

***

ئێستا پێت وایە کاممان بەخشندەین؟!

تاو

نەکەیت بڕۆیت!

با هەورەکان دڕن بدەن،

دەبا ئاسمان هەڵبڕگێنێ،

با ئەم تاوە خۆش کاتەوە.

نەك خوناوی ڕاموسان و دواتنۆکی

شیلەی هەموو ئەم ماچانە بشواتەوە.

نێرگزیبوون

من لەنێو تۆدا بۆ خـــــۆم دەگەڕێـــــم،
تۆ لەنێو مندا دەگەڕێی بۆ خـــــــــۆت.
من لە توێی تۆدا جیهان دەبینـــــــــــم!
تۆش هەر بە تەنیا ڕووخسارەکەی خۆت.

٢٠١٢/١

شانشین

ئانووساتێك كودەتای عەشقت دەسەڵاتی گرتە دەست.

لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا،

عەرشی دڵم وا لە دەستی شاژنێكدا.

گوڵەبەڕۆژە

"لە پێناوی ڕووناکیدا من ئەوەندە ڕووم کردە تۆ
لە بەیانی تا ئێوارە،
بۆیە ئێستا سەری قوورسم پێ ناگیرێ و ملم شۆڕە."

ڕازەکانی تاریکی

خۆر تەنێکی نامۆیە
لە گەردوونێکی تاردا،
ئەستێرەکان تیشکی ئەو دەکەنە دەمامك
تا جریوەیان لێوە بێت.
گەر ئەو نەبێت ئێمە دزێوی خۆمان نابینین،
ئێمە هەست بە دزێوی خۆمان ناکەین.
***

نامەوێت چاوم لە تیشکی تۆ بێت،
دەمەوێت تاریکی بمکڕۆشێت –
من ڕاستیپەرستم
نەك جوانپەرست.
***

گەردوون ماتە !
گشت دەنگەکانی ناوی پێکا هەڵپرژانن،
ململانێن بۆ مانەوە.
***

لەم شەوە خامۆشە ڕاماوم.

تا قاڵ ببمەوە هەر بێدەنگیم گوێ لێیە،

هەر تاریکی دەبینمەوە.

کەچی چاو و گوێم خۆش دەوێ.

***

مەپرسن بۆ لە تاریکیدا وەها غار دەدەم،

بۆنی عەشقێك لەپێش کەپوومە.

***

من بینای نابینام!

نغرۆی نووری خودام.

ساویلکەیی

ئاسمانەکان چەند نەوی بن،
ئەستێرەکان نایانگەنێ.
ئاسمانەکان سەرابەکەی عەشقی منن،
هەر بە گێلی ئەستێرەکان پێدەکەنن.

٢٠١٥

چۆن؟

ڕۆحی منیش تیرۆژێکە لە نووری خوا،
چۆن دەگونجێ بسووتێم و بفەوتێم و
وەك قەلاسێك بکەومە دەم با؟!

قیبلەنوما

نیشاندەری قیبلەنومای دڵەکەی من جیاوازترە،
تۆ لە کوێ بی ڕووی لەوێیە.
بۆیە دایم من دەزانم ئازیزەکەم لە کام جێیە.

بەگومان

من لە زمانی ئەستێرە ناگەم،

بەڵام دەزانم کشانی ئەویش هەر دژی منە !

چوون لە زەویدا هەرچیم بینیوە بۆ کورد دوژمنە.

تەنیا

من دەبم بە تۆ،
تۆ ببە بە من،
هەردووکیشمان لە توێی ئەودا دەتوێینەوە.
چ سەیرە! لێك جیا بین،
پێکەوە بین، لەگەڵ ئەوبین –
سەرەنجام هەر تەنیاین.

سپیبوون

ئاوێنە پێم دەڵێ:
"بەم زووە ئەو تاڵە دەبێتە پێشەنگی
لەشکری سپیپۆش."
سەراپام سیخناخی ئازارە،
چۆن دەبێ ئەو دورگە ببێتە
سەرچاوەی مەستان و بادەنۆش؟!

٢٠١٠/١٠/٢٢

وتوێژێک

خۆ قەڵەمم خۆراکی تۆ نییە ئەی مێروولە !

بۆ خوول دەخۆی بە دەوریدا؟

پێکی غەمە لەسەر سفرەی هێشتا سپی

کاغەزەکەی بەردەممدا.

٢٠١٠/١٠/٢٢

لاتراسکە

تا ئازاریش لاتراسکەم لێ دەبەستێ،
هەر جارێکی بە ناچاری بەرەو ڕووم دێ.
دەترسێ وەك جارانی تر لە ناو دڵی غەماویما
کۆڕی ماتەم داببەستێ.

٢٠١٠/١٠/٢٢

زوحاک

من نازانم زوحاکەکەی سەردەمی زوو:
فارس بووە یاخود کورد بوو؟
بەڵام تەواو بێگومانم
کە زوحاکی ئەم زەمانە:
تارماییەکە لێرەیە !
دوو ماریشی لەسەر شانە.

مەپرسن

مەپرسن بۆ مەرگی سەد خۆشی و هیوام دی،
بۆ بەرگی کیژۆڵە مووگەلی سەریشم هێشتاکە هەر ڕەشن؟
کوا لە پرسە و کۆستی ئازیز
نازدارەکان سپیپۆشن؟!

٢٠١٠/١٠/٢٢

دەروازە

پەردەی دەلاقەم لێ دادەیتەوە،
من بە چاوی دڵ دەتبینم.
دەرگای کۆشکت لە من داخەی،
ڕۆحم دەروازەی نوێ دەکاتەوە.

٢٠١٠/١٠/٢٧

برسیی ڕۆح

ئەی کیژەکە !
ئەگەر پەچەیشت پۆشیوە،
من بۆ چاوت شاکارێکی خۆم نووسیوە.

ئەگەر ئەویش حەشار دەدەی
لە ترسی گورگی چاوی من –
دەربەس نایەن،
ئەوان برسیی ڕۆحی تۆن و
نایانەوێ تا برژانگێکیشت ببینن.

٢٠١٠

جاویدانی

بەندۆڵێکم لە هاڕمۆنیای زیکرێکدا

ئاوێزانی عەشقی خودام

نەمر لەنێو دنیای فانی،

لە کات و شوێن مەست و ڕەهام.

٢٠١٠/١٠/٢٨

گازەندە

١

خودایە، بمبەخشە ! من نغرۆی تاوانم هەرچەندە قوربانیم.
ئەو کەسەی لێم بووەتە جەلاد و بەربووەتە گشت گیانم،
یەکەمجار خۆم هانیم.
***

خودایە، جەلادم ببەخشە !
چونکە ئەو نازانێ چی دەکا[١٤]
کە تەنیا لە مەرگی مندا
ژیانی خۆی بە دی دەکا.
***

باوکی ستەم کە ڕۆیی بە قاقاوە بە جێی هێشتین!
من ئەو دەم نەمزانی بۆ وابوو؟!
تومەز ئەو بەرلەوەی کە بڕوا
چەند نەوەی لە جێی خۆی دانابوو.
***

بڕوام نەکرد بڕوام نەکرد
نەتەوەیە هەبێ وەك کورد

---

[١٤] خودایە بیانبەخشە چونکە نازانن چی دەکەن. فەرمایشتێکی حەزرەتی عیسایە.

چەوساوە بێ و بەشخوراو بێ

هەتا خۆی حوکمی خۆیی کرد

ئەوسا زانیم درۆ بووە !

هەرچی وترا درۆ بووە !

چەوسانەوەش هەر دەسیسەی کورد خۆی بووە.

***

دوو بڵێسەین، گڕ لە گیانی یەك بەر دەدەین.

بێ ئەوەی توانیبێتمان

بۆ ساتێکیش دڕ بە شەوەزەنگ بدەین.

***

کاتێ ئەو دەستێکی لە کۆڕی خەباتا

بە گژ لوتکەی ستەمدا چوو،

پەڕاندیان و سەرنگووم بوو.

مەخابن! پاش چەند ساڵ،

دەستەکەی تری ئەو کلیلی کەوتە ناو،

دز دەرچوو.

***

دوو سەردەم و هەمان کەس و دوو ڕای جیاواز،

یەکەم سەردەم: "با دارێکیش ببڕنەوە

لە جێگەیدا دەیان نەمام دەڕوێنەوە."
دووەم سەردەم: "با مێشێکیشمان کوشتبێ
لە جێگەیدا هەزاران مێش خوێنی لەشمان دەمژن و
دەخۆنەوە."
***

کە دوژمنم هەر وەکو مار لە پەیجۆرا خۆی مەڵاسدا
شانازیمە چەك هەڵگرم.
کە براکەم بووە دوژمن،
مەگەر سەری خۆم هەڵگرم.
***

٢

من (ئادەم)ێکی ترم
باجی گوناهێکی تر دەدەم.
(هابیل)ێکی ترم
خۆم حەزم کرد قوربانی بم.
***

من بۆیە قەپم گرت لەو سێوە
تا لە دۆزەخێ قوتار بم
کەچی لەپڕ یەکێکی تر

باوەشی خۆی بۆم کردەوە.

****

٣

ئەی ژیان!

تاوێ ئازار لێ نەگەڕا بە ناوی تۆوە بنووسم،

تاوێکیش نان.

****

ئەی پرسیار! ببوورە، من ناتکەم،

بەسە ئیدی لێم دوورکەوە.

هەر هێندە ڕادەگەم تا وەڵامی ورگ بەمەوە.

پارە

کە پارەت بوو دوژمن دۆستە و پیات هەڵدەدا!
کە نەشت بوو دۆست دوژمنە و تێت هەڵدەدا.

ناشتن

وەکو دایکێك ژانی کۆرپەی شیعر دەچێژم،
دەربەست نایەم: دەیکوژم و دەیشینێژم.

تەڕاویلکە

دووری نێوان زەوی و ئاسمان هەرچەندێك بێت
هەرگیز ناگات بەو دووریيەی
لەنێوانی سەراب و تینوودایە.
***
خۆشەویستی سەرابێکە
لە بیابانی ئەم ژینەدا بەرەو ڕووی چووین.
هەموو دەیشزانین وەهمێکە،
بەڵام تینووین!
***
سەرابێك تینوی بوو
بەرەو ڕووم هات.
ئەو نەیزانی لەو کاتەدا:
تینووترین مەخلوقی خوام.

لەگەڵ ئەودا

تۆ نەوەد و نۆ ناو شووناستە و گەردوونێکیش هاودەمت:
من بێ ناو و بێ هاودەم، تەنیاترینم خودایە.
***

خودایە بۆ ئەوەی ناوەکانت بناسێنیت،
تووشی ئەم سزا و نامۆبوونەت کردم و
منت هێنایە ئێرە.
بێ من بێناو بووی، کێ دەیناسیت؟
کەچی هەر تۆ مەزنیت.
***

بە نووری عەشیقی خۆت بمسووتێنە
هەتا دۆزەخ لە ناخمدا بکوژێتەوە.
***

عارفێك دەیان ساڵ لە خەڵوەتدا تەنیایی دەیکڕۆشت.
لە دوا ساتدا لەسەر دڵی خۆی نووسی:
"تۆ لە کوێیت؟"
***

بە پانتایی عەقڵدا هاتم و چووم،

نەمبینیت خودایە.

ئۆی! لەوێیت؟

لەنێو ئاوەزی شێتێکدایت

یان لە دڵی زارۆیەکدا؟

****

خودایە بێ یەکتری نامانکرێ

تۆ لە زەوی دەمکوژیت و

دەمبەیتەوە بەرەو ئاسمان.

من لە ئاسمان دەتکوژم و

لەسەر زەوی دەترِسکێنمەوە.

****

مرۆڤ بەرگەی ئازارێکی دیکە ناگرێ

بۆ زیندووی دەکەیتەوە خودایە؟!

****

ئاسمان هەمیشە بێدەنگە،

ئێمەیش هێندە دەبەنگین:

هەمیشە چاوەڕێین!

ڕێتار[١٥]

من ئارەزووی مردن ناکەم
گەرچی لە بوونیش وەڕسم.
مەرگ دەمبا بۆ جیهانی جاویدانی،
منیش هەڵوەدای عەدەمم.
***

بە هەڵە هاتووم،
نایشتوانم بگەڕێمەوە.
لەسەر ڕێچکەی نادیار بێپەروا هەر دەڕۆم.
***

ئەم ڕێیە تاکوێیە؟
بۆ دەڕۆم؟ چی دەکەم؟ نازانم!
مەستم کە تا لە ڕێ لەتر دەم،
نەزانم بەرەو کوێ مل دەنێم،
چی دەکەم، بۆ دەڕۆم.

---

[١٥] ڕێگەی تاریك، ڕێی تاریك.

هەنسکەکان

١

عەشق گەورەترین زیندانە
کە هەمیشە هەڵوەدای دەکەین.
****

دۆزەخێکی لە دڵمدا کردووەتەوە،
هەموو کەسی سووتاندووە
کەچی هەر خۆی تێدا ماوە.
***

لە دووڕیانی عەشقی خۆم و غەمساردی تۆدا ئەسیر ماوم
یان وەرە نێو دڵمەوە یان تا ئەبەد ئازادم کە.
***

ناپرسم، بۆچی وا نانووسێ پێنووسم.
دەزانم، خەیاڵی قەڵەمم
دەزانێ ناکامە عەشقەکەم،
ناهێڵێت بنووسم.
***

زووکە ئازیز:

بەرماڵەکەت هەڵگرە و بیپێچەوە،

فەرزی ئەوین لە پێشترە.

***

بۆ لە ڕووخسارمەوە بڕیار دەدەی؟

ناخم هەزار کڵۆمی پێوەیە !

***

٢

من زووتر تیری عەشقم هەڵدا،

ڕەقیب زووتر دڵتی پێکا.

***

کەسی سێیەم ڕێسای عەشق تێك دەشکێنێت.

***

ئەو عەشقی من و من عەشقی تۆ و

تۆیش عەشقی ئەوی تر ...

سەیرە قەدەری عەشق وەهایە !

دوو دڵ ئاگای لە یەك نییە.

***

تۆ بە عەشق قانگت دام و

بە دڵشکان سوێت کردە ناو برینمەوە.

***

٣

بۆیە هاتمەوە بۆ ژووان،

تا پێت بڵێم: **"نامەوێت جوگرافیام لێ زەوت کەی،**

کە جوگرافیای ڕۆحتم دۆڕان."

***

وشەیەك بوویت

بۆ ناونیشانی وشەکانی نێو فەرهەنگی تەمەنم.

کە لە دەستم چوویت،

گشت وشەکان دەسڕمەوە.

***

٤

دەستلەملی تاریکی دەکەم،

سێبەرەکەم دەکوژم،

نهێنی ئەم عەشقەمانی لەکن ڕەقیب درکاندووە.

***

ئەی دڵ چاوەڕوانی چی دەکەی؟

وەرە گۆڕێك بۆ عەشقی خۆت هەڵکەنە

تا بۆگەنی نەیکوشتوویت.

****

بە ددانەکانت دڵمت کرۆشت،

بە لێوەکانت باسی عەشق دەکەیت!

ڕازی من

خودا هەموو شتێکی ئافراندی،
تەنیا جوانی بۆ خۆت هێشتەوە.
تۆش جوانیت ئافراند و
حەسرەتت بۆ من هێشتەوە.
منیش حەسرەتم دا بە شیعر!

بمبوورە، ئەی شیعر!
ئەو منی فریودا،
منیش تەنیا بە تۆم وێرا!
***
لەگەڵ مندا: سەرەتا کۆتاییە و کۆتاییش سەرەتا،
هەردووکیشیان ناوەندن.

لەگەڵ تۆدا نە سەرەتا و نە کۆتایی و ناوەند نییە.

***

ئارەزووم بوو بەبێ تویکڵ چەشکەت بکەم،

ئاخ! نەمزانی ئەو تویکڵە بوو

کە هێندە تۆی شیرین کردبوو.

***

لە عەدەمدا من **مەیلێك** بووم بە لای بووندا،

بۆیە ئەوا هاتومە بوون.

***

گەرداوی عەشقێ ڕایماڵیمەوە بۆ عەدەم،

ئەوەشی لەوێ دیم جیهانێك بوو جاویدانی!

***

نە دایکێك هەبوو تا لێوەی لە دایك بم،

نە نیشتیمانێك تا یادەوەرییەکانی تیا بە جێ بهێڵم،

نە عەشقێك تا بۆی بژیم و

نە هیوایەك تا بۆی بمرم!

کە وابوو ئەی عەبەس ئامێزی خۆتم بۆ بگرەوە.

ئەی عەدەم بۆ لای خۆتم بگێڕەوە.

***

لەوێ، لە کانیاوی ئەو سەرابە

تێر خەیاڵاو دەخۆمەوە

تا گوڕم تێ دێ و دەگەمەوە لای پشکێ ئاو.

***

من و ئاسمان

هەردوو عەشقی ڕووناکین ولێیشی دەترسین!

دەمەوبەیان،

ئەو ئەستێرەکانی دەپێچێتەوە و منیش شیعرەکان.

***

ئاسمان ئەستێرە داباڕێنە،

من تینویەتیم بە ئاو ناشکێ.

***

من و ئازار لەوەتی هەین دوو هاوەڵین:

ئەو ڕۆحی منە و منیش ڕۆحی ئەو،

هەردووکیش بەربووینەتە جەستەی یەکتر!

***

تۆ بزانە ئاسمان ساتێ دڕ نادات

تا هەوری مەراقی ئەم دڵەی من

لە داباریـن خۆش کاتەوە.

****

سێبەر: سیخورێکە هەمیشە لەگەڵمانە لە پەیجۆرە.

بۆیە: هەرگیز گەشبین نیم بە ڕووناکی!

دڵخۆش نابم بەو ساتانەی کە خۆر هەڵدێ.

****

ویستم لە جوانیت بدوێم بەبێ هەڵە.

پەشیمانی ئەوکی پێنووسی گرتم،

دەستی نایە بینەقاقای خەیاڵم.

****

ناتوانم لێت هەڵبێم

(هۆنراوەی دیك الجن الدمشقی نزار قەبانی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بە دەستکارییەوە)

ئەی ســـوکترین شـۆڕەژن!
پشووم نەدا تا تۆم کوشـــت.
چەقۆم خستە نێو ســـینەت،
بە خوێنەکەت خۆمم شوشت.
خـــواردم لێـــوی برینـــدار،
نۆشـــــیم لە ســەرگوڵەکەی.
چـــەقاندمە نێو عەشـــقت
هەتـــا ســـەر دەمارەکەی.
جگـــــەرەی سەرلێـــوانم
دوکـــەڵـــــی لێ هەڵنـەسـا،
نـــاخی خامـۆشـی خـۆشـم
بێدەربەســت بوو هـەروەســا.
گۆشـــتەکـــــەتم فڕێـــــدا
بۆ ماســییەکانـی دەریـــــا،
نــە ڕەحمم پـێ کـــــردیت و

نە لێبووردەییـــم جـــــــولا.
هاوار مـــەکە لە هیچ کـــەس
هیچ کەس نایـــــە بە فـــریا !
بـــــا خوێنت لێ بچـــوڕێ،
وەك چۆن لـــە من دەچـــۆڕا.
ئەی شـــــۆخەکە لە تـــۆدا
تـــــاوانێـــــکم ئەنجـــامدا،
چەقۆکـــەی خۆمم ســـڕی و
ئینجـا نووســتم لـــــــەوێدا ...
***

...تا دەجارێ تۆم کوشت و
من هـــــەر شکستم هـــــــێنا.
وامدەزانـــی سەرکـــــەوتووم،
چەقۆی دەســتم دەدرەوشـــا.
تەرمەکـــــەتم هەڵگـــــــرت و
هەر دەگـــــــــەڕام لـە تـــاوا
تـــــا گۆڕێ بـــــــدۆزمـەوە،
تـــــــۆی بنێژم لـــــــە ناوا.
هەرچەندم کـــرد و کۆشـــام

گۆڕێکم دەست نەکەوت بۆت،
لـــــە ســـــایەیدا بتنێـــژم
بێ بـــــە ناونیشـــانی خۆت.
لەدەست تۆ من هـــــــەڵاتم
تۆقیم من لە تـــــــــاوی تۆ!
بە دوای منـــا هەر دەهـــات
گیانـــــە نەفرینەکـــــەت خۆ.
لـە گشت سووچێ دەمبینیت،
لـــــە هـــەر دێڕێك نووسینا،
لـــــە خۆراك، لە جـگەرە و
لـــــە کاتـــی مـــەینۆشـینا.
ئێستـــا تیـــــا مـــاوم خانم
دەمـــــەوێ لێـــت بـــپرســـم:
تۆی کـــوژراوی یـــــان منـــم
لـــــە مـــــەرگیشت وەڕســـم؟
ئەی شۆخـــــــەکـــــە دڵنیام
هـــــەرگیز تـــۆم نەکوشتووە،
بەڵکـــو لـــــە مەرگی تـــۆدا
خوێـــــنی خۆمـــــم ڕشتووە.

تۆ دەڵێیت[١٦]

(وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە)

دەڵێی بـــــــارانم خۆش دەوێ
کـەچی چەترت دەکـــــەیتـــەوە !
هەر دەڵێی هـــەوام خۆش دەوێ،
پـــــەنجـــەرەش دادەخـەیتەوە !
دەڵێـــی هەتـــــاوم خۆش دەوێ،
لە سێبـــەرێکیش دەگـــــــەڕێی !
بۆیـــــــە منیش زۆر دەترســـــم
تۆ پێم بڵێـــی: خۆشم دەوێـــــی.

---

[١٦] ئەم هۆنراوەیە لە هەندێك شوێندا دراوەتە پاڵ شکسپیر، بەڵام پێدەچێت هی بۆب مارلی گۆرانیبێژی جامایکی بێت.

باڵندەی قەفەزەکە[١٧]

مایا ئەنجیلۆ

(وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە)

باڵندەیەکی ئازاد قەڵەمباز دەدا
بەسەر پشتی بادا
دەکەوێتە دەم شەپۆلەوە
تا تەوژم دەبڕێتەوە
باڵەکانی شۆڕ دەکاتەوە
لە بەر تیشکی خۆری پرتەقاڵیدا
پڕکێشی ئەوەیش دەکات کە ئاسمان هی ئەوە.

بەڵام باڵندەیەك کە هەر قوونەقوونیەتی
لەنێو قەفەزە تەنگەکەیەوە
بەئەستەم دەتوانێت ببینێت

[١٧] بیرەوەرییەکانی مایا ئەنجیلۆ لەژێر ناوی "دەزانم باڵندەی ناو قەفەزەکە بۆچی گۆرانی دەچڕێت" لە لایەن شاعیرەوە وەرگێڕراوە بۆ سەر زمانی کوردی. ئەمەیش چامەیەکی شیعری مایا ئەنجیلۆیە لەژێر ناونیشانێکی هاوشێوەدا.

لە ڕێی تووڵە تووڕەکانییەوە.
باڵەکانی کراون و
پێیەکانیشی بەستراون
هەر بۆیە قوڕگی دەکاتەوە تا گۆرانی بچڕێت.

باڵندەی قەفەزەکە گۆرانی دەچڕێ
بە دەنگێکی لەرزۆکەوە
بۆ شتێك کە نازانێت چییە
کەچی هەر بۆیشی پەرۆشە
نەغمەی ئەو دەبیسترێ
لە گردە دوورەدەستەکانیشەوە
چونکە باڵندەی قەفەزەکە
گۆرانیی ئازادی دەچڕێ

باڵندە ئازادەکە بیر دەکاتەوە لە نەسیمێکی دی و
لەو نەرمە بایەی لەنێو شنەی درەختەکانەوە دێ و
لەو کرمە قەڵەوانەی چاوەڕوانن
بەسەر چیمەنی گەشی کازیوەیەکەوە و
ناوی خۆیشی لە ئاسمان دەنێت.

کەچی باڵندەی قەفەزێك بەسەر
گۆڕی خەونەکانییەوە وەستاوە
تارماییەکەی دەقیژێنێت وەك شێرەی دێوەزمەیەك
باڵەکانی کراون و پێیەکانیشی بەستراون
هەر بۆیە ئەو قوڕگی دەکاتەوە تا گۆرانی بچڕێت

باڵندەی قەفەزەکە گۆرانی دەچڕێت
بە دەنگێکی لەرزۆکەوە
بۆ شتێك کە نازانێت چییە
کەچی هەر بۆیشی پەرۆشە
نەغمەی ئەو دەبیسترێ
لە گردە دوورەدەستەکانیشەوە
چونکە باڵندەی قەفەزەکە
گۆرانیی ئازادی دەچڕێ

پاشکۆ

ئەم پاشکۆیە لە دیوانە بڵاوکراوەکەدا نییە،
بەڵام هەمان کەرەستە و ناوەڕۆکیان هەیە و بە هەمان
تەرزیش نووسراون.

ئەوین و مەرگ

کەشـــــتیی تەمەنم لـــە دەریای ژینمـــــــــــــا
تێکشـــــکا و شەپۆل بۆ لای تۆی بـــــــــردوم!
دەســـــتی تۆ و دەریا وان لـــە بەربینمـــــــــــا،
ڕووبەڕووی دوو جۆر خنکانیـــــان کـــــردوم.

********** ******** *******

لـــــــە تاو شـــــەپۆلی بێرەحمی دەریـــــــــا،
خۆم خســـــــــــــتە بەردەم پێلی ئـــــــەوینت.
ئـــــــــــــــەوەنـدەم زانـــی گێژولووڵـــــی دا،
نوقـــــم بووم لەنێو عەشـــــــــقی بـــــەرینت.

********* ******** ********

بەرەو کـــــەنارێ کـــــە ئـــــارام بگـــــــــــرێ،
ئاڕاســـــــتەی کەشـــــــتیم ئـــــــــاژواندبوو.
قـــــــــەدەر داینـــــابوو! دەبـــــوو وا بـــــکرێ،
پـــــــــــــەیامی ڕۆحـــــــی پێت گـــەیاندبـــــوو.

******* ******** *********

بـــــۆ چۆڕە ئـــاوێ خۆم تـــێ فڕێـــــدا،

بیـــــابانســـتان بوو نیَو ئـــەو نیگایـــــە.

هەنگاوم دەنـــــا و ســـــەراب لـــــە ڕێـــــدا،

دەیخنکاندم ئـــــەم تینـــــی گەرمـــــــایـــــە.

******* ******** *********

مـــــــن هەر دەگـــــــەڕێم هەر گێنگـــــڵ دەدەم،

تـــــا چۆڕە ئـــــــــاوێ بـــــــدۆزمـــــــەوە.

لـــــــە ژیاندا تینـــــــووم نـــــاخت تەی دەکـــەم -

گـــــــەر نەبوو ئاسمان شـــــــی دەکەمـــ،ـەوە.

******* ******** *********

بـــــە تاسەی چۆڕێ مـــــــەلی ڕۆح دەفـــــڕێ

لەنێو پانتایـــــــی ئەو ئـــــــاســـــمانـــــــەوە.

تـــــا ئەمـــــــجار لەنێو گەواڵـــــــە هـــــەورێ،

پڕ بە گـــــــــەرووی خۆی کـــــۆ بکاتـــــەوە.

******* ******** *********

تـــۆ بڵێی مـــــــردن ئـــــــازادی ڕۆح بـــــێ،

بـــــەرەو ڕۆخی ئەو ئاســـــــمانە شـــــینـــــە؟!

هـــەر بخواتەوە تـــــا تـێراو ئـــــــەبـــێ،

لـــــــە قڵپاوی ئـــــــەو دەریـــــا بێبنـــــــە.

******** ******** *******

گـــــــەر مـــــردن وابێ: تینـــــووشـــکانـە،

ڕۆحئـــــازادبوونە لەم بـــــــارە ســـــەختـە.

جەســـــتە هەڵـــــگری بـــــاری گـرانـــــە،

تەڤلیبوونیشـــــیان ڕێکـــــــەوت و بـــــەختە.

******** ******** *******

لەوەتی ڕۆحـــــــم وا لـــــــــە جـــەســـتەمە

هەر مـــــــاخۆلانی شـــــــوێنێکـــی تـــــــرە.

گەیشـــــــتن بەو جێیـــــەش وەها ئەســـــتەمە،

وەک بڵێی لەنێو گـــــــەردوونـــــێ تـــــــرە!

******** ******** *******

تـــــۆی ئەو ئـــــەســـــــتێرەی کە ڕۆح دەیەوێ؟

یـــــان هـــــەزار ســـــاڵی ڕوونـاکـــــی دوورە؟!

لـــــــە هەر کوێیە بێ بۆی ســـــــــەر دەکەوێ -

پـــــــــــانتـــایـــی گێتی چـــــەنـد بێســـنـوورە.

******** ******** *******

دڵـــــــت دوورتـــــــرین ئەســـتێرەی منـــــە،
ئـــــــەوین نـــــــەتوانێ بیگرێتـــــــــــەوە .
ســــــــــاناتر لـــەوە ئەســـتێرەی ونـــــــــە،
ڕۆحـــــم هـــــەڵفـــــڕێ و بیـــــدۆزێتـــەوە.

******* ******** *********

مـــــن بێدەربەســـتم گـــەر ڕۆح ئـــــارام بێ،
بـــــا لـــــە هـــەر جێیەک بگیرســـــــێتـــــەوە.
لـــــە دڵـــــی تۆ بێ یـــــان لـــــە ئاسمان بـــــێ،
بـــــــاڵـــــی لێـــــک بـــــدا و بنیشـــــێتـــــەوە.

******* ******** *********

بـــــــــۆ هـــــەمیشـــــــەیی لانە چـــــێ بـــکا،
نـــــەک پووش و پـــــــەڵاش کـــــۆ بکاتـــــەوە.
خـــــــانەی پـــــــۆڵایی تیا دروســـــــــت بـکا،
نەک ســـــــــــروە بـــایەک دووری خـــــاتـــەوە.

******* ******** *********

بـــــــە بادەی عەشـــــق تینـــووی بشـــــــکێنێ،
هەر تـــــــاقـە جـــــارێ لێـــــی بخـــواتـــــەوە.
بـــــــۆ هـــــــــەمیشـــــەیی تەســـــکینی بێنـــێ،
ڕۆح دڵـــــی خـــــــۆیـــــی تیـــــا بشـواتـــــەوە.

******* ******** *********

هێـــــــلانـــەی دڵـــــت دەریشـــــی بکـــــا،

مـــــەلـــــی ڕۆح هەرگـــیز نـــاگەڕێتـــــــەوە.

جەســــــــتە جـــارێ تـــــر چـۆن ئەو دیل بکـا؟

چـــــەند ســــــــاڵە تیـــــــایـــــدا دەتلێتـــەوە!

******* ******** *********

وەڵامـــــی ئـــــــەوە تەنیـــــا لای تـــــۆیـــــە -

ســــــــۆراخی عەشـــــقم بۆ لای کێ ببـــــەم؟

گـــــــەر دڵـــــت نەبێ، دەزانـــــــم کـوێیـــــە

لە شـــــــــــــەقەی بـــــــاڵی ڕۆحی بۆ بـدەم.

٢٠١٧/١١/٢

تۆ و نیشتیمان

گەردنی تۆ پەڕەی گوڵە -

منیش تینوی ئەو شەونمەم .

گەردنی تۆ پۆرگی گوڵە -

منیش هەنگی تینوی شیلەم .

باڵابەرزی، چاوکاڵی،

گەردنکەشی، گۆنائاڵی .

هەموو جوانی لە تۆدایە،

ئەی بەنرخترین سەرمایە !

بەڵام چی بکەم نە بۆ منی،

نە وازیشم لێ دەهێنی .

ئەی شۆخەکە وەک نیشتیمانم

مەینەتی دنیام بە سەر دەهێنی.

داوا

ئەگەر هێجبی دڵم دەکەی

هانێ بیبە بۆ کوێی دەبەی

ئەگەر داوای سەر و ماڵ و بوونم دەکەی،

بیبە بڕۆ بۆ کوێی دەبەی.

ئەگەر داوای لەشم دەکەی،

ئەگەر داوای ڕۆحم دەکەی،

لە ڕێتدایە کەی هاتی کەی.

بەڵام هەرگیز !

هەرگیز نەکەی داوای خەیاڵم لێ بکەی!

نەکەی هەرگیز جاڕی مەرگی شیعرم بدەی.

شۆڕش

تەمەنی خۆم ناگۆڕمەوە

بە تەمەنی هەموو گێتی!

بە تەمەنی ئاسمانەکان

بە تەمەنی ئەستێرەکان

بە تەمەنی هەموو

بەرد و داری زەوی !

تەمەنی من وەرچەرخانە،

شۆڕشێکە لەپێناوی باشکردنی

ئەم ژیانە.

22/9/2006

کۆلارە

کۆلارەم و چارەنووسم وا لە دەستی منداڵێکی دەبەنگ دایە

چاوەڕوانی شەماڵێکە و بۆ بەدبەختی ئەویش نایە .

بشێ ڕۆژگار بماندانە دەم قەپاڵی ڕەشەبـــــــا،

هەڵمانبگرێ و لەبەر چاوان ونمان بکات تاهەتایـــــــە!

ئاوێتەبوون

وا دەزانی تۆ بەبێ من سەفەر دەکەی

خودا نەکا گەر بشمری ڕۆحم لەنێو ڕۆحتدایە.

وانەزانی؛

بێ من دەخۆی

بێ من دەنووی

بێ من دەڕۆی،

ڕۆحم لەناو

خوان و نوێن و هەگبەتدایە.

٢٠٠٦

مامۆستای شیعری من

مامۆستای شیعری من شۆخێکە

نە حەرفێ دەزانێ و نە لە هیچ تێدەگا

لە سایەی باڵاکەی ڕۆژانە

چەند حەرفی بزێو و چەند وشەی بوێر و تێگەیشتوو

لە فێرگەی هەستمدا پێدەگا

ناسنامە

گیرفانەکەی؛

بە شەرمەوە ناسنامەکەی خۆی دڕاند و

دەستەکەیشی؛

بە پۆزەوە ناسنامەیەکی ئەوانی دی

دا لە یەخەی.

30/8/2006

کوشتارگە

بەڵێ شیعرم سەربڕیوە!

گەلێ وشەم بە گوریسی سێدارەدا هەڵواسیوە .

ئەگەر بڵێم: هەتا گۆشتی چەند دەفتەری خۆم خواردووە

هەتا خوێنی چەند قەڵەمی خۆم نۆشیوە .

لە پاش هەموو ئەو شیعرانە،

لە پاش هەموو ئەو وشانە

بۆ عەشقی تۆ

بۆ وەسفی تۆ

لە سپڵەیی و پێنەزانی بە ئەو لاوە

هیچی ترم لێت نەدیوە .

28/11/2008

بێزوو

چوون ناونیشانی شیعرێکی

لە چمکێکی لاپەڕەی کتێبێکی شروڤرا

دێڕ دێڕ دەتنووسمەوە .

بۆ ماوەیەک بزر دەبی .

کەچی سەیرە دوای عەیامێک

کاتێ کە من دەتدۆزمەوە،

تۆ دەکەمە ناونیشانی دیوانەکەم

لە کاتێکدا لەو ساتەوە تۆم نووسیوە

بۆ وشەیەک بێزوو دەکەم.

کتێب

کتێبێک هات

تاوانێکی سڕییەوە .

سەد کتێبی دیکە هاتن

هەزار هەزار تاوانی نوێ

سەریان هەڵدا و نوێبوونەوە.

کێکی وڵات

پشکی شێری کێکی وڵات

بۆ هەر کێ بێ و هەر کێ بیخوات،

گرنگ نییە! هەرچییەک بێ

خۆ خاوەنی بە گژوگیا ئەلەوەڕێ.

بەڵێن

ئەگەر کورسی لە خاچ بدەن

بەڵێن دەدەم

هەموو خاچێ تێر ماچ بکەم .

****

ئەگەر ڕەسمی سەرۆکەکان ئەنفال بکەن

بەڵێن دەدەم

ئەنفالچییەکان

ناو لێ بنێم پاڵەوانانی نیشتیمان .

****

ئەگەر زمانی دوو زمان

بە شمشێرێ ببڕنەوە

ئەو شمشێرە دەپەرستم!

دەیکەم بە خاچ بۆ گەردن و

بە سیمبولی هەر دوو دەستم.

داو

تۆ شیعرێکی، بە دارستانی خەیاڵما دێیت و دەچیت

پڕ دەدەمە پێنووسەکەم نەک ڕاپسکێی -

نەک خوانەخواست داوی خەیاڵ نەتگرێت و

لە دواساتدا لە کیسم بچیت .

کۆستی گەل

21/ئابی ٢٠١١ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە بۆردومانی بناری قەندیل لە شارەدێی سەنگەسەر سۆلێنی شەش مانگ و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەیان پێکا کە بریتیبوون لە :

حوسێن مستەفا حەسەن ٥٥ ساڵ.

مێر حاجی ٤٥ ساڵ ، هاوسەری حوسێن مستەفا.

ڕێزان حوسێن مستەفا ٢٤ ساڵ.

زانا حوسێن ١١ ساڵ.

ئۆسکار عوزێر حەسەن ١٠ ساڵ نەوەی حوسێن مستەفا.

سۆنیا شەماڵ حەسەن چوار ساڵ نەوەی حوسێن مستەفا.

سۆلین شەماڵ حەسەن شەش مانگ نەوەی حوسێن مستەفا.

لە ئاستانەی گەردونێکی پڕ وشەدا

من وشەیەک نادۆزمەوە کە دەربڕی ئەم خەمەم بێ!

لە ئاسمانی پڕ لە پیتی جریوەدا

تا پیتێکیش نابینمەوە کە سەبووری

ئەم ئازارە بەسۆیەم بێ

لە زەمینی پڕ مانادا من مانایەک بە دی ناکەم

کە پاساوی ئەم غەدرە بێ

لە قووڵایی دەریایەکی پڕ گەوهەری شارستەدا

من ڕستەیەک نادۆزمەوە گوزارشتی ئەم شیعرە بێ.

قەڵەم چییە؟

لە ڕاستای سوتاندنی چەندینجارەی عەرشی خودا.

پیت و وشە چۆن بتوانن گوزارشت بکەن

لە کرداری چەپەڵترین هێزی دونیا؟

مانا دەبێ خۆی بڕوات و ئەم گەردونە بە جێ بێڵێ

کاتێ یاسا پێمان بڵێ :

کە جەلاد و قوربانی وەکو یەکن

کاتێ ڕاستی پێمان بڵێ:

کە هەردووکیان لەسەر حەقن.

قەڵەم کاتێ ئابڕوی تکا

بەسەر وشەی مافەکانی مرۆڤەوە

لە دەستوری وڵاتێکی شۆڤێنیا جاڕی خۆیدا

وشە کاتێ ڕووی هەڵماڵرا

چەند پیتێکی کۆ کردەوە و بوو بە وشەی "دیموکراسی- "

بە دروشمی وڵاتێکی وەکو تورکیای

گورگی برسی.

من دەڕۆم و ماڵئاوایی لە ئاسمان و زەمین دەکەم .

من دەڕۆم و تاق و تەنیا ڕوو لە کێوی قەندیل دەکەم.

من دەپرسم

ئا لەو پیاوەی کە سەرۆکی هەرێمێکی بێسەروەرە،

گەلی خۆی سوک سەیر دەکا،

میللەت لە لای وەک نۆکەرە.

ئەو دەزانێ یا دەپرسێ

کە ڕۆژانە چی ڕوودەدات لەم دەڤەرە؟

ئەو دەزانێ کە سەرۆکبوون مانای چییە؟

یاخود تەنیا داهۆڵێکی وەک پەیکەرە!

من دەپرسم لەو سەرۆکە

کە هەر تەنیا وا لە خەمی عەشیرەتە !

پارێزەری گەلە یا هی کورسییە یا سەروەتە؟

من دەپرسم لەو سەرۆکە

کە بە غەیری عەشیرەتی لە گشت خەڵکی بێ منەتە.

من دەپرسم لەو سەرۆکە

کە خەڵاتی ئاشتی ناتۆی لە بەرۆکە

بە بارتەقای چەندینجارەی ئەو بەردانەی منداڵانی سلێمانی

فیشەکت نا بەم شارەوە،

ئێستا بۆ بەرق باران خۆت ون مەکە

خۆت لە دوژمن مەشارەوە.

من دەپرسم لەو سەرۆکە :

(کە نازانم ئەو سەرۆکی میللەتێکە

یاخود سەرۆک عەشیرەتە؟!)

بۆ سووتانی کۆرپە هەتا پیرەمێردی ئەم وڵاتە

سەرۆک چی وت؟ سەرۆک چی کرد؟

ئایا هێندەی سووتاندنی جەمەدانی

لە دوژمنیش هەڕەشەی کرد؟!

نەخێر، دیارە کە دوژمنی ڕاستەقینەی ئەو ئێمەیە

خۆی تەواو بوو ئینجا دوژمن دێتە پێشێ

کوردڤڕکردن بە نۆرەیە.

22/8/2011

شاری بێدەنگ

ئازیزەکەم!

لە شارەکەت سەدای بەرز چرپەیەکە .

هەناسەدان

لە ڕۆژێکدا چرکەیەکە .

لە نیگاتدا، من بێدەنگیی دەیان ساڵە دەبینمەوە.

چاوەکانت ڕۆمانێکن

یادەوەری ئەو ساڵانەی بە وردی تیا دەخوێنمەوە .

من دەزانم بێدەنگی تۆ

دەرەنجامی دەستی ڕەشی جەلادێکە

دەیان ساڵە لە بینەقاقای گیر کردووی

من دەزانم تۆ دەتەوێ زۆر شت بڵێی

هاوار بکەی ئەو دەستانە لە وساتەوە چی پێ کردووی

خانمۆڵەکەم!

دڵنیابە کە ئەو ڕۆژە زۆر نزیکە بێمە فریات-

کاتێ جەلاد چنگی ڕەشی لە گەردنت دەکاتەوە

تا لە ئەوکمی گیر بکات،

سەدای دەنگی تۆ بەر دەبێ

بەو سەدایە گوێی کەڕ دەبێ!

لەگەڵ ئەودا

هەموو جیهان گوێی لێ دەبێ.

ئەوسا هەردوو

بەیەکەوە هاوار دەکەین

بە زمانی خۆی کش دەکەین .

کۆرپە و دایک

دایکێک سەرەمەرگ،

لەگەڵ ئەوەی ژان ئەیگرت

ئۆخژنی دەهات و دوابزەی ژینیشی بە کۆرپە سپارد و ئینجا مرد.

کۆرپەکەیش بێ ئەوەی تێبگا لە خەڵکی و لە ژین و لە دایک

لەگەڵیان

دەستیکرد بە گریان.

ئانووسات

فەندەمێنتاڵ و دەمارگیر

زەوییان کردووەتە نارنجۆک

لەنێو خۆیان ساتی سفریان بۆ داناوە.

نەقیزە

"من کە تا سەر ئێسقان ئاشتیخوازم، نازانم بۆ بە غەمساردییەوە تەماشای دواساتەکانی قەزافیم کرد. هەر ئەو ساتە ئەم شیعرە شەیتانئاسا فرتەی کردە دەرەوە. ئیدی لەو ساوە هەر لە پەیجۆری کوشتنیدا بووم، پێموابوو حەرامزادەیە و زادەی قەڵەمەکەی من نییە. بە داخەوە نەمتوانی بیفەوتێنم. پەکو لەو سەرۆکە نەگریسانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، نەک هەر خۆیان شەیتانیان سوار سەری هەموومان کردووە."

نەقیزەکان ئامادەکەن

بۆ پاشەڵی ئەو سەرۆکە دەبەنگانەی

گوێیەکانیان بە پیاهەڵدان ئاخنراوە،

چاوەکانیان لە ئاست ڕاستی تروسکایی تیا نەماوە .

نەقیزەکان ئامادەکەن

سەرۆکەکان لە لای ئێمە هەر بە تەنیا یەک و دوان نین .

شۆڕشەکان ناپرێنەوە یەک لە دوای یەک بێ کۆتایین.

یەکلابوونەوە

بەسەر شارێی دڵی مندا لوتبەرزانە هەنگـــاو دەنێـــی

لە تولەڕێی دڵی ئـــەودا بە ئەسپایـــــی پێت دادەنێی!

لەنێو باخی ڕۆحـــی مندا هەتا گوڵیش لەژێر پێتـــــــە،

لە بیابانی ڕۆحی ئەودا هەر سەرابێ چاوەڕێتـــــــــە .

دەروازەکەی کۆشکی عەشقم بە ڕووی تۆدا کراوەیـــە .

قاپیی حەزی: پێوەدراو، وا لـــــە بەردەم کەلاوەیـــــــە .

لە پێڵوومدایە پێخەفت، گێنگڵ بـــدە بە ئـــــــارەزووت

لە بەر چاوتێبڕینی ئەو، جەستەت بە ئەستەمێ بزووت.

کەچی دواجار دێیت و دەڵێی: "ئەوەی وتت ئـاوەژووە "

لە بەر ئەوەی ساماندارە، دڵت شوێنی ئەو کەوتـــووە.

بۆ لەمەولا ڕێوشوێنەکان بەرامبەرت دەگرمە بـــــەر:

ئیدی دەبێ ئۆغر بکەی ڕێگەی لای ئەو بگریتە بـــەر .

3/8/2017

گۆشت و ئێسقان

من لە مێژە لە بەرهەمی ئەم جەنگەڵە

هەر بێبەش و برسی دەکرێم .

عەیامێکە! لە دیوەخانی ئەم خێڵە

هەر بێبەری و نەفی دەکرێم .

وا ئێستاکە توڕەیی خوسی داوم

چنگی لە ئەوکم گیر داوە.

برسێتی بەگیری هێناوم

کەڵبەی لە ورگم توند ناوە .

لە جەنگەڵا لە کەمینم

باڵای خۆمم حەشارداوە .

هێرش دەبەم و نزیکە،

دیوەخانم لە پێش چاوە.

پڵنگئاسا هەموو گۆشتی لەشی ئاغا

پارچە پارچە دەبچڕێنم .

کەمتیارئاسا هەموو ئێسکی نۆکەرانی

دانە دانە دەکرمێنم .

5/8/2017

بەرامەی دەستت

لە داوەتی ئەو نیوەڕۆخوانەتەوە

تیکەنانێ وا لە بێخی دانمدایە

هەرچەند دەکەم دەری کێشم،

عاسی بووە و بۆم دەرنایە .

هەر بەردەوام چەشکەی دەکەم،

هەر بەرامە دەڕژێنێتە کەپوومەوە .

تیکەیەک بوو بەو دەستانە

لە دواجاردا هەڵت دابووە گەروومەوە .

تابلۆ

گرفەی پێلی عەشق لە دەریای غەما

بەرەو کەنـــاری دڵەی تۆم دەبـــــا

کەچی دڵیشـــت هێندە بەربـــــــایە،

هەر چاوەچاوی مەرگـــی من دەکـــا.

**** **** ****

وا من ڕۆ دەچم لەم دەریـــــــایەدا،

دانەی مرواریت بۆ دەردەهێنـــــــم-

لـــــــــە بادەی شیعرا دەیهۆنمەوە،

لـــــــە تـــابلۆیەکدا بۆت دەنەخشێنم.

**** **** ****

ئـــــــــەوەی دەیبینی لـــەو تابلۆیەدا

مرواری نییە، فرمێسکی چـــــــاوە .

ئـــــەوەی کێشاویە دەستی من نییـــە،

دڵـــــــەی غەمبارە عەشقی تێ زاوە.

غەمسارد

کە کەشتی ژیان لە چەق تێک شــکا

هەڵوەدای مەرگی خۆم بووم لەوێدا!

چاک چاک دەمزانی دڵەی بەردینت،

لە گیانەڵامدا بۆ ســــــــەیر ڕادەکا.

تەڕاویلکەی ئەوین

لە تاو شەپۆل بوو خۆم دا دەست ئەوین

بەرەو کەنـــــــــاری ئومێد ڕایکێشام .

تـــــەڕاویلکە بوو دەریای بیابان شین

لە ئـــــــاوی وەهمی خۆی هەڵی کێشام .

بە پێیەکانم دەنگ دەدەم

پەنجە ناکەم بە مەرەکەبا

بە پێیەکانم دەنگ دەدەم[١٨]

کە تۆ پێم ناڵێی مەرحەبا،

بەرەو ئەوێ تەکان دەدەم.

****

تۆ هاوڕێی تا سەر نەبوویت -

پارچە پارچە ئەندام ئەندام لەشمت دۆڕاند .

تۆ ئەویندارى من نەبوویت-

خوێنمت کردە پەیمانەوە تا دوادڵۆپیت هەڵقوڕاند.

****

تۆ لانەکەمت شێواند و

---

[١٨] دەنگدان بە پێ (foot voting) گوزارشتێکی لێنینە بۆ ئەوانەی کۆچ دەکەن و دەبنە پەناهەندە.

ڕێگەیشم نادەی هەڵفڕم .

بێچووی ئومێدمت مراند و

بواریش نادەی سەر هەڵگرم.

****

ئێستاش کە مایەپووچ و مەستی

هێشتا هەر وا بێدەربەستی؟ !

چاوەڕوانی چانسێکی ترت پێ بدەم،

لەسەر کورسی گیرت بکەم؟

****

وەرە و هەردوو با ڕێکەوین،

بەرەو ناو دۆزەخ تێ کەوین.

لە لانەدا بمسوتێنە، چیتر ڕووخسارت نەبینم.

بە کورسییەوە دەتسوتێنم، تا لەوە دزێوتر نەتبینم .

سەرباز و لەشکر

چون سەربازێک هەر بەتەنیا مابێتەوە

مانگی چوارده شمشێرەکەی بە چواردەورا بریسکەی دێ.

لەشکری هەوری بارشت شەقار دەکات،

تنۆک تنۆک خوێنی دەڕژێ

هێنده نابا لە تانوپۆی ئەو تەمەدا بە یەکجاری بزر دەبێ.

هەر شەڕ دەکات تا دوادڵۆپ دادەکات و

دوا گەواڵەی ئەو لەشکرە تێ دەپەڕێ.

کاتێ کە تەم ڕەوییەوە

لە مەیدانی ئەو ئاسمانە ساماڵەدا

پاڵەوانە زێڕکفتەکە

بە ڕەونەقێکی ترەوە لەگەڵ پۆلە ئەستێرەیەک دەردەکەوێ .

پەلەپیتکە

لە مێژە لێرە،

لەم جەنگەڵە وشکەهەڵاتووەی خۆرهەڵات

دڵەڕاوکێمە

کەی پەنجەی پێدا دەنێن؟

کەی دەبمە خۆڵەمێش؟

****

لەگەڵ تۆ و بێ تۆ

لە پاش تۆ: بڵێیت خەندە بێتەوە دیدەنیم

خونچەی قاقای ئەم دوو لێوەم بکاتەوە؟!

لەگەڵ تۆ: بڵێیت گریە پڕکێشی کا ؟

گوڵی ڕۆحم هەڵوەرێنی، ژانی بەسۆ هەڵداتەوە .

هەنگاو بۆ دواوە

لە سەرەتای چاخی ئازادبوون و کرانەوەی دەرگاکانی بەهەشتدا

خواوەندەکان نەفرەتیان لێ کردین

توڕیان داینە ئەم دۆزەخەوە .

تۆیش گەورەم،

بە ڕاکردنت لێی بە دەم گوناهەکانتەوە

هێندەی تر ڕەوایەتیت بەم نەفرینە دا .

خەریک بوو پاک دەبووینەوە،

نغرۆت کردینەوە لە گوناه

ئیدی سەرکز بگرە چارەی ترمان نییە

با هەموو لەم سەعیرەدا تا ئەبەد هەڵقرچێین .

****

کەی وەختی ئەم هەڵپەڕینە بوو

بنپێکانمان بزمارڕێژ بوون؟!

کەی وەختی ئەم چەپڵەیە بوو

دەستەکانمان تلۆق و دۆمەڵ بوون .

لە جێی ئەوەی ئەو خاچەی بە کۆڵمانا درابوو

بگەیەنینە شوێنی مەبەست

تا ڕووی مەسیحئاسامان دەرکەوێت،

بووینە شەیتانی نەفرینکراو .

****

لە کوێوە فرمێسکەکان بنووسمەوە

دەلێن دەلێن بە لێشاو دادەبارێن

هەر تنۆکێکیش بارتەقای هەزاران وشەن .

****

ئای چەند تامەزرۆ بووم !

گوێیەک هەبووایە قیژەم ببیستێ،

چاوێ هەبووایە لە فرمێسکەکانم بگا.

****

ئەفسووس! هەموو تارمایی بوون

ئەوانەی دەستیان دەخستە ناو دەستم.

****

لە بەر بۆگەنی تەرمی مێژووت ئەم گۆڕە لێ دەدەیت؟

یان بۆ لەدایکبوونێکی نوێ؟

یان بۆ زیندەبەچاڵکردنی دایکمان

دوای ئەوەی کردت بە سۆزانی؟

****

کۆشێ هەتیوت خستووەتە سەر شەقامەکانی شار

خەریکی دەرۆزەن لە بازاڕە ڕەشەکاندا -

بمانبینە بووینەتە مەسخەرەی دوژمن،

بە چاوی بەزەیی لێمان دەڕوانن .

****

لەسەر چیا

بیرتە وتت دەچینەوە خوار،

ڕێگەی گەنجینەیان نیشان دەدەین،

ئەوانیش کلیلەکەیمان دەدەنێ .

کەچی پاش چەندین هەوراز و نشێو

ببینە تۆ هەقدەستێکت پێ بڕا و

منیش چارەڕەشی !

****

ئەزبەنی!

بڕوانە ئاسۆت وا لێڵ کردووە

هەموو بە هیوای گەڕانەوەین .

لە بیری ئەوە داین

چۆن بگەینەوە بە سەرەتا .

****

بۆ پەڕوباڵت کردم؟

بەرگەی قەپاڵێکی ئەم گەلەگورگە ناگرم .

دووکەڵ ئاسمانی داگرتووە !

بۆ لانەکەمت سووتاند؟

بەرەو کام مەنزڵ هەڵفرم؟!

****

شنەیەک بوو ئەویشت خنکاند ...

هەوا لە کوێوە دێنیت بۆ شەکانەوەی ئاڵاکەت؟

هێشتا ئێوارەیە و سەگەلی دەوروبەر

بەم خەونە سەرابییەی تۆ

لوورەیان لێ بەرز بووەتەوە

چۆن دەهێڵن نیوەشەو

بە شەرابی ئەم سەرکەوتنە مەست بین؟!

چاومان بچێتە خەو!

چۆن دەهێڵن ڕۆژمان لێ بێتەوە .

****

لەمێژ بوو پێم دەوتی:

بەس دڵم پێلەقە بکە

لە پێناو عەشقی بێژووی جیهانی و ناوچەییدا.

****

هەر خۆت بوویت

بەرزەخی نیشتیمانت بەرەو هەڵدێری دۆزەخ برد

کە بەهەشت گەلێک لێوەی نزیکتر بوو .

****

ئەوەی ماوە مەیکە بە مشتێ خۆڵ

لێگەڕێ با داروپەردووەکەی بمێنێ.

****

زەوی دژمانە

ئاسمانیش بێدەنگە

خۆیشمان ئێسکی یەک دەشکێنین

تۆیش چارەنووسمانت دایە دەست قەدەر

قەدەریش نسکۆ و ڕابردوومان نیشان دەداتەوە.

****

هەر بۆ ئەوەی دەست نەخەیتە ناو دەستم

بۆ هەموو دوژمنێک سەرت دانەواند و کەوتیتە سەر چۆک .

****

نامەوێت دوا کەس بم نوێژ لەسەر تەرمی نیشتیمان بکەم .

نامەوێت پێم بڵێن: دەبوو تۆ ئێستا لەنێو تابووتی نیشتیماندا بیت، ترسنۆک !

دەمەوێت لە ژواندا بم لەگەڵیدا،

چێژ لە جەستەی یەکتر بکەین .

****

لەسەر داروپەردووی ئەم کەلاوەیەی خۆت وێرانت کرد

بە تەنیا ماڵ چۆن دروست دەکەیت؟

ئەوە پەپولەکان بەم شەوەزەنگە ملی ڕێیان گرتووەتە بەر

بە دوای تروسکەیەکدا وێڵن .

باڵندەکان،

ئەوەی بڕستی فڕینی هەبووبێت

چووەتە ژێر پاساریەک،

خۆی کردووە بە قوژبنێکدا.

****

ئەی شوانی من

مێژووت شاهیدە

ئەو ڕۆژەی گورگەکان دێن

تۆ لەگەڵم نابیت .

من سەر هەڵدەبڕم، خۆت و ژێرەخەرت دیار نەماون .

****

لە ئێستاوە،

بۆنی سێوێکی تر دەکەم

لە دووکەڵکێشی نیشتیمانەوە.

بۆنی غوبارێکی تر دەکەم

لە بیابانی خواروەوە .

****

سی ساڵ دەبێ گەرووم سیانیدی تێ چووە،

تۆز و غوبار گرتویەتی

بۆ قومێ ئاو

خۆی داوەتە دەست سەراب

هەر دەڕوات و هەر نایگاتێ .

تۆ چیت بۆ کردم؟

خۆ قومێ ئاویشت نەدامێ!

****

ئەی قومارچی!

من و نیشتیمان دوواپین بارمتەی سەرمێز بووین...

بە مایەی خۆتەوە هەستەوە

دەست مەخە ئاسمانەوە!

با لەم زیندانە

جارجار گوێمان لە جریوەی باڵندەکان بێ.

ئایینده مەفرۆشە

با تەنیا ئەوە بۆ نەوەکان بمێنێ.

لێگەڕێ با لە سفرەوە دەست پێ بکەنەوە .

****

لێ گەڕێ با سنوورەکان نەبنە ئەژدیها لێمان،

با نیشتیمان نەبێتە تابووتی ڕۆڵەکانی.

****

لەم نیشتیمانە هەموو منداڵگەلێک بووین،

خۆمان هەڵواسی بە ئۆتۆمبێلی سیاسییەکاندا

ئەوانیش بەرەو زبڵدانیان بردین!

ببوورە بابە شەهیدەکەم!

ئەوان بە دەمامکەوە هاتن!

بە ئۆتۆمبیلی ئازادیی بردیانین.

****

ئیدی گلەیی لە کەس ناکەم: تۆ چارەنووسمی !

کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە تێ دەگەم تۆ کارمای ڕەفتارەکانمی .

لە ترۆپکی توڕەبووندا

١- بۆ هاونیشتیمانیانم /

هاوزمانانم!

کە بەسەر خاچەوە لێتان دەڕوانم

مەسیحئاسا نزا دەکەم :

"خودایە بیانبەخشە، چونکە نازانن چی دەڵێن! بێئاگان لەوەی چی دەکەن!"

خودایە چیم لە دەست دێ، چییان بۆ بکەم؟!

****

هەموو یەهودان!

مەجدەلییەک لەنێوتاندا نابینمەوە.

مەریەمیشتان ژێرپێ ناوە!

ئیدی بۆچی پرسیار دەکەن

"کوانێ مەسیح؟ بۆچی شێوەکەی گۆڕاوە؟"

****

حاشا!

کوڕی ئەو باوکە نین-

ئێوە نەوەی دەجاڵێکن

کە چاوەڕوانی هاتنین .

****

٢- بۆ مەسیح/

جارێک کەوتیتە سەر لکی خاچ

هەموو خاچ کەوتە سەر گەردنی!

عەیامێکە هەڵواسراوم

بۆچی کەسێک خاچەکەی منی نەبینی؟

2017

کورسی

دانیشتنی سەر کورسیی خۆرهەڵات

وەک خەوتن لەگەڵ سۆزانی وایە !

یەک چارەنووسە...

چێژ و ڕسوایی و مەرگی لە دوایە .

****

کەچی پیاوانی ناوگەڵچڵێسی

ئەم بەشەی جیهان

مەستی شەهوەتن،

بەرەو ڕووی دەچن بەهەڵەداوان!

سەریان دوو پێیە و

قاچیان حوکم ئەکا و کەوتووەتە ئاسمان .

****

خودایە کەی بێ؟

ڕاستۆ ببنەوە و بکەونە سەرپێ .

گەر دوو پێیش نەبن دەبێ تێبگەن:

کورسی بیمارە، غەڵتانی خوێنە.

هێند بەستەزمانە

یان بریندارە یا عادە بووە یاخود زەیسانە

دە شەهوەت بەسە کورسی نەماوە کە لاقەی نەکەن.

هەستن جێی بێڵن، ڕاکەن چۆڵی کەن .

لە کۆنگرەیەکدا

بەر لە دەسپێکی کۆنگرە

ڕیزێک کورسی سمێڵباپڕ

بە چپەوە بە مایکەکانی سەر مێزیان وت:

باش گوێ بگرن!

ئەمانەی دێن لە پاشماوەی قەومی لوتن

هەر هەموویان پاشەڵ پیسن

کە نووساندیان پێمانەوە هەڵناسنەوە

تا ئەو ڕادە هیچ و پوچ و کەڵەپووتن .

گوزارشتەکان لە دیدی منەوە

لە یادی سەد ساڵەی شۆرشی ئۆکتۆبەردا :

ئەی بێکارانی جیهان یەکگرن

تا کارێکتان دەست بکەوێت .

*****

تارماییەک بە کوردستاندا دێت و دەڕوات

تارمایی گەندەڵییە

*****

دڵی خۆت خۆش مەکە

-لەوێ و لێرەیش-

مرۆڤەکان مەحکومن بە دیلی

*****

ئەی شۆڕشگێڕانی نوێ

ۆڵستریت داگیر بکەن، تا جیهان هەموو ئازاد بێ.

*****

یان کوردستان یان هەڵاتن .

*****

من بیر دەکەمەوە: کەواتە گیرفانم بەتاڵە .

*****

ببین، یان بیر نەکەینەوە .

*****

کەرکوک قو..ی کوردستانە-

کوردستانیشتان کردە سۆزانی.

کەرکوک دڵی کوردستانە-

کوردستان بووە قۆچی قوربانی .

*****

خەونێکم هەیە،

لە خەونی تۆ گەورەتر:

شەوێ بە ئاسوودەییەوە سەر بنێمە سەر سەرین .

*****

.

*****

خۆت مەناسە،

تا بەدەم پێکەنینەوە بمریت .

خۆت بناسە گەر دەتەوێ بە ژانەوە خۆت بکوژیت .

*****

شەهیدەکان لە هەموومان بەڕێزترن -

لەسەر پەڕە و لە پێش چاوی کامێراکان .

شەهیدەکان نە خوێندەواییان هەیە و نە پارە، نە کارەبا و نە تەلەفزیۆن-

بە ناویانەوە چی دەڵێن بیڵێن!

چی دەکەن بیکەن!

*****

"کەم بژی و کەڵ بژی".

(پەیامی تۆ بوو لە شاخدا بۆ من).

"زۆر بژی و زۆر بخۆ".

(پەیامی تۆیە لە شاردا بۆ خۆت).

شۆڕشی کۆیلەکان

ئەوەی دەیبینم

جەنگی چوارەمی کۆیلەکانە بێ "سپارتاکوس"

یان هاتنی دەجالە بێ "مەهدی".

****

برای پێشمەرگەم

گوێت لێیان نییە جەلادەکانیان پێمان دەڵێن :

"ئەی ئەوانەی نزیکە بمرن سڵاوتان لێ بێت[١٩] ".

****

لەم مەیدانی جەنگەدا

"هابیل"ئاسا دەستم ناچێتە کوشتنت .

تۆیش "قابیل"ی من مەبە.

ببە بە "عەزرائیل"ی ئەوان .

---

[١٩] لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بۆ ئەو جەنگاوەر و سەربازانە بە کار دەهات کە دەخرانە گۆڕەپانی جەنگەوە و شەڕی مان و مردنیان دەکرد.

****

تۆ بە گوڵە من دەکوژیت و

ئەوانیش بە برسێتی تۆ .

****

بیر بکەرەوە

جەنگی من لەپێناو نان و ئازادییە لەگەڵ ئەوان .

جەنگی تۆ لە بەر چییە لەگەڵ من؟

بەرگریت لە پای چی لەوان؟

****

یەکەم جار سوێندت خوارد

چەکەکەت بۆ پاراستنی خاک و من بێت

نەک فرۆشتنی ئەو و کوشتنی من .

****

چەکی تۆ و قەڵەمی من پێکەوە بن

بەسن بۆ وەدەرنانی دوژمن .

لە هەر کوێ بێ و هەر جۆرێ بن .

****

کارخانەکانی بنەماڵە

تازە دەزانین !

هەموو ئەوانن-

هەر خێزانێکن،

دەمامکەکان هەموو بەرهەمی کارخانەیەکن .

تازە دەبینین!

هەموو ڕەنگەکان پەژمورده بوون و زەرد دەچنەوە .

تازە دەبیستین!

هەموو دەنگەکان لە یەک بڵندگۆ بەردەبنەوە.

تازە بۆکروز دێتە پێش کەپوو،

دەیناسینەوە دووکەڵی چی بوو؟!

تازە لەپێش چاو ڕوون دەبێتەوە!

هەمان شانۆیە و بە جۆرێکی دی لێ دەدرێتەوە.

هەمان پەردەیە و بە دەستێکی دی دادەدرێتەوە .

تازە سەیر دەکەین کە چی قەوماوە!

شەبەنگەکانیش یەک ڕەنگیان ماوە .

تازە هەست دەکەین!

تا نیشتیمانیش ڕەنگی پەڕیوە و زەرد داگەڕاوە .

وەک گەڵای پایز لە دار بووەتەوە و وشک هەڵگەڕاوە.

تازە پەی دەبەین !

ڕەنگی سەرابیی ئاسمان و دەریا

کە لەپێش چاوان شینی تەواوە،

نزیک بیتەوە

بە تەواوەتی ڕوون دەبێتەوە

کە سەرلەبەری زەرد دەچێتەوە،

وەک خۆی نەماوە.

تازە تێدەگەین ئەوان تەنیا نین!

ئێمەیش هەموومان لەگەڵ ئەوانین.

ئەوان خاوەنی کارخانەکەن و

ئێمە کەرەستەین :

یان بۆ دەمامک یاخود پێڵاوین.

تازە دەزانین !

تازە دەبینین!

تازە دەبیستین!

تازە بۆن دەکەین!

تازە هەست دەکەین!

تازە تێدەگەین !

.....

.....

****

نەخێرهەرگیز تێنەگەیشتووم

لە پلانی چەندین ساڵە...

چۆن تێیگەم؟

بە ئاوەزێکی دەستەمۆ و

بە ویستێکی کەڕەواڵە .

نەخێر هەرگیز سڵم نەکرد

لە ژەهراوی بنەماڵە .

بیرم نەبوو!

ئەوەی کە وا لە مشک بێت

ئیشی دڕینی جەواڵە !

نەخێر هەرگیز نەمزانیوە !

خۆفرۆشی ڕۆحی منیشی تەنیوە .

بیرم نایەت تا چەند جاران

بە ئاوازی خیانەتکار هەڵپەڕیوە .

نەخێر هەرگیز نەمبیستووە!

گەر حەقیقەت بانگی دابێت بە گوێیشمدا

دەرم ناوە نەمویستووە.

لە ئاستیدا بە هەردوو دەست گوێیەکانم داخستووە.

نەخێر هەرگیز پەی پێ نابەم، نەمبردووە!

بە زۆر نییە،

ئەم کەللەیە

لە هۆش و ویژدان خاڵییە–

ناوبۆش و جێپارەیە

هەر بە وێنەی دەغیلەیە.

وا هەست دەکەم کلۆمێکە و ناکرێتەوە

هەر شایستەی یەک گوللەیە .

****

ئەوەتانێ بەو چەکوشە

کە هێمایەکی شۆڕشە

پەیکەرێکی تر چێ دەکەم

وا خەریکم پەرستگایەک سەرپێ دەخەم .

بە داسەکەیش

بە سیمای وەک ڕموزنم

هەڵمەت دەبەم، بەرهەمی شۆڕش دەڕنم .

ئەوەتانێ هەر خەریکم

گۆشەنشین و تەریکم

لە شێخەکەم تەوەلا بووم

لەگەڵ دێوانەی[٢٠] شەریکم .

ئەوەتانێ لە نێو شاریش

لە قوربانیدا پێشەنگم

هەنگەشەلە هەنگاو دەنێم

کەڕ و کوێرم و پێلەنگم

هەر ڕۆژە و وام لە سەنگەرێ

هەردەم لە پێشەوەی جەنگم!

هەر جارە و بە دەمامکێ،

هەر گاڤە و جۆرێ لە ڕەنگم .

ئەوەتانێ هەر چاوەڕێم

بۆ هەواڵێ گوێلەمستم

بۆ تیکەیەک لە دەمی نێم

بۆ عانەیەک هەڵی دەیتە لەپی دەستم.

---

[٢٠] شێت یاخود دەروێشێکی زۆر دڵسۆز (مخلص) بۆ شێخەکەی کە دەبێتە دەروێشی دەروێشەکەیشی !

****

****

تازە لەپاش چی؟

کە تاریک داهات

کە تروسکەیەک نەما لە چاوم

کە ئەستێرەکەم نەما لە ئاسمان

کە بستە خاکێ نەما بۆ گۆڕم

ئیدی پێم ناڵێن

کامە پاشەڕۆژ؟ کام ژیانی خۆش؟

کامە سیستەمی حوکم بگۆڕم؟!

ئیدی پێم ناڵێن

کێ هەڵی بەستێ گۆڕی گومناوم؟

کێ میراتگر بێ بۆ گێڕانەوەی مافی خوراوم؟

تازە لە پاش چی؟

لەوەتی من هەم ڕووگە دەگۆڕم !

لەوەتی من هەم خواوەندێک دەڕوا

خواوەندێکی تر لە جێی دادەنێم

عەرشی دەشۆرم.

لەوەتی من هەم لە سایەی تۆدا

هەر کاسەلێسم، هەر چڵکاوخۆرم .

لەوەتی تۆ هەی هەر حازرخۆر بووی لە بەر سێبەردا

لەوەتی من هەم ڕەتاوی کارم وام لە بەر خۆرم .

****

****

ئەی یادەوەری بمگەڕێنەوە

بۆ نێو قەپاڵی ماری سەرشانی زوحاکی دوێنێ

بۆ نێو ئامێزی فیرعەونی ئەوسا

لێم گەڕێن دەبا هەر کەللەم بخوا و هەر سەرم ببڕێ،

مێشکم بپژێنێ و ورگم هەڵدڕێ.

لێم گەڕێن تەنیا نەفرەت کەم لەوەی :

کاوەی نەناسی و چەکوشەکەی هەڵگرت،

موسای نەناسی و عەساکەی هەڵدا .

نەفرەت کەم لەوەی کە زووحاکی کوشت

مارەکانی برد، بەخێوی کردن، زاو و زێیان کرد.

نەفرت کەم لەوەی فیرعەونی ڕاونا،

کورسییەکەی لێ سەند

لە سایەی ئەودا

وا بێچووە مار و بەچکە فیرعەونیش وڵاتیان داگرت.

****

****

****

کە ئێوە مار بن

با هەر ڕەنگێ بن

نابنە دۆستم، دەبنەدوژمن .

کە ئێوە مار بن،

بەتەما مەبن پەنجەم بخەمە نێو دەمتانەوە

تا تێر بیگەستن.

ئەگەر ئێستا

(ئەو دەمەی پەیامەکان وەک خۆیان ناگەن)

گەر ئیبراهیم زیندوو بووایە

کەعبەی پڕ دەکردەوە لە بتەکان،

کڕنووشی بۆ گەورەکەشیان دەبرد.

****

ئەگەر موسا زیندوو بووایە

گاڵۆکەکەی بە یەکجاری فڕێ دەدا.

لە پێش جەستەی

نزای بۆ ڕۆحی فیرعەون دەکرد .

****

ئەگەر مەسیح زیندوو بووایە

یەهودای دەکردە باوکی خۆی،

مەجدەلیشی مارە دەکرد.

****

گەر موحەمەد زیندوو بووایە

پشتی دەکردە کەعبە -

ئاشتەوایی لەنێوانی

ئەوس و خەزرەجەکانی ئەم سەردەمە بەرپا دەکرد.

****

ئەگەر مارکس زیندوو بووایە

چەکی وشەی دەکردە شان دژ بە هەموو کۆمۆنیستان،

شۆڕشێکی سەرانسەری بەرپا دەکرد.

****

گەر گێڤارا زیندوو بووایە

دەبووە پاسەوانی پەیکەرێکی باتیستا .

شۆڕشەکەی کاسترۆیشی لە بار دەبرد.

****

ئەگەر ئێستا....

ئەگەر ئێستا....

ئەگەر ئێستا....

****

ئەگەر ئێستا

زیندوو بوونایە شەهیدانی وڵاتی من

لە جێی کفن

دزداشەیان دەکردە بەر،

لە جێی مشکی و جامانەشیان عەگاڵێکیان لەسەر دەکرد.

تشرینی دووەمی ٢٠١٧

باربوو

لە ئێستاوە هەناسەکان کۆ دەکەمەوە

دەزانم ڕۆژێ دێ هەناسەیش نامێنێ .

نەمری

شیعر نەبێ، بەستەڵەکی ئەم تەمـــــەنەم !

ئاگردانی ئەم ناخەی خۆم بە چی تاودەم؟

بە گـــــڕی ئەو تەمەنی خۆ دەتوێنمەوە،

لە ســـــــایەی ئەو بۆ ئەبەدی دەمێنمەوە.

مامەڵە

نرخی ئەم عەشقە هەرچەند بێ

تۆ بە ماچێ بێعی بدە

قاسەی دڵم پڕ دراوە

دڵنیام کەوە،

مۆڵەتی ڕۆژێکم بدە.

قەزا

کاتێ کڕنووش بۆ هەتاوی ڕووی دەبــەم

تا بەرەو ڕووی نوێژی سوبحەینێ بکەم .

وەردەچەرخێت و دەیکاتە شـــــەوی تار

پێنج فەرزەکە چوار قەزایە بۆ ڕووی یار.

قاچاخچی

قاچاخچی عەشق بەڵێنی داوە

بمگەیەنێتە نێو دڵت؛

زەمانیشی لەگەڵدایە.

گەر بە نیازی دیپۆرتمی

بهێڵە با خۆم فڕێدەم،

دەریای مەرگ لە ڕێمدایە.

بومەلەرزە

بومەلەرزەی ئەوینت بوو

کۆشکی ئەم دڵەی هەژاندم .

لەو ساتەوە لەرزەلەرزمە

هاکا سەرتاپای ڕووخاندم.

جینۆساید

لە فەرهەنگی ژیاندۆستیی شاعیرێکی وەکو منا

جینۆساید لە دامێنی قێزەونترین وشەکانە

خوا دەزانێ هەرگیز چاوم پیای هەڵنایە!

بەڵام دەمکرد بە ترۆپکی جوانترینی وشەکانم

گەر بە مانای کۆمەڵکوژی سیاسییەکانی ئێرە بووایە .

■ ■ ■ ■ بۆنشێوەیەرمولوتکە

خەونێک بە کاوەوە

"هۆ کاوەکان !

نەکەن هەرگیز متمانە کەن،

بەرەو وەرزی زستان دەچین

زوحاکەکان

ماری سەرشانیان سڕ دەکەن.

لێ دەگەڕێن ئەم مێگەلە گۆشتشیرینە،

زیاد بکەن و چاک ببنەوە لەو برینە .

لێ دەگەڕێن کە ڕانەمەڕ

جارێکی تر پڕ بێتەوە لە نێرینە .

کورد وتەنی، سوودی بەرخەنێرینەکەیش: سەربڕینە .

****

هۆ کاوەکان!

پۆتکەکانتان[٢١] هەڵگرن بەرەو پەیکار[٢٢]

بەو دەستانە

هەردوو سەریان پان کەنەوە

هەتا سڕن .

لێ نەگەڕێن ئا بەو جۆرە بمێننەوە،

خۆبگەیەننە وەرزی بەهار .

زووکەن، زووکەن

دەرفەتەکان تێ دەپەڕن.

****

هۆ کاوەکان لە کوێندەرن؟

لە کەنگێوە لەم دەقەرە وا بزرن؟!

دە دەرکەون، هەوڵێ بدەن،

زوحاکەکان مێشک نەما

کە دەرخواردی ماری نەدەن .

---

[٢١] چەکوشی ئاسن، پیك.

[٢٢] جەنگ.

****

هۆ کاوەکان

هۆ کاوەکان

هۆ کاوە"...

****

ڕاچەڵەکیم -

هاوارەکان وڕێنە بوون،

گشت کاوەکان تارمایی بوون.

لە پێش چاوم

یەکە یەکە هەموو ون بوون .

کاتێ بینیم،

مابوومەوە هەر تەنیا خۆم!

ئینجا زانیم!

لە دەسپێکی وەنەوزەوە

زوحاکەکان هاتبوون بۆم.

دوو وێنە

١ـ سیاسەت

ئەوە بۆگەنی کامیانە؟

کەلاکی تۆپیوی سیاسەت

یان ئەو مەگەزانەی تێی ئاڵاون؟

****

بیانبینن!

مەستی شەرابی خوێنن

قەپاڵ دەگرن، بە دەوریدا

سەما دەکەن ئاواز دەچڕن

مەرگیش لە پەیجۆریاندایە

یەکێکیشیان لێ دەرناکا

-کەچی ئەوان هەر کۆڵ نادەن-

کەلاکیش هەر دوایی نایە .

****

٢- نیشتیمان

چوون کیژێکی سەربڕاویت

وای بە دەستی جەلادێکەوە

تەنیا ناونیشانت ماوە.

لای دۆستانت ناوچاوانت ماچ دەکات و

لای دوژمنیش کەزی گرتوویت،

سەرت لە زەوی دەخشێنێت و

جەستەیشتی دەرخواردی سەگەلی دەر و گورگەکانی ناخی داوە.

****

ئای وڵاتی من!

تۆ چۆن بوویتە ناونیشانی شیعرێکی ون.

من ناچارم بۆ تانوپۆی تۆ بگەڕێم،

لە ئەدگاری خوێناویی ژن.

ئازاری ٢٠١٨

بۆ گەورەم

هۆ گەورەکەم!

هۆ سەروەرم!

هۆ خاوەنم!

گەر بە ڕوویشتا بڕشێمەوە

ئەوە تۆ نیت کە مەغدوری ئەوە منم.

هۆ جەلادم!

هۆ ژێرخەرم!

سەرشۆڕکەرم!

ئەگەر زمانم زبریش بێ

خۆ پەتەکەت هێشتاکە وا لە گەردنم .

چیت بۆ هێشتووم؟

لە دوو وشەی زبر زیاتر،

لە تفێک هەڵی دەم بۆ ناوچاوانت

لە هەڵڕشتنی دەردەدڵ،

لە جنێو و بەردبارانت .

چیت بۆ هێشتوم؟

نیشتیمانێک سەنەدەکەی،

وا لە جانتاکەی سەر شانت .

سامانەکەی،

وا لەنێو تەنکەی گیرفانت.

چیت بۆ هێشتووم؟

گەر کەلەپچەی دەستەکانیشم بشکێنم،

تۆ هەر بە خۆم دەیکڕییەوە .

ئەگەر پێیشم هەڵنەسووڕا

لە جێگەیدا دەستەکانم دەبڕییەوە .

چیت بۆ هێشتووم؟

دە لاکەوە ڕێم لێ مەگرە

ئەم ڕقەی من گەلێک سەختە،

فریاکەوە سەر هەڵگرە

گەر تروسکەی حەیا و شەرم لە چاوەکانتا بمایە !

ئەگەر ئاپروو بە میوانیش بە بەر قاپی ماڵەکەتدا بهاتایە!

وشەکانم، هەر پیتێکیان گوڵەیەکن بۆ تەوێڵ و ناوچاوانت

هەر پاروویەک کە تۆ دەیخۆیت بە دەردت بێ و بێ بە ژانت .

مرۆڤگەلێکی پوچین!

کەی مۆتەکەی مێژوو بەرمان دەدات؟

****

ئەمەیە بەرزە مرۆڤ؟!

هەناسەکانی ئێمەیش هەڵدەمژێت و دوکەڵمان بەسەردا دەداتەوە!

خوێنمان دەکاتە کاسەوە بۆ ساتێ زیاتر لە مەستبوون!

لێم گەڕێن با بگەڕێمەوە-

دەمەوێ ببمەوە بە مەیمون.[٢٣]

****

چاوەڕوانی هاتنەوەیەکی دیکەین

ئەم جارە وەحی بۆ تاک بە تاکمان بنێری.

---

[٢٣] گرنگ نییە مەیمون بووبین یان هەر شێوەیەکی سەرەتایی مرۆڤ، گرنگ ئەوەیە ئەو شێوە سەرەتاییە گەلێك بێوەیتر بووە لەو وەحشەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن مرۆڤی مۆدێرن.

لە سایەتان...

لە دەسپێکی ڕاپەڕینی بێ کاوەوە،

ئاشقەوماشقەیەکی سەوز و زەرد

دەوری باڵای نیشتیمانی منیان داوە.

هەر دوو بە جووت بەسەر سکیدا ڕاخوشین.

لەو ساتەوە بست بە بستی ئەم خاکەی من بووەتە برین .

****

ئەگەر کۆیلەم،

دەوالەکەی لای پەنجەرەی تریفەی مانگ، کوانێ ڕاتوم؟

گەر چوارپێیشم،

کەنگێ خودا ڕابەرداره؟ بە بێ ئاخوڕ کۆزت کردووم!

****

گەر تێبگەی!

فرمێسکی پیاو بۆنی چ دوکەڵ و چ خوێنێکی جەنگی لێ دێ

بێدەنگی تفەنگیش پلانێکی ئەو جەنگەیە، بە مەرگی خۆت کۆتایی دێ .

کۆتایی وڵاتێک کە پێیان دەوت [نیشتیمان]

دیجلە هەرگیز وشک نابێ!

لە خوێنبەرەکانی ئێمەوە هەڵدەقوڵێ .

****

شاخە ئاڵتونییەکە لە مێژە دەرکەوتووە!

شاخێکیش لە جەستەی ئێمە

لە تەنیشتیدا چێ بووە .

****

لە دەجالستان

مەهدی چی بکات؟!

کە عیسا لە مەیدانی جەنگدا

هەر بە یەکەم دەجال دۆڕا!

****

خوێنی حسێنە لە ڕیشی مەهدییش دەچۆڕێ

دەبا ئیتر ببڕێتەوە ...

لەوەتی هاتووین حەق ئەدۆڕێ.

****

یەئجوج و مەئجوج دایان بەسەرماندا

چۆڕیان بڕی لە ئاو، لە خاک، لە دەشتودەر-

ئەمجارەیان بە ڕێبەرایەتی ئەسکەندەر!

****

ڕۆحەکانمان ناچنە ئاسمان

لە بەرزییەوە تەماشا دەکەن

کە تەمومژ ڕەوییەوە،

نوێژ لەسەر تەرمی [نیشتیمان] دەکەن .

کە نەفخی سووریش لێ درا

دارتەرمەکەی بەرەو مەیدانی حەشر دەبەن .

لە تەنیاییدا یەک دەگرینەوە

چاوم لێیە ئەو ئەستێرە قشتۆکەیە

لەو ئاسمانە لە سوچێکا هەڵکورماوە

بێکەس تەنیا لە تەواوی ئەستێرەکان بەجێماوە

ئاخۆ کەی بێ دابکشێ

ڕۆحی منیش بەرەو لای ئەو هەڵبکشێ .

پەرستگای نوێ

دەرگای گشت تابۆکانم شکان،

دەلاقەی گشت گوناهەکانم کردەوە

پیرۆزییەکانم یەک یەک هەڵتەکان

حەرامەکانم تاقیکردنەوە .

سەرەنجام لە خانەی تاواندا

دەرگای چەندین تابۆی دیکە کڵۆم کران

دەلاقەی چەند گوناهی دی

بە ڕووی مندا پێوە دران .

حەرامەکان بوونە خواوەند

یەکە یەکە دەمپەرستن

پەرستگایەکی دیکەم سازاند .

10/10/2010

لە حوزوری سێبەرێکتا

لە پەیجۆری نیگایەکتا

ئیدیای شیعر خۆی مەڵاسدا

هەر تەنیا سێبەری تۆی بینی،

شاکارێکی لێوە نەخشان

خودایی بوو نەک زەمینی.

ئاخۆ دەبێ چی بنەخشێ

خۆری ڕووخسارت ببینێ؟!

4/6/2011

تاتۆ

کە سەیری پەنجەم کردی

دڵخۆش بووم کە ئەڵقەم نەبینی .

کە قۆڵ و مەچەکت هەڵبری،

بازنگم نەبینی

بەڵام ئاخ دەبینم!

وا تاتۆی پیتێکی نەناست داناوە لە شوێنی!

23/1/2012

بەسەرهاتی داربەڕوویەک

ئەو داربەڕووەی وا لە سەقفی خانووەکەمان

یادەوەری چەندین ئەوەی هەڵگرتووە:

لە بیری دێ کە باپیرەم لە دایک بوو

لە بیری دێ دایان بە گژ ئەم و ئەودا

بە دیلیان گرت سەرنگوم بوو .

ئەو داربەڕووە یادەوەری چەندین ئەوەی هەڵگرتووە:

لە بیری دێ باوکم هێشتا منداڵێ بوو لافی یاخیبوونی لێدا

دەستیان شکاند، قاچیان پەڕاند

کردیانە دیلی دەستی دیل

لەو ساتەوە گۆڕی گوم بوو .

ئەو داربەڕووە کاتێ بیستی ئەوەی نوێ هات

لە خۆشیدا هەر لە جێی خۆی گیانی دەرچوو .

2009

چۆلەکەکوژ

منداڵێ بە دەستی چۆلەکەی دەکوشت و

بە چاویش فرمێسکی بۆ دەڕشت.

دەیخوارد و بە دڵیش خەفەتی بۆ دەخوارد .

بەڵام ئەو چارێکی دی نەبوو –

هەر دەبوو ئازادی ئا لەوە زەوت بکا و

ڕۆحەکەی دەربێنێ و تاوەکو خۆی بژی

بۆ ساتێ سکی خۆی تێر بکا .

2009

گوڵپەرست

ئەی گوڵپەرست!

کاتێ هاتمە سەر گۆڕت

چەپکێ گوڵم لەسەر دانای

من بۆ مەرگت ساتێ وەستام

تۆیش تێر گریای

کە نەتتوانی ئەم جارەیان

تۆ بۆ مەرگی ئەو گوڵانە ڕابوەستی وەکو جاران .

16/3/2012

یەقین

لە یەقیندا لە وەختی حاڵێهاتندا بوو

شاکارێکی شیعریم بۆ هات.

کە وەختێ بێدار بوومەوە

هێندە بە ناخیدا ڕۆ چووم

جوانی یەقین کاڵ بووەوە .

11/5/2012

ساڵی ١٩٨٣ لە سلێمانی لە دایک بووە.
هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کۆمەڵناسیدا.
لە بوارەکانی شیعر و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕاندا چەندین بەرهەمی بلاوکراوەی هەیە. لەوانە:
وەرگێڕان:

١- گاندی و وتارەکانی، ئامادەکردن و ەرگێڕان، ٢٠٠١ چاپ نەکراوە.
٢- گالیلیۆ گالیلی. چاپی یەکەم ٢٠٠٨، چاپی دووەم ٢٠١٧
٣- ماندێلا و کۆتاییهێنان بە ئاپارتاید لە ئەفەریقای باشوور، ساموێل ویلارد. ٢٠٠٥ لە ساڵی ٢٠١٥ بلاو کراوەتەوە.
٤- چۆمسکی و جیهانگیری، جێرمی فۆکس، ٢٠٠٧، ساڵی ٢٠١٧ بلاو کراوەتەوە.
٥- فێمێنیزم و سیاسەت، جۆیس گێلب، ٢٠١٢ ساڵی ٢٠١٤ بلاو کراوەتەوە
٦- هونەری بەختەوەری، دەلای لاما ٢٠١٣ ساڵی ٢٠١٤ بلاو کراوەتەوە
٧- کۆمەڵناسی ململانێ، وەرگێڕان بە هاوبەشی لەگەڵ بەهمەن ئەحمەد، ڕاندال کۆڵینز ٢٠١٤ بلاو کراوەتەوە.
٨- ئومێد بە زیندوویی بهێڵەوە، حەوا عەبدی، وەرگێڕان بە هاوبەشی لەگەڵ هێمن تاهیر ٢٠١٤، ساڵی ٢٠١٦ بلاو کراوەتەوە.
٩- دڵی تاریکی، جۆزیف کۆنراد، ٢٠١٤ ساڵی ٢٠١٥ بلاو کراوەتەوە.
١٠- شتەکان لێک دەترازێن، چینوا ئەچێبێ ٢٠١٥ بلاو کراوەتەوە.
١١- هێشتا ئاسوودە نییە، چینوا ئەچێبێ. ٢٠١٧ چاپ نەکراوە.
١٢- خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کورتە مێژووی دوو هەزار ساڵی ڕابردوو، بێرنارد لویس. ٢٠١٥ ساڵی ٢٠١٦ بلاو کراوەتەوە.
١٣- هەڵەکە لە کوێدایە، بێرنارد لویس ٢٠١٧ ساڵی ٢٠١٨ بلاو کراوەتەوە.

١٤- دەزانم باڵندەی ناو قەفەزەکە بۆچی گۆرانی دەچڕێت، مایا ئەنجیلۆ ٢٠١٧ بڵاو کراوەتەوە.

١٥- ڕێگەی بەختەوەری، هوبارد. لە ژێر چاپدایە.

١٦- بەختەوەری، دەلای لاما. چاپ نەکراوە.

شیعر:

١- بۆ نشێو بەرەو لوتکە، ٢٠١٧ بڵاو کراوەتەوە.

٢- *من و تۆ* قەسیدەیەکی درێژە هێشتا تەواو نەکراوە.

لێکۆڵینەوە:

١- لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ڕۆمانی دڵی تاریکی. بڵاو نەکراوەتەوە

٢- کوبریک: سینەما و مێتافۆر. بڵاو نەکراوەتەوە.